# پاکژی

# (الطہارۃ)

# پێشكەشە

بەهەموو ئەو فێرخوازە بەڕێزانەى

كە شەيداى فێربوون و زانينى

زانستى شەرعين.

## بِسْمِ اللهِ الرحْمَنِ الرحِيمِ

ان الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِل لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وأشهَدُ أن محمدا عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيها الذينَ آمَنوا اتقُوا اللهَ حَق تُقاتِهِ ولا تَمُوتُن إلا وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أيها الناسُ اتقُوا رَبكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَث مِنهُما رِجَالا كَثيرًا ونِساء واتقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إن اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيبًا

يا أيها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولا سَديدًا، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزًا عَظيما

أما بعدُ: فإن أَصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَر الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُل مُحْدَثَةٍ بِدْعَة وكُل بِدْعَةٍ ضَلالَة، وكُل ضَلالةٍ في النارِ.

## پاكژی (الطهارة)

### ڕێڕەوی باس

پاكژی: الطهارة: له ڕووی زمانەوانییەوە: پاك و خاوێنی و دووریه له پیسی ماددی وەكو میزو شتی وا یان پیسی مەعنەوی وەكو هەبوونی كەم و كورتی و نوقسانی له شتێكدا، هەروەها به مانای گوناح و سەرپێچی فەرمان..مەبەست لەپاكی و دووری نیه له چڵك و چەپەڵی، وەكوزاراوه كوردیەكەی دەیگەیەنێت.

له ڕووی شەرعییەوە: شەرعناسان پێی دەفەرموون (رَفْعُ الْحَدَث) واته: نەمانی بەربەستی نوێژ، له لەشگرانی و نەبوونی دەسنوێژ، جا به ئاو بێته دی یان به تەیەمووم، هەروەها نەهێشتنی پیسایی و ئەوی له حوكمیدایه به لەش و جێگاوه.

پاكردنەوه (التطهیر): بریتییه له ئامادەكردنی بەرگ و شوێنی نوێژ.

هەر كەس بەم جۆره پاكژ نەبوو بۆی نییه دەستنوێژو ئەوی له حوكمی ئەودان ئەنجام بدات، لابردنی حوكمی پیسی ماددی به لادان و نەهێشتنی خودی پیساییەكه دێته دی، پیسی مەعنەویش به لابردنی حوكمەكەی دەبێت.

حوكمی پاكژیی: پاكردنەوه له پیسی و پیسایی، لەگەڵ هەبوونی تواناداا فەرزە، چونكه خوای گەوره دەفەرموێ: (وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) المدثر/٤ واته: پۆشاكەكانت پاكژ كەرەوه. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لا تُقْبَلُ الصَّلاةُ بِغَيْرِ طُهُورٍ) موسلیم واته: نوێژی بێ دەست نوێژ قبووڵ نابێت.

گرنگی پاكژیی: پاكژی مەرجی دروستی نوێژه چونكه پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا تُقْبَلُ صَلاةُ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ) متفق علیه واته: نوێژی ئەو كەسه دروست نابێت كه بێ دەسنوێژ بووه تا دەسنوێژ نەگرێتەوه.. نوێژكردن به دەسنوێژەوه خوا به مەزن زانینه، خۆ پاك نەكردنەوه له نەجاسەت و كەمتەرخەمی

له پاكژیی هۆكاری ئەشكەنجەو ژانی گۆڕە.. ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ به لای دوو گۆڕدا تێپەڕی فەرمووی: (إِنَّهُمَا يُعَذَّبَانِ، ومَا يُعَذِّبَانِ فِي كَبِيرٍ، أَمَّا هذا فَكَانَ لا يَسْتَنْزِهُ مِنْ بَولِهِ..) بوخاری و موسلیم واته: ئەوانە ئێستا ئەشكەنجە دەدرێن، بە دیدی پێشووی خۆیان لەسەر شتێكی زۆرگەورەش نییە كە ئەشكەنجە دەدرێن! ئەمەیان كاتی میزكردنی خۆی پاك نەدەكردەوە.

<u>پلەكانی پاكژی:</u> پاكژی یەكەمین دەروازەی چوونە ناو پەرستنەكانە.یەكەم روكنی پەرستنەكان كە فەرز بوو، نوێژەكان بوون ئینجا زەكات، ئینجا رۆژوو، ئینجا حەج.. دەسنوێژیش پێشەكی نوێژەكەیە هەموو كتێبە فیقهیەكان بە باسی پاكژی دەست پێ دەكەن، فەرموودەیش دەفەرموێ: (مِفْتَاحُ الصَّلاَةِ الطُّهُوْرُ) ترمذي، ئەبوداوود، ئیبنو ماجة واتە: كلیلی نوێژ پاكژییە چونكە دەسنوێژ مەرجی نوێژە بۆیە دەبێت حەتمەن پێشی كەوێت، چونكە مەرج پێش مەرج كراوە. ئێمەش وەكو ئەو ریزبەندییەی زۆرینەی شەرعناسان بۆ باسە فیقهیەكان كردوویانە، باس بە باس بێیینە سەربابەتەكانی پاكژیی كە بە جۆرەكانی ئاو دەست پێ دەكات.

## باسی یەكەم
## جۆرەكانی ئاوو ئەحكامیان

ئەوی پیسی پێ پاك دەكرێتەوە ئاوی ئاساییە، كە سەرچاوەكەی باران و كانی و ڕوبارو دەریاو زەریاكانە چونكە لە هەموو شلەمەنییەكی تر زیاتر توانای پاك كردنەوەی هەیەو زۆرترو ئاسان دەست دەكەوێت..

جۆری یەكەم: ئاوی رووت: واتە ئەو ئاوەی كە هەم خۆی لە خۆیدا پاكەو هەم پاك و پاكەرەوەشە، وەكو ئاوی باران و دەریاو ڕوبارو بیرو كانی، سوێر بێت یان شیرین، سارد بێت یان گەرم..بە مەرجێك هیچی تری تێكەڵ نەبووبێت..چونكە بە چا یان بە گوڵاو ناوترێت ئاوی رووت.

جۆرەكانی: ئاوی باران و بەفرو تەرزە. ئاوی دەریا. ئاوی زەمزەم. ئاوی گۆڕاو: چ بە هۆی زۆرمانەوەوە گۆڕا بێت، چ بە هۆی جێگەو ڕێگەیەوە بێت، وە چ بە هۆی ئەوە بێت كە شتی پاكی تێكەوتبێت و لێی جیا نەكرێتەوە. وەكو قەوزەو گەڵاو گیاو..هتد.چونكە ئەمانە سیفەتی ئاوی رووت لە ئاوەكە دانابڕن، ئەمەش كۆڕا (ئیجماع)ی شەرعناسانی لەسەرە.

جۆری دووەم: ئەو ئاوەی شتی پاكی تێكەوتووە: ئەوی شتی پاكی وەكو خۆڵ و گڵ و سابوون و عەترو ئارد تێكەوتووە، كە لە ئاوەكە جیا ناكرێتەوە.حوكمی ئەمیش پاك و پاكەرەوەیە، چونكە سیفەتی ئاوی رووتی پێوە ماوە. ئوم عەتییە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: كاتێك زەینەبی كچی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كۆچی دوایی كرد، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێنا بۆ لامان و فەرمویی: سێ جاریان پێنج جاریا زیاتر بە سیدرو ئاو بیشۆن، كۆتا جاریش كافور یان شتێكی تری وەكو كافوری تێكەن، كە لە شتنیشی تەواو بوون بانگم كەن. ئێمەش دوایی بانگمان كرد كە هات عەباكەی خۆی داینێ و فەرموی تێوەی پێچن). ئەگەر سیفەتی ئاوی رووتی پێوە

نەما، پاكە بەڵام وەكو شەرعناسان فەرموويانە پاكەرەوە نامێنێت ئوم هانى دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اغْتَسَلَ هُوَ وَمَيْمُونَةُ مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ فِي قَصْعَةٍ فِيهَا أَثَرُ الْعَجِينِ)احمدو نەسائى و ئەلبانى واتە: پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و مەيمونە خانى خێزانى لە تەشتێكدا پێكەوە خۆيان شت كە هەويرى كۆنى پێوە بوو.

لە هەر دوو فەرموودەكەى سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە ئاو هەر چەند شتى پاكى تێ بكەوێت، مادام سيفەتى ئاوى رووتى پێوە بمێنێت هەر بە پاك و پاكەرەوە دەمێنێتەوە.

جۆرى سێيەم: ئەو ئاوەى شتى پيسى تێ كەوتووە: ئەمەش دوو حاڵەتە:

يەكەم: ئەو ئاوەى كە پيسييەكە، تام يان بۆن يان رەنگى گۆڕيووە: ئيبنول مونذير كۆڕاى شەرعناسانى لەم بارەوە هێناوەتەوە كە ئەو ئاوە زۆر بێت يان كەم بۆ پاكردنەوە ناشێت و پيسە.

دووەم: ئەو ئاوەى كە هيچ سيفەتێكى نەگۆڕاوەو بە سيفەتى ئاوێتى هەر ماوە: ئەو رێسايەى ئەم جۆرە ئاوانە ديارى دەكات گۆڕان و نەگۆڕانى تام و بۆن و رەنگى ئاوەكەيە، هەر كامێك لەمانە گۆڕا ئاوەكە پاكژ نامێنێت جا ئيتر ئەو ئاوە كەم بێت يان زۆر، ئيبنول مونذيرو ئيمامى نەوەوى كۆڕاى شەرعناسانيان لەسەر ئەمە نەقڵ كردووە. ئەمە راى ئيمامى ماليك و زاهيريەكان و ئيبنو تەيمييەو ئيبنوالقەييم و محمد بن عبدالوهاب و شەرعناسانى نەجديشە..

كەوابوو هەر ئاوێك پيسى تێكەوت و رەنگ يان تام يان بۆنى گۆڕى پيسە، بەڵام ئەگەر ئەمانەى لێ لادرا دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵە پاكەكەى.

جۆرى چوارەم: ئاوى تكاو لە دەسنوێژ و غوسڵ:

ئاوى تكاو له دەسنوێژ: ئەو ئاوەیە كە لە ئەندامانى دەسنوێژى موسوڵمان كەوتۆتە خوارەوە.ئیبنولمونذیر كۆڕا (ئیجماع)ى شەرعناسانى نەقڵ كردووە كە فەرموویانە: ئەو ئاوەى لە دەسنوێژو غوسڵى موسوڵمان دەتكێتەوە سەر پۆشاكەكەى پاكە. پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (الْمَاءُ طَهورٌ لَا يُنَجِّسُهُ شَئٌ) حەسەنە، ترمذي و نەسائى واتە: ئاو پاكەو هیچ شتێك پیسى ناكات.. مەگەرتام یان بۆن یان رەنگى گۆڕا بێت، یان پێناسەى ئاوى رەها (موتڵەق)ى بەسەردا نەچەسپێتەوە.

- ئاوى تكاوە لە غوسڵ: ئەو ئاوەیە كە لە غوسڵەوانێك تكاوەتەوە، شەرعناسان ڕاجوێن لە پاكێتیى و بەكارهێنانەوەى ئەم ئاوە.. بۆیە لە لایەنى ئیحتیاتەوە باشتروایە ئاوى بەكارنەهێنراو بۆ دەسنوێژو غوسڵ بەكار بهێنرێت، ئەگینا بەڵگەیەكى بەهێز لەسەرئەوە نیە كە ئاوى تكاوە لە دەسنوێژو غوسڵ پیس بووبێت.. والله اعلم.

## بەرماوە (السؤر)

ئەو ئاوەى لە پاش خواردنەوە لێى ماوەتەوە، ئەمیش چەندین جۆرە:

١- بەرماوەى مرۆڤ: مرۆڤەكە موسوڵمان بێت یان كافر، ژن بێت یان پیاو، پاك بێت یان لە حەیزو نیفاسدا بێت، بە دەستنوێژ بێت یان لەش پیس بەرماوەكەى هەر پاكە. ئەبو سەعلەبەى خوشەنى دەفەرموێ: (قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا بِأَرْضِ قَوْمٍ أَهْلِ كِتَابٍ، أَفَنَأْكُلُ فِي آنِيَتِهِمْ؟ قَالَ: لَا تَأْكُلُوا فِيهَا، إِلَّا أَنْ لَا تَجِدُوا غَيْرَهَا، فَاغْسِلُوهَا، وَكُلُوا فِيهَا)بوخارى و موسلیم واتە: ووتم: ئەى پێغەمبەرخوا، ئێمە لە ناوچەیەكین كە هى ئەهلى كیتابە ئایا لە قاپ و دەفرى ئەواندا بخۆین؟ فەرمووى: نەخێر، هى تر بدۆزنەوە، ئەگەرنا، ئەوە بیشۆن ئینجا تێیدا بخۆن.بەڵام كافر پیسیى عەینى نییە

بەڵکو لە رووی مەعنەویەوە خوای گەورە بە پیس دایناوە، ئەمەش کۆڕا (ئیجماع)ی شەرعناسانی لەسەرە. فەرموودەکەش بەڵگەی ئەوەی تێدا نییە، چونکە ئاشکرایە کە ئەو ئەهلی کیتابانە گۆشتی بەرازو شەرابیان لەو قاپ و دەفرانەیاندا خواردووەو ئاسەواری ئەو خۆراکە بە قاپەکانەوە ماوە.

٢- بەرماوەی ئەوانەی گۆشتیان دەخورێت: ئەمیش پاکە، چونکە لیکەکەی هەر لە جێ و رێی پاکەوە هاتووە، ئەمیش حوکمی پاکیەکەی ئەوێی وەرگرتووە. ئیبنول مونذیر دەفەرموێ: رای شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆیە کە بەرماوەی هەموو گیان لەبەرێك کە گۆشتی بخورێت پاکە دەشێت بخورێتەوەو دەستنوێژیشی پێ بگیرێت.

٣- بەرماوەی ئێسترو گوێ درێژو درندەو باڵندەی گۆشت خۆر: ئەمەش پاکە چونکە ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: (خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ، فَسَارَ لَيْلًا فَمَرُّوا عَلَى رَجُلٍ جَالِسٍ عِنْدَ مَقْرَاةٍ لَهُ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: يَا صَاحِبَ الْمَقْرَاةِ، أَوَلَغَتِ السِّبَاعُ اللَّيْلَةَ فِي مَقْرَاتِكَ؟ فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : يَا صَاحِبَ الْمَقْرَاةِ لَا تُخْبِرْهُ، هَذَا مُتَكَلِّفٌ، لَهَا مَا حَمَلَتْ فِي بُطُونِهَا، وَلَنَا مَا بَقِيَ شَرَابٌ، وَطَهُورٌ)[1] واتە: شەوێك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لە سەفەرێکی شەویدا بوو، بەلای کابرایەکدا تێپەڕین لای ئەستێڵکێکەوە (حەوزی ئاو) دانیشتبوو: عومەری کوڕی خەتتاب لێی پرسی: ئەرێ ئەمشەو درندە لە ئەستێڵکەکەتیان نەخواردۆتەوە؟ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەکسەر فەرموی: کاکەی ئەستێڵك پێی مەڵێ ئەمە لەسەر خۆی زیاد دەکات، ئەوی لێی خواردۆتەوە بەشی خۆی لە گەدەی خۆیدا هەڵگرتووەو ئەوی ماویشەتەوە هی ئێمەیەو بۆ خواردنەوەشەو پاکیشە.

[1] شێخی ئەلبانی لە: تمام المنة دەفەرموێ زەعیفە (٤٨) بەڵام زانایان لەسەر ئەوەن کە بەرماوەی ئەو جۆرە گیانلەبەرانە پاکە..

٤- بەرماوەی پشیلە: ئەمیش هەر پاكە، چونكە پشیلە خۆی پاكەو بەوەش پیس نابێت كە دەم لە پیسیەوە بدات، (مشكیش هەر ئەو حوكمەی هەیە) لەبەر ئەو فەرموودەی كە كەبشەی كچی كەعب گێڕاوێتیەوە، كە: ئەبو قەتادە هاتۆتەوە ماڵی و ئەمیش ئاوی بۆ تێكردووە، پشیلەیەكیش لەو كاتەدا هاتووەو لە ئاوەكەی خواردۆتەوە، ئەبو قەتادەش قاپەكەی بۆ لار كردۆتەوە تا زیاتر بخواتەوە. كەبشە دەفەرموێ: بینیمی وا سەیری دەكەم، ووتی: ئەرێ كچی برام پێت سەیرە؟!ووتم: بەڵێ، فەرموی: ئاخر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی كە پشیلە پیس نین، ئەمانە لەوانەن كە بەردەوام لە ماڵانماندا دێن و دەڕۆن.. ئەبوداوودو نەسائی و ئەلبانی.

٥- بەرماوەی سەگ و بەراز: پیسن، نابێت توخنیان بكەون. بەراز لە هەموو رویەكەوە پیسەو گڵاوە، سەگیش گڵاوە، چونكە لە فەرموودەی ئیمامی ئەحمەدو موسلیمدا هاتووە دەفەرموێ: (طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاَهُنَّ بِالتُّرَابِ)موسلیم، ئەبوداوود، ئەحمەد واتە: ئەگەر سەگێك دەمی خستە ناو دەفر (قاپ)ی یەكێتانەوە با حەوت جار بیشواتەوەو یەكەمجارەكەیان با بە گڵ بێت.

بۆ ئەم زەمانەی ئێمەو لە هەندێ ووڵات و ناوچەی وەكو شارە سەرەكییەكانی رۆژئاوا، موسوڵمان زۆر زەحمەتە گڵی دەست كەوێت، بۆیە دەتوانێت بە سابوون بیشواتەوە، ئومێد هەیە حوكم گڵاویەكەی پێ لا چێت، ئەمەش مەزهەبی مالیكیە.

* * *

## باسى دووەم

## پیسی

پاكژیی بەرجەستەیی (حەقیقی): بریتیە لە پاك راگرتنی جەستە و پۆشاك و جێگا لەوانەی بە پێناسەی شەرع پیسن، ئەو شتانەی كە ئەگەر موسوڵمان بەشێكی لێیان بەركەوت دەبێت رایدات و بیشوات، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) المدثر/٤ واتە پۆشاكت پاكەرەوە، هەروەها: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ)البقرة/٢٢٢واتە خوای گەورە تۆبەكاران و پاكژەوانانی خۆش دەوێت..

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ) موسلیم، ترمذي واتە: پاكژیی نیوەی باوەڕە.ئەمەش چەندین جۆرە:

### جۆرەكانی پیسی

ئەو شتانەی كە بەڵگەی شەرعی بە پیسی داناون ئەمانەن:

١ و٢- پیسایی و میزی مرۆڤ: بە كۆڕای شەرعناسان هەردووكیان پیسن:

پیسایی: لەبەر ئەوەیە كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِذَا وَطِئَ أَحَدُكُمْ بِنَعْلِهِ الْأَذَى فَإِنَّ التُّرَابَ لَهُ طَهُورٌ) ئەلبانی،سونەنی ئەبوداود واتە: ئەگەر یەكێكتان بە نەعلەكەی پێی بە پیساییەكدا نا، با بزانێت كە خۆڵ پاكی دەكاتەوە..

میز: پیسە، سەیدنا ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: ئەعرابیەك هاتە ناو مزگەوت و میزی كرد، كۆمەڵە كەسێك پەلاماریان دا نەیهێڵن بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: لێی گەڕێن، مەیشڵەژێنن (تا میزكردنەكەی پێ نەبڕن) كە تەواو بوو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی دا دۆلكەیەك ئاویان هێناو كردی بە شوێن میزەكەیدا.

٣- مەزى: شلەمەنيەكى لينجە لە كاتى دەسبازى يان بير كردنەوە لە سەرجێيى (جيماع لە عەورەت دێتە دەرەوە، بە ژن و پياودا دێت، هيچ لەزەتێكى پێوە نيەو بە شێوەى هەڵقولێنيش نايات و خاوبوونەوەى لەشيشى بە دوودا نايات، ئەمە بە كۆڕاى شەرعناسان پيسە بۆيە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانى بە شتنەوەى عەورەت داوە لێى.

٤- وەدى: ئەميشان ئاوێكى خەستى لينجە دواى ميزكردن دێتە دەرەوە، ئەميش بە كۆڕاى شەرعناسان پيسە.. ئيبنوعەبباس خوا لێيان رازى بێت فەرمووى: غوسڵ دەركردن لە هاتنە دەرەوەى مەنيە، ئەمما وەدى و مەزى زەكەرتيان لێ بشۆرەوەو دەسنوێژت وەكو بۆ نوێژ بگرە.(ئەلبانى لە سەحيحى سنن ابى داود بە سەحيحى داناوە)

٥- خوێنى حەيز (عادەى مانگانەى ژنان): ئەميش پيسەو بێ نوێژييە.. ئەسمائى كچى ئەبوبەكرى سدديق خوا لێيان رازى بێت فەرمووى: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پرسى: ئەى پێغەمبەرى خوا جارى وا هەيە يەكێكمان خوێنى حەيز بەر پۆشاكەكانى دەكەوێت، چى بكات؟ فەرمووى: لاى دە پاشان لەگەڵ ئاو پێدا كردنيدا دەستى لێ بخشێنێە (هەڵيگلۆفە) پاشان ئاوى ترى پێدا بپرژێنە، ئينجا نوێژى پێوە بكە. متفق عليه.

٦- تەرسى ئەو ئاژەڵانەى گۆشتيان ناخورێت: ئيبنو مەسعوود خوا لێى رازى بێت دەفەرموێت: پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وويستى دەست بە ئاو بگەێنێت، فەرمووى سێ بەردوچكەم بۆ بێنە، منيش دوو بەردوچكەو تەرسێكى گوێدرێژم (پيسايى گوێ درێژە كە ووشك بووبێتەوە) بۆ هێنا، دوو بەردەكەى وەرگرت و تەرسەكەى فڕێدا فەرمووى: ئەويان پيسە.(ئەلبانى لە سەحيحى ئيبنو ماجە (٢٥٣) بە سەحيحى ناساندووە) كەوابوو تەرسى هەموو ئاژەڵێك كە گوشتى نەخورێت پيسە..

٧- لیكی سەگ: لیكی سەگ بێ گومان پیسە، پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ئەگەرسەگێك دەمی خستە ناودەفر(قاپ)ی یەكێتانەوە با حەوت جار بیشواتەوەویەكەمجارەكەیان با بە گڵ بێت.. موسلیم

٨- گڵاوی سەگ: ئەگەرلیك یان میزو پیسایی سەگ بەرموسوڵمان بكەوێت گڵاوی دەكات. بۆیە دەبێت حەوت جار بیشوات، گەر گڵ دەست كەوت ئەوە یەكەمین جاریان بە قوڕاوەكەی، ئەمما ئەگەر گڵ و خۆڵ دەست نەدەكەوت، یەكەمجارەكەیان لەسەر مەزهەبی مالیكی بە سابوون دەشۆرێ. ئومێدە گڵاوییەكەی دەرچوو بێت. ئەمە فەتوای ئەنجومەنی ئیسلامی ئەوروپایە.

٩- گۆشتی بەراز: ئەمەش بە كۆڕای شەرعناسان پیسە. چونكە ئایەتی راشكاو دەربارەی دەفەرموێ: (قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ) الانعام/١٤٥ واتە: بڵێ: من لەوەدا كە وەحیم بۆ هاتووە خواردنێك نابینم كە حەرام كرابێت مەگەرئەوەی كە مردارەوە بوو بێت، هەروەها خوێنی رژاوو گۆشتی بەراز، چونكە ئەمانە پیسن.. جێی خەمە كە موسوڵمان دەبینیت لە چێشتخانەیەكی بەرازدا كاردەكات وڕۆژانە دەست لە گۆشتەكە دەدات بێ ئەوەی ئەم بەربەستە دەروونیەی لا مابێت! بێگومان ئەوە كارێكە هەم حەرامەوهەم پیسە..

١٠- مردارەوە بوو: كە ئەوگیانلەبەرانەن كە هەرلە خۆیانەوە مرداربوونەتەوەو سەر نەبڕاون، ئەمیش هەرپیسە. بە بەڵگەی ئایەتەكەی پێشوو (الانعام/١٤٥) و ئەو فەرموودەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە دەفەرموێ:(إِذَا دُبِغَ الْإِهَابُ فَقَدْ طَهُرَ) موسلیم واتە: ئەگەرپێستە خۆش كرا ئەوە پاكبۆتەوە. كەوابوو پێش خۆش كردنی پیسە.

ئەم حوكمەی مردارەوە بوو ئەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

أ- مردارەوە بووی دەریا: ماسی بێت یان گیانلەبەری دیکە. چونکە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: دوو مردارەوەبوو و دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە، دوو مردارەوە بووەکە ماسی و کوللەن، دوو خوێنەکەش جگەرو سپڵن. ئەلبانی لە (صحيح الجامع الصغير).

ب- کوللە: پاکەو خواردنیشی جائیزە بە پێی ئەو فەرموودەی پێشوو.

ج- مردارەوەبووی ئەو حەشەراتانەی خوێنی شلەیان تێدا نیە: ئەمە بە پێناسەی شەرعناسانی پێشینە، وەکو هەنگ و مێرووولەو مێش و مێشوولە.

د- ئێسك و قۆچ و نینۆك و چرنوك و پەڕو مووی مردارەوەبوو: ئەمانەو هەرچی وەکو ئەمانە هەمووی پاکن، هیچ بەڵگەیەك لەسەر پیسییان نەهاتووە.

هـ- فرۆو شیرو ئەوی لە ریخۆڵەی مردارەوە بوودا بووە: ئەمانەش زاهیرەن پاك و حەڵاڵن، چونکە کە دەربارەی پەنیرو رۆن و فرۆیان لە سەلمانی فارسی پرسیبوو خوا لێی رازی بێت فەرموو بووی: (حەڵاڵ ئەوەیە کە خوای گەورە لە کتێبەکەیدا حەڵاڵی کردووەو حەرامیش ئەوەیە کە خوای گەورە لە کتێبەکەیدا حەرامی کردووە، ئەوەی کە لێی بێ دەنگ بووە ئەوەیە کە عەفوی لێ دراوە..

١١- ئەو پارچە گۆشتەی لە گیانلەبەرێکی زیندوو دەکرێتەوە: هەر حوکمی مردارەوە بووی هەیەو پیسە. چونکە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ئەو پارچە گۆشتەی لە گیانلەبەرێکی زیندوو دەکرێتەوە هەر مردارەوە بووە.

١٢- بەرماوەی ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان ناخورێت: ئەگەر لە دوو قووللە کەمتربوو (٢٠٠ کلگم لە ئاوی شیرین) وەکو ئەوەی دوای خورادنەوەی ئەو گیانلەبەرانە لە قاپێکدا ماوەتەوەو کەمە.

١٣- گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان ناخورێت: ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: رۆژی غەزای خەیبەر گۆشتی کەرمان دەست کەوت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگی کرد فەرمووی: (إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يَنْهَاكُمْ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ فَإِنَّهَا رِجْسٌ) ئەلبانی: ارواء الغليل واتە: خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی خواردنی گۆشتی کەرتان لێ دەکەن، چونکە پیسە.

ئەو شتانەی زانایان و شەرع ناسان لەسەری ڕاجوێن: دیارە کە ئەمانەش هەر لەکۆنەوە زانایان ڕایان دەربارەی جیاواز بووە بە حوکمی ئەو بەڵگانەی لەسەریان هاتووە، لە دوای توێژینەوەیەکی وورد گەیشتمە ئەوەی کە ڕام لەگەڵ ئەو زانا بەڕێزانە بێت کە فەرموویانە: ئەم جۆرە شتانە بە هۆی ئەو بەڵگە بەهێزانەی لە بارەیانەوە هاتووە لە شەرعدا پاکن:

١- مەنی: مەنی پاکەو بە تەڕی وەکو چڵم و بەڵغەم سەیر دەکرێت و دەسڕێت و شوێنەکەی بۆ پاك و خاوێنی و دیمەنی جوانتر دەشۆرێت کە ووشکیش بووبۆوە دەپروێنرێت.چونکە ئەو ریوایەتانەی دەچنەوە لای عائیشەخان و لای ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەمانبەنەوە ئەم ئەنجامە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشی ئاوا رەفتاری لەگەڵ مەنی سەر پۆشاکی خۆی کردووە وەکو ئەو فەرموودەی لای دارەقوتنی و بەیهیقی و تەحاوی لە ئیبنو عەبباسەوە کە دەفەرموێ: (إِنَّمَا هُوَ بِمَنْزِلَةِ الْمُخَاطِ وَالْبُصَاقِ وَإِنَّمَا يَكْفِيك أَنْ تَمْسَحَهُ بِخِرْقَةٍ) ئەلبانی: ارواء الغليل واتە: لە پێغەمبەریان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی مەنی پرسی کە بەر پۆشاك دەکەوێت، ئەویش فەرمووی: وەکو چڵم و بەڵغەم وایە، بە وەندەی بە پەڕۆیەك بیسڕیت بەسە..

٢- شلەو شێی عەورەتی ئافرەت: ئەگەر سەرەنجامی دەسبازی شلە لە عەورەتی ژن هاتە دەرەوە، ئەوە حوکمی وەکو مەزی پیاو وایەو هەم دەسنوێژ دەشکێنێت و هەم پیسە. ئەگەر سەرەنجامی ماندوو بوون یان دووگیانی (حەمل) بە بێ ئاگایی

ئافرەتەکە هاتە دەرێ، ئەوە پیس نیە، چونکە بەڵگەی پیسێتیمان لە سەری نیە، کەوابوو لەسەر ئەسڵی پاکێتی دەمێنێتەوە.. والله اعلم .

٣- پاکی شەراب: شێخ ئیبنو عوسێمین ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: وا نابینم شەراب پیس بێت بۆیە پێم وایە ئەلکهۆڵ پاکەو حەرەجیش لەوەدا نابینم کە لە کاتی پێویستی وەکو تەعقیم کردنی برینێکدا بەکاری بهێنم.. کەوابوو هەموو ئەوەی ئەلکهۆلیشیان تێدا بەکار دێت هەر پاکن.. دەرمان بن یان کەرەستەی تەعقیم، یان قۆڵۆنیاو عەترو بۆنی شلەمەنی. کەوابوو رای ئەو شەرعناسانەم لا پەسەندترە کە فەرموویانە شەراب پاکە..

٤- خوێنی مرۆڤ: (غەیری خوێنی حەیزو نیفاس): ئەمەش ئەوەیە کە زۆرینەی شەرعناسانی پێشوو لەسەر پیسێتی راکۆن و هەندێك لە شەرعناس و شەرعناسانی دوایی و سەردەم پێیان وایە کە پاکە، بۆیە هەر خوێنێك لە برینی مرۆڤەوە بێت پاکە.. ئەمما خوێنی حەیزو نیفاس بە کۆڕای شەرعناسان پیسە..

٥- خوێنی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان دەخورێت: هەندێك لە شەرعناسان و فەرموویانە وەکو خوێنی مرۆڤەو پاکە چونکە هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر پیسێتیەکەی نیە.. ئەمە جگە لەو خوێنەی کە لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵدا فیچقە دەکات و دێتە دەرەوە، ئەمەیان هەموو لایەك لەسەری رێکەوتوون کە پیسە چونکە ئایەتی لەسەرە.. بەڵام ئەو خوێنەی کە بە گۆشتەکەوە ماوە، یان دوای لێنانی لە دەماردا ماوە ئەمانە عەفوو لێدراون و پاکن.

٦- خوێنی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێت: گۆشت و خوێنی هەموویان پیسە جگە لە خوێنی پشیلە، پشیلە پیس نیە چونکە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەرهەق فەرموویەتی پشیلە لەوانەیە کە دەستەمۆن و بەردەوام دێنە لاتان.

٧- خوێنی ئەو گیانلەبەرانەی شەرعناسانی پێشین فەرموویانە خوێنی شلیان تێدا نیە: ئەوی بە هۆی نەبوونی هیمۆگلۆبینەوە خوێنەکەی سوور نیە، زەردباوە، ئەمانە خوێنیان پاکە بۆ نموونە خوێنی مێش..

٨- خوێنی ئاژەڵی مردارەوە بوو: رای ئەو شەرعناسانەم پێ پەسەندترە کە دەفەرموون خوێن پاکە (جگە لە خوێنی حەیز کە پیسە)، چونکە بەڵگەکانیان بەهێزترە وەك لەوەی تەنها لە شەرعناسانی پێشینەوە نەقڵ کرێت کە کۆڕایان لەسەرئەوە بێت کە خوێن پیسە.. والله اعلم..

٩- رشانەوە: رشانەوە پیس نییە و دەسنوێژیش ناشکێنێت...

* * *

## باسی سێیەم
## تارات گرتن (الاستنجاء)

ماناو حوکمی تارات گرتن: ئەمەی لە زمانی کوردیدا پێی دەوترێت تارات هەر (طَهَارة) ی زمانی عەرەبیەو بۆتە زاراوەیەك بە مانای خۆپاکردنەوەی دوای دەست بەئاو گەیاندن (میز یان پیسایی کردن).. بەڵام ئەسڵە عەرەبیەکەی پێی دەوترێت (الإِسْتِنْجَاءُ):

الاستنجاء: لەسەرکێشی استفعالی کرداری رابوردووی (نَجَوتُ)ە.

- له رووى زمانەوانيەوە بە مانای بڕينەوە دێت، وەك دەوترێت: (نجوتُ الشجرة) واتە: درەختەكەم بڕيەوە.

- له رووى زاراوەييەوە: بريتيە لە لابردنى هەرچى شتێك لە كونى پاش و پێشەوەى مرۆڤ هاتبێت، جا بە ئاو رادرێت يان بە بەرد و دەسڕى كاغەز (كلينێكس) يان هاوشێوەيان لابرێت..

حوكمى تاراتگرتن: مەزهەبەكان جگە لە حەنەفى تارات گرتن فەرزە لايان لەسەرهەر كەسێك كە ميزو پيسايى و مەزى و ئەوى لە حوكمياندايە لێ هاتبێتە دەرەوە، چونكە پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەرهەق دەفەرموێ: (إذَا ذَهَبَ أَحَدُكُمْ إلَى الْغَائِطِ فَلْيَسْتَطِبْ بِثَلَاثَةِ أَحْجَارٍ فَإِنَّهَا تَجْزِي عَنْهُ) ئەلبانى لە ارواء الغليلدا دەفەرموێ: حەسەنە واتە: ئەگەر كەسێكتان چووە سەر ئاو با بە سێ بەرد تارات بگرێت، چونكە سێ بەرد بەسە.. ئەمە فەرمانەو فەرمانيش بۆ واجب بوونە، كەوابوو تارات گرتن فەرزە، كە دەشفەرموێ سێ بەردەكە بەسە فەرزێتيەكەى زياتر پێ دەچەسپێت.

تارات گرتن بە چى دەبێت؟ تارات گرتن بە يەكێك لەمانەى خوارەوە دەبێت:

يەكەم: بە بەردو دارو هاوشێوەى جگە لە ئێسك و تەرس و تەپاڵەو ئەوى وەك ئەوانە: هەروەها بە گەڵاو كاغەزو شتى وا چونكە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إذَا ذَهَبَ أَحَدُكُمْ إلَى الْغَائِطِ فَلْيَسْتَطِبْ بِثَلَاثَةِ أَحْجَارٍ فَإِنَّهَا تَجْزِي عَنْهُ) ئەلبانى لە ارواءالغليلدا دەفەرموێ: حەسەنە. واتە ئەگەر كەسێكتان چووە سەر ئاو، با بە سێ بەرد تارات بگرێت، چونكە سێ بەرد بەسە..

كەوابوو تارات گرتن بە سێ بەردوچكە كەمتر نابێت. بەڵگەى ئەوەش فەرموودەكەى سەيدنا سەلمانە خوا لێى رازى بێت كە دەفەرموێ: پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستى ئەوەى لێكردووين كە لە دەست بە ئاو گەياندندا

(پیسایی كردن بێت یان هەر میزكردن) روو لە قیبلە بكەین، یان بە دەستی راست تارات بگرین، یان بە كەمتر لە سێ بەردووچكە خۆمان پاك كەینەوە یان بە تەرس و تەپاڵەو ئێسقان خۆمان پاك كەینەوە.. موسلیم و نەسائی و ترمذي.

ئەمە مانای وانیە لانی زۆری دەبێت سێ بەردووچكە بێت، چونكە ئەگەر بە سێ بەردووچكە پاك نەبۆوە دەبێت زیاتر لە سێ بەكاربهێنێت..

ئەم فەرموودانە ئاماژەن كە تارات گرتن بە ئێسقان و تەرس و تەپاڵەو شتی وا نابێت.. فەرموودەی تر لەو بارەوە هەیە.

دووەم: تارات گرتن بە ئاو: لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەندەی دەستی بكەوتایە ئاوی بەكار دەهێنا، ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدْخُلُ الْخَلَاءَ فَأَحْمِلُ أَنَا وَغُلَامٌ نَحْوِي إِدَاوَةً وَعَنَزَةً فَيَسْتَنْجِي بِالْمَاءِ) بوخاري (١٥١) و موسلیم (٢٧٠، ٢٧١) واتە: كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەچووە دەست بە ئاوگەیاندن من و مێردمنداڵێكی تر جەوەندەی ئاوەكەمان بۆ هەڵدەگرت كە تاراتی پێ دەگرت. بێگومان تارات گرتن بە ئاو باشترە وەك لە بەرد.

تارات لە با لێبوونەوە ناگیرێت: هەر كەسێك بای لێبووە، یان لەخەو هەستاو پێویستی بەچوونە سەر ئاو نەبوو، دەتوانێت دەسنوێژ بشوات بێ ئەوەی تارات بگرێت. ئیبنوقودامە دەفەرموێ: وانازانم راجوێیی لەم مەسەلەیەدا هەبێت، بۆیە ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو: نە لە قورئاندا نە لە سووننەتدا بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە كە تارات لەسەر با لێبوونەوە هەبێت.

تارات مەرج نیە بۆ دەسنوێژ: ئەسڵی تارات گرتن بۆ لادانی پیساییە، كە پیساییەك نەبێت لابرێت، ئیتر زەروورەتی تارات گرتن لە كوێدایە؟ هیچ ریوایەتێك لە

پێغەمبەری پێشەواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهاتووە كە بۆ هەموو دەسنوێژێكی چووبێتە سەرئاو، لە سوونەتدا نیەو لە قورئانیشدا فەرز نەكراوە..

## هەندێك لە ئادابی چوونە سەرئاو (تارات گرتن)

هەندێك رەفتار هەن دەبێت موسوڵمان لە چوونە سەر ئاویدا بۆ میز كردن یان پیسایی رەچاویان بكات، لەوانە:

١- دەرنەكەوتنی: ئەسڵ ئەوەیە كە موسوڵمان لە ئاودەستدا دەست بەئاو بگەیێنێت، بەڵام ئەگەر لە سەفەر بوو یان دەوارنشین بوو لە دەشت و چۆڵیدا، پێویستە ئەوەندە دوور كەوێتەوە كە لە بەرچاوان دیار نەمێنێت، چونكە پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وای دەكرد.

٢- هیچ شتێك نەباتە سەرئاو كە ناوی خوای پێوە بێت: چونكە لەگەڵ بە مەزن دانانی خوای پەروەردگاردا ناگونجێت، بەڵام ئەگەر لە گیرفانیدا بوو، یان ملوانكە یان زنجیرەكە بە مەحكەمی لە ملیدا بوو، یان قورئانەو كیفی هەیە، ناكرێت لە دەرێ دانرێن یان بەدەستەوە بگیرێن، جائیزە پێیانەوە بچێتە سەر ئاو لە بەر زەروورەتی حاڵەتەكەی..[٢]

---

[٢] ئەو فەرموودەیە كە دەگێڕنەوە كە پێغەمبەری نازدار مستیلەیەكی لە پەنجەی پیرۆزیدا بوو ناوی خوای لەسەربوو كە دەچووە سەرئاو لە پەنجەی پیرۆزی دادەماڵی، ئەلبانی رەحمەتی دەفەرموێ زەعیفە. مەبەست ریوایەتی داماڵینی مستیلەكەیە نەك هەبوونی مستیلەكەی، ریوایەتی

٣- خوێندنى زيكرەكانى تايبەت بە چوونە سەرئاو: كەسێك كە دەچێتە ئاودەست باشتر وايە ئەو زيكرانە بخوێنێت كە ريوايەت كراون وەكو ووتنى بسم الله لەگەڵ چوونە ژوورەوەيدا.چونكە پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:(سِتْرُ مَا بَيْنَ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمْ الْخَلَاءَ أَنْ يَقُولَ: بِسْمِ اللهِ) ئەلبانى: صحيح الجامع واتە: پەردەى نێوان جنۆكەو مرۆڤ كە چووە سەر ئاو ئەوەيە بڵێ بسم الله..يان دەتوانێت كە چووە سەرئاو لەوكاتەى پێ دەنێتە ناو ئاودەستەكە يان پۆشاكى دادەنێ يان بەرز دەكاتەوە بڵێ: (أللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْخُبْثِ و الْخَبَائِثِ) بوخارى و موسليم واتە: خوايە پەنا دەگرم بە تۆ لە نێرو مێى جنۆكە..

٤- چوونە ئاودەست بە پێى چەپ و هاتنە دەرەوە لێى بە پێى راست: هەرچەندە بەڵگەيەكى تايبەت لەسەر ئەوە نيە كە پێغەمبەرى نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێى چەپى پيرۆزى بۆ چوونە ئاودەست پێش خستبێت و پێى راستى پيرۆزى لە هاتنە دەرەوەدا پێش خستبێت، بەڵام ئيمامى شەوكانى باسى لەمە كردووەو بە شێوەى گشتى بە سوووونەتى داناوە.چونكە پێغەمبەرى نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو شتێكدا دەست و پێى راستى پێش چەپەكانى دەخست.. الشوكانى: السيل الجرار ٦٤/١.

٥- روو يان پشت نەكردنە قيبلە لە كاتى دانيشتنى سەرئاودا: لەبەر ئەوەى پێغەمبەرى نازدار بەرهەڵستى لەوە كردووە.. فەرموودەى متفق عليەيە كە سەيدنا ئەبو ئەيوبى ئەنسارى خوا لێى رازى بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووى:(إِذَا أَتَيْتُمْ الغَائِطَ فَلَا تَسْتَقْبِلُوا الْقِبْلَةَ وَلا تَسْتَدْبِرُوهَا، وَلَكِنْ شَرِّقُوا أو غَرِّبُوا)واتە: ئەگەرچوونە دەست بە ئاوگەياندن، نە روونە پشت لە قيبلە مەكەن، روولە رۆژهەڵات يان رۆژئاوا بكەن..

---

هەبوونى مستيلەكە كە لێى نوسرابوو محمد رسول الله متفق عليە.. (بوخارى (٥٨٧٢) و موسليم (٢٠٩٢).

<u>٦- خۆگرتنەوە لە قسەكردن، مەگەر بۆ زەروورەت.</u>

<u>٧- خۆ پاراستن لە دەست بەئاو گەیاندن لەسەرە ڕێ و سێبەرو شوێنی گشتی خەڵكی:</u> ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: واتە: خۆ لەو دوو لەعنەتكاران بپارێزن، فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو دوو لەعنەتكارانە چین؟!فەرمووی: دەست بە ئاو گەیاندن لە سەر ڕێی خەڵكی و بەرسێبەرەكانیان. موسلیم وئەبوداوود.

<u>٨- میز نەكاتە هەمان شوێنەوە كە خۆی تێدا دەشوات:</u> بە تایبەتی شوێنێك كە ئاوەكەی تێدا كۆببێتەوە، وەكو تەشت و بانیۆو شتی وا. چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لَا يَبُولَنَّ أَحَدُكُمْ فِي مُسْتَحَمِّهِ) واتە: كەستان لەو شوێنەدا میز نەكاتەوە كە خۆی لێ دەشوات..

<u>٩- میز نەكردنە ناو ئاوەوە:</u> ئاوی راوەستاو بێت وەك ئەستێڵكی بچووك و حەوزو شتی وا، یان ئاوی جاری. چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی لەوە كردووە كە میز بكرێتە ناو ئاوی جارییەوە..

<u>١٠- هەڵبژاردنی جێگای فشەڵ و لووس بۆ میز كردن:</u> خۆ دوورخستنەوە لە جێی رەق كە مەترسی ئەوە هەیە پرژی پێ هەڵپرژێتەوە.. سەیدنا ئەبو موسای ئەشعەری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: لایدایە شوێنێكی تەختی فشەڵ و میزی لێ كرد..

<u>١١- نەیكاتە كونی زەوی و درزی تاوێرو كلۆری درەخت و شوێنی واوە:</u> لەبەر ئەوەی قەتادە لە عبداللهی كوڕی سەرجەس خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە: (نَهى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أنْ يُبَالَ فِي الْجُحْرِ) ئەبوداوود، نەسائی، ئەحمەد واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی لێ كردووە، لە قەتادەیان پرسی

بۆچی بەرهەڵستی لێ کردووە؟!فەرمووی: لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانە ماڵی جنۆکەیە. بێگومان لەبەر ئەوەشە کە نەبادا گیانلەبەریان تێدا بێت و ئازاریان پێ بگات، لە تاواندا بێنە دەرەوەو زیان بەم بگەێننەوە..

١٢-کە تەواو بێت بڵێ: غُفْرَانَكَ: چونکە لە دایکە عائیشەخانەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە کە دەفەرموێ: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دەست بەئاو گەیاندن دەهاتە دەرەوەی دەیفەرموو: (غُفْرَانَكَ) واتە: داوای لێبوردنت لێ دەکەم، خوایە..

لە ئادابەکانی تارات گرتن

ئەمەش هەندێك ئادابی تری تارات گرتنن کە پێویستە موسوڵمان پێیانەوە پابەند بێت:

١- بە دەستی راستی تارات نەگرێت: ئەبوقەتادە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لَا يُمْسِكَنَّ أَحَدُكُمْ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَهُوَ يَبُولُ وَلَا يَتَمَسَّحْ مِنْ الْخَلَاءِ بِيَمِينِهِ وَلَا يَتَنَفَّسْ فِي الْإِنَاءِ)بوخاری واتە: کەستان کاتێك میز دەکات بە دەستی راستی زەکەری نەگرێت، خۆشی بە دەستی راستی پاك نەکاتەوە (چەپ بەکار بهێنێت بۆ تارات گرتنی) لە کاتی ئاو خواردنەوەشدا هەناسەکەی نەخاتەوە ناو ئەوشتەی ئاوەکەی تێدایە..

٢- عەورەتی بە دەستی راست نەگرێت: بەڵگەمان هەر فەرموودەکەی پێشووی ئەبو قەتادەیە خوا لێی رازی بێت..

٣- پاش و پێشی خۆی بە تەواوی پاك کاتەوە: ئەمەش واجبە، جا بە ئاوپاکی دەکاتەوە یان بە بەرد یان بە دەسڕی کاغەزو هاوشێوەی، رێ لەوە ناگیرێت بەرد یان دەسڕی کاغەز بەکار بهێنێت و پاشان بیشوات.. گرنگ ئەوەیە هیچ پیسایەکیان پێوە نەمێنێت.. هەڕەشەی سەخت لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان پاك ناکەنەوە..

٤- دوای تارات دەستی بە سابوون بشوات: دوای تارات گرتنەكە ئەگەر سابوونی دەسكەوت با دەستی پێ بشوات، ئەگەر هیچی دەست نەكەوت با خۆڵ لە دەستەكانی هەڵسوێت، یان لە زەوی بخشێنێت و پاكی كاتەوە.. ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ:: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَتَى الْخَلَاءَ أَتَيْتُهُ بِمَاءٍ فِي تَوْرٍ أَوْ رَكْوَةٍ فَاسْتَنْجَى، ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ عَلَى الْأَرْضِ ثُمَّ أَتَيْتُهُ بِإِنَاءٍ آخَرَ فَتَوَضَّأَ) حسن لغيره واتە: كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تاراتی دەگرت، من ئاوم لە قۆریەك یان لە كیتەڵەیەكی بچووكدا بۆ دەهێناو ئەویش تاراتی پێ دەگرت، پاشان دەستی بە زەوی پاك دەكردەوە ئینجا ئاوی ترم بۆ دەهێناو دەسنوێژی دەگرت..

لەم سەردەمەی ئێمەدا ئاسانترە كە خەڵكی دوای تارات گرتن دەستیان بە سابوون یان شلەمەنی سابوونی بشۆن یان بە دەسرِی تەعقیم كراو پاكەنەوە.. ئەمە لە ئیسلامدا زۆر جەختی لێكراوەتەوە چونكە سوودەكەی پاراستنی تەندروستیی و لەش ساغیی كەسایەتی و پاراستنی كەشی گشتیە..

٥- رشاندنی كەمێك ئاو بە عەورەتدا بۆ لابردنی وەسوەسە: ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت گێڕایەوە كە جارێكیان پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە دەسنوێژی گرت عەورەتی بە كەمێك ئاو رشاند. ئەلبانی رەحمەتی لە (تمام المنة) دا دەفەرموێ: وسنده صحيح على شرط الشيخين..

## مەسەلەی میزەچرِكێ

هەر كەسێك دووچاری میزە چرِكێ بووبێت، دەبێت بۆ هەموو نوێژێك دەسنوێژی تایبەت بەو نوێژە بگرێت، ئەو كاتەی كە دەزانێت نوێژ بووە (كە گوێی لە بانگ دەبێت یان بە سەعاتدا دەزانێت یان پێی دەڵێن) بچێت تارات بگرێت و كەمێك تین بداتە خۆی، دەست بە دەمارەكانی بن زەكەریدا بهێنێت و دەسنوێژەكەی بگرێت، ئەگەر دوای ئەوە دڵۆپە میزی لێ چۆڕی گوێی نەداتێ و نوێژی خۆی بكات!! چونكە زاهیرەن

ئەمە لەسەر قەولی ئیمامانی بەرێزی وەکو ئیمامی ئەبو حەنیفەو شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبو ثەورو ئەوانە بە حوکمی خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە) ی ژنان قیاس دەکرێت، بۆیە هەر پیاوێك کە میزە چرکەی بێت یان ژنێك کە خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە)ی هەبێت، دەبێت بۆ هەموو نوێژێك دەسنوێژێکی تایبەتی بۆ بگرن و دەسنوێژەکەش تا نوێژەکەی ترحسێبە..

## میزکردن بە پێوە

میز کردن بە پێوە جائیزە.. والله اعلم. چونکە هیچ حوکمێکی سەحیح لەسەر رێ لێگرتنی بە دەستەوە نیە، بەڵگەی میزکردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە پێوە بەهێزەو سەلمێنراوەو پێنج لە خاوەن سوحاحەکان ریوایەتیان کردووە، لەوانیش بوخاری و موسلیم..

- دیارە لە مەرجی سەرەکی میز کردن ئەوەیە کە پریشکی پێ هەڵنەپڕژێت جا بە دانیشتنانەوە بێت یان بە پێوە، هەرکاتێك ئەم مەرجەش مسۆگەربوو، ئیترمیزکردن بە پێوە جائیزە، وەکو ئەوەی شوێنەکە فشەڵ بێت وەکو کێڵگەو کادێن و شوێنی پووش و بن گەڵا، یان بۆیە کراوی زەیتی و شکڵی ئەم ئاودەستانەی لەم سەردەمەدا هەن..

## دەستنوێژلە تەوالێتدا

یەکێك لەو موناقەشانەی لە ناو موسوڵماناندا -بە تایبەتی لە رۆژئاوا- دروست دەبێت، دەسنوێژگرتنە لە تەوالێتدا، کە دەوترێت نابێت زیکری خوا لەوێدا بکرێت، ئەی چۆن هەر لەوێدا دەسنوێژ دەگیرێت کە تەوالێتەکە (گونجی میزو پیسایی

كردنەكە) دەسشۆر (مەغسەل) یان دووشی ئاوەكەش هەر لە ناو ژووری حەمامەكەدایە؟!

با ئەوە بزانرێت كە تەنها گونجی تەوالێتەكە بە ئاودەست حسێبەو ناشێت ناوو زیكری خوای تێدا بهێنرێت، نەك ژووری حەمامەكە. ئەگەر كەسێك چووە سەر گونجی تەوالێتەكەو پۆشاكەكەی هەڵدایەوە یان داكەند تا لە دەست بە ئاو گەیاندنەكەی دەبێتەوە بۆی نیە زیكر بكات، پاش پۆشاك هەڵكێشانەوەی یان دادانەوەی كراس و دشداشەكەی دەتوانێت زیكرەكان بخوێنێت، وەك ئەوەی دەپژمێت و دەڵێ: الحمد لله یان لەسەر مەغسەلەكە بۆ دەسپێكی دەسنوێژ بسم الله بكات..

* * *

## باسی چوارەم
## چۆنیەتی پاكردنەوەی ئەوانەی پیسیان بەركەوتووە

١- پاكردنەوەی پۆشاك لە خوێنی حەیز: دەستپێداهێنان و گوشینی بەسەری پەنجەكان بەسە بۆ ئەوەی خوێنەكەی لێ بێتە دەرەوە، پاشان ئاوی پێدا دەكرێت و حوكمی پاكبوونەوە وەردەگرێت.. ئەگەر بە پۆشاك و جێگاوە بوو، دەكرێت بكرێنرێت، یان بە پەنجە رادرێت.. بۆ لابردنی پیسی سێ جار شتن یان بەكارهێنانی سابوون زیاتر دڵنیایی دەبەخشێت..

٢- پاكردنەوەی پۆشاك لە میزی منداڵ: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (بَولُ الغُلامِ الرَّضِيعِ يُنْضَحُ وبَولُ الجَارِيَةِ يُغْسَلُ) ئەلبانی دەفەرموێ: سەحیحە

واتە: بۆ پاکردنەوەی شت لە میزی کوڕی بچکۆلە ئاو رژاندنی بەسەردا بەسەو لە میزی کچی بچکۆلەش دەشۆرێتەوە. ئەمە بۆ ئەو کۆرپانەن کە شیرە خۆرەن، ئیبنوعوسێمین رحمەالله دەفەرموێ: ئاوپڕژاندن کە لە فەرمودەکەدا هاتووە بریتی نیە بەسەردا پرژاندنی بەڵکو بەسەردا کردنێتی، تەنها ئەوەندە هەیە کە شتن و هەڵگلۆفتنی مەرج نیە..

٣- پاکردنەوەی پۆشاك لە مەزی: مەزی زۆرجار دێتە خوارێ و خاوەنەکەی هەستی پێ ناکات، پاکردنەوە لە مەزی ئاو بەسەردا کردنی لوێچێك ئاوی بەسە. سەهلی کوڕی حەنیف دەفەرموێ لەوانە بووم کە زۆر لە هاتنە خوارەوەی مەزیم ناڕەحەت بووبووم، لە پێغەمبەری پێشەوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: چۆن پۆشاکەکەم لە مەزی پاك کەمەوە؟ (يَكْفِيكَ أَنْ تَأْخُذَ كَفًّاً مِن مَاءٍ فَتَنْتَضِحَ بِهِ ثَوبَكَ حَيثُ تَرَى أَنَّهُ قَدْ أصَابَ مِنْهُ)حەسەنە واتە: لوێچێك ئاوت بەسە بیپڕژێنیت بەسەر ئەو شوێنەدا کە وا دەزانیت بەری کەوتووە.

٤- پاکردنەوەی دامێنی پۆشاك: دامێنی پۆشاك لەبەر زۆر درێژیان یان لە چەمانەوەدا بەر زەوی دەکەوێت و ئیحتیمالی ئەوە زۆرە پیسی بەر بکەوێت و خاوەنەکەی نەزانێت، بۆیە شەرع وای داناوە کە ئەگەر پیسیش بووبێت بەر زەوی کەوتنەوەی دواتری بۆتە مایەی پاکردنەوە..

٥- پاکردنەوەی بنی پێڵاو: ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ الْمَسْجِدَ فَلْيَقْلِبْ نَعْلَيْهِ، ثُمَّ لِيَنْظُر فِيهِمَا فَإِنْ رَأَى خَبَثًا فَلْيَمْسَحْهُ بِالْأَرْضِ، ثُمَّ لِيُصَلِّ فِيهِمَا) واتە: کە دێن بۆ مزگەوت هەرکەسەتان با نەعلەکانی هەڵگێڕێتەوەو سەیری بنی بکات، ئەگەر پیسایی پێوە بوو با بە زەویەکەی بسڕێت، پاشان نوێژی پێوە بکات..

٦- پاكردنەوەی قاپێك كە سەگ دەمی تێنابێت: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی (إذا وَلَغَ الكَلبُ فِي إنَاءِ أحَدِكُمْ فَلْيَرِقْهُ ثُمَّ لِيَغْسِلْهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاهُنَّ بِالتُّرَابِ)موسلیم واتە: ئەگەر سەگ دەمی خستە ناو دەفری كەسێكتانەوە، با ئەوی تێیدایە بیڕێژێت و پاشان حەوت جار بیشواتەوە، یەكەمینجاربا بە گڵ بێت.

٧- پاكردنەوەی پێستە بە خۆشكردنی: لە ریوایەتی هەر چوار ئیمامانی خاوەن سونەنەكاندا هاتووە (أَيُّمَا إِهَابٍ دُبِغَ فَقَدْ طَهُرَ) ئەحمەدو ترمذي و نەسائی و ئیبنو ماجە بە سەحیحیان داناوە واتە: پێستەی هەر ئاژەڵێك خۆش كرا ئەوە پاك بۆتەوە..

پێم وایە خۆشكردن پێستی بەرازیش پاك دەكاتەوە، ئەمەش واقیعی موسوڵمانانی رۆژئاوایە كە رۆژانە دەست لە پێستەی خۆشكراوی بەراز دەدەن كە كراوە بە قەمسەڵەو ئێلەگ و پاڵتۆ، بەڵام ئەمە ئەو حوكمەیان لەسەر لانابات كە بەكار هێنانیان شیاو نیە.. والله اعلم.

٨- پاكردنەوەی زەوی لە میزو شتی وا: ئەمیش بە ئاو ڕشتن دەبێت بەسەریدا، سەیدنا ئەنەس خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە:: (جَاءَ أَعْرَابِيٌّ، فَبَالَ فِي طَائِفَةِ الْمَسْجِدِ، فَزَجَرَهُ النَّاسُ، فَنَهَاهُمُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَمَّا قَضَى بَوْلَهُ أَمَرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِذَنُوبٍ مِنْ مَاءٍ، فَأُهْرِيقَ عَلَيْهِ) بوخاری واتە: ئەعرابیەك هاتە ناو مزگەوت و لە كەنارێكەوە میزی كرد! خەڵكەكە لێی راست بوونەوەو سەر زەنشتیان كرد، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی لێ كردن، كە كابرا تەواو بوو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بە یاوەران دا كە دۆلكە ئاوێك بهێنن، هێنانیان و كرا بەسەر میزەكەدا!

٩- پاكردنەوەی بیرو تەنەكە رۆن و دۆشاوو شتی وا كە پیسی تێكەوتبێت: پاكردنەوەی ئەمانە بە لابردنی خودی پیسییەكەو دەوروبەری دەبێت، ئیتر ئەوەی

دیکەی پاکە، چونکە فەرموودەکەی ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرمویَ لە پێغەمبەری خوایان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی کە ئەگەر مشکێك کەوتە رۆنەوە چی بکەن؟ فەرمووی: (أَلْقُوهَا، وَمَا حَوْلَهَا فَاطْرَحُوهُ وَكُلُوا سَمْنَكُمْ) بوخاری واتە: مشکەکە فڕێدەن و ئەوی دەوروبەریشی راماڵن و رادەن، ئەوجا رۆنی خۆتان بخۆن..

* * *

## باسی پێنجەم
## سوونەتە سروشتیەکان

مەبەست لە سوونەتە سروشتیەکان: ئەو رەفتارانەن کە هەرکەسێك بیانکات، بە خاوەن ئەو سروشتە دەزانرێت کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، ئەم رەفتارانە خوای گەورە خۆشی دەوێن و کردوێتی بە سیمای هەموو پێغەمبەرانی خۆی سەلامی خوایان لێ بێت، تا بە سیفاتی نموونەییەوە دەرکەون، ئەم سیفەتانە هەر لە کۆنەوە یاساو تەعلیماتی دینییان دەربارە بۆ دارێژراوە تا بوونەتە سیفەتی سرووشتی کەسایەتی دیندار.

پابەندبوون بەم سوننەتە سروشتیانەوە، هێنانەدی بەرژەوەندی دین و دنیایە، لەوانە جوانی سیماو رواڵەت و پاکژیی جەستەی مرۆڤە.

هەندێك لەو سوننەتە سروشتیانە کە لە فەرموودەی جیاوازدا هاتوون:

١- ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (الْفِطْرَةُ خَمْسٌ: الْخِتَانُ، وَالِاسْتِحْدَادُ، وَقَصُّ الشَّارِبِ، وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الْإِبْطِ) بوخاری و موسلیم واتە: سوننەتە سروشتیەكان پێنجن: خەتەنەكردن، بەرتاشین، سمێڵ كورت كردنەوە، نینۆك كردن، هەڵكەندنی مووی بن باڵ.

٢- عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(عَشْرٌ مِنْ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ وَقَصُّ الْأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ وَحَلْقُ الْعَانَةِ وَنَتْفُ الْإِبْطِ وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ) واتە: دە رەفتار هەن لە سوونەتە سروشتیەكانن: سمێڵ كورت كردنەوە، ریش هێشتنەوە، سیواك كردن، ئاو لەدەم رادان، نینۆك كردن، شتنی چرچولۆچی جەستە، هەڵكەندنی مووی بن باڵ، بەرتاشین، بەكارهێنانی ئاو بۆ تارات گرتن) موسعەب دەفەرموێ (یەكێكە لە پیاوانی سەنەدی فەرموودەكە) دەیەمیانم بیرچۆتەوە، ئەگەرئاولە لووت رادان نەبێت..

لەم دوو فەرموودە پیرۆزەوە روون دەبێتەوە كە سوونەتە سروشتیەكان زۆرن و مەرجیش نیە هەرئەم دەیە بن كە لێرەدا هاتوون بەڵام ئەوە هەیە كە ئەمانە لەوانن:

١- خەتەنە كردن ٢- تارات گرتن بە ئاو. ٣- سیواك كردن.

٤- نینۆك كردن. ٥- بەرسمێڵ كردن. ٦- ریش هێشتنەوە؟

٧- بەرتاشین. ٨- هەڵكەندنی مووی بن باڵ.

٩- شتنی چرچولۆچی پێست و سەرپەنجەو گوێچكەو ئەوانە..

١٠- ئاولە دەم ولووت رادان..

## خەتەنەكردن

خەتەنە: ووشەيەكى عەرەبيە ئەسڵەكەى (خَتَنَ)يە كە لە رووى زمانەوانيەوە كردارى رابوردووە بە ماناى (بڕى)..لە زاراوەشدا بريتيە لە لێكردنەوەى ئەو پێستەى بەسەرگۆپكەى زەكەرى نێرينەوسەرى ميتكەى مێيينەوەيە.

حوكمى شەرعى خەتەنەكردن بۆ ژن و پياو وەكو يەك نيە، خەتەنەكردن لەسەر پياوان فەرزەو بۆ ئافرەتان هيچ پابەنديەك نە بە فەرز نە بە سوننەت پێويست ناكات. ئەو بۆچوونەى شێخ ئيبنوعوسێمين رحمەالله كە لە گەورە شەرعناسانى حيجازبوو راستەوزياتر جێبايەخ نەبوونى خەتەنەى كچان لە ئيسلامدا دەخاتە روو كە دەفەرمویٚ: خەتەنە كردنى پياوان بەرژەوەندى پياوەكانى تێدايە، چونكە بە نەبڕينى ئەو پێستەى سەرگۆپكەى زەكەيان مەرجێكى نوێژ ناياتە دى كە بريتيە لە پاكژيى ئەندامانى لەش، چونكە لە كاتى هەبوونى ئەو پێستەدا ميزى تێدا كۆدەبێتەوە، بەڵام بۆ ئافرەتان وا نيە (ابن عثيمين: الشرح الممتع)..تەنها خەتەنە كردنى نێرينە فەرزە والله اعلم..

## ريش هێشتنەوە

هێشتنەوەى ريش بۆ پياوى موسوڵمان فەرزەو تاشينى حەرامە، ئەمەش راى زۆرينەى شەرعناسانە..والله اعلم..

ريش هێشتنەوە يان ردێن بەردانەوە، فەرزە.. چونكە ئەو بەڵگانەى لەسەرى هەن بە واجبى دەناسێنن، پێغەمبەرى پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانى بە پياوان داوە كە ريش بهێڵنەوەو سمێڵيان كورت كەنەوە، وەک دەفەرموێت: (خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ وَفِّرُوا اللِّحَى وَأَحْفُوا الشَّوَارِبَ) بوخارى واتە: پێچەوانەى موشريكان ريش بهێڵنەوەو سمێڵ كورت كەنەوە.. لەبەر ئەوەيە كە ريش تاشين شوبهاندنە بە كافران ئيمامى

ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: ریش تاشین حەرامە، ئیبنو حەزمیش كۆڕا (ئیجماع)ی شەرعناسانی نەقڵ كردووە كە هێشتنەوەی فەرزەو تاشینی حەرامە..

## سیواك

سیواك یان سیواوك: لە كرداری (سَاكَ)ەوە هاتووە بە مانای لێیخشاند.

لە رووی زاراوەییەوە بریتیە لە: هێنان و بردنی چیلكەیەك یان هاوشێوەی بەسەر دانەكاندا بۆ پاك راگرتنی، نەبادا زەردایی لێبنیشێت.. سیواككردن لە هەموو كاتەكانی شەووڕۆژدا شتێكی باشە، چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە وەسفیدا دەیفەرموو: (السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ، مَرْضَاةٌ للرَّبِّ) واتە: سیواك پاكژكەرەوەی دەمەو مایەی رەزامەندی خوای گەورەیە..

لە هەندێك كاتدا زیاتر تەئكید لە بەكارهێنانی سیواك كراوەتەوە، وەكو:

١- كاتی دەسنوێژگرتن: ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ الْوُضُوءِ) صحیح الجامع واتە: ئەگەر لەسەر ئوممەتەكەم سەخت نەبوایە فەرمانم پێ دەدان سیواك لە هەموو دەسنوێژێكدا بەكاربهێنن..

٢- كاتی نوێژكردن: ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ) بوخاری وموسلیم واتە: ئەگەر لەسەر ئوممەتەكەم سەخت نەبوایە فەرمانم پێدەدان سیواك لە هەموو نوێژێكدا بەكاربهێنن.

٣- كاتی قورئان خوێندن: سەیدنا عەلی كوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێكردبووین كە سیواك

بەكار بهێنین چونكە: لەو كاتەی بەندەیەكی خوا بۆ نوێژ هەڵدەستێت، فریشتەیەك دێتە پشتیەوەو گوێ لە قورئانەكە دەگرێت و زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە ئیتر هەر وا گوێ دەگرێت و نزیكتر دەبێتەوە تا دەمی دەخاتە سەر دەمی ئەو، ئیتر ئەم هەر ئایەتێك بخوێنێتەوە دەچێتە بۆشایی سینەی فریشتەكەوە. ئەلبانی: سلسلة الأحاديث الصحيحة.

٤- كاتی چوونە ماڵەوە: لە عائیشە خانیان پرسی خوا لێی رازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە دەهاتەوە ماڵەوە بە چی دەستی بە رەفتاری خۆی دەكرد؟!فەرمووی: بە سیواك كردن..

٥- كاتی شەو نوێژ: سەیدنا حوزەیفە خوا لێی رازی بێت فەرمووی: (كَانَ إِذَا قَامَ لِلتَّهَجُّدِ مِنْ اللَّيْلِ يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ) بوخاری و موسلیم واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە بۆ شەونوێژ هەڵدەستا سیواكی دەكرد..

٦- بێگومان كاتی ناخۆشی تامی دەم و كاتی زیادبوونی زەردایی سەر ددانەكان و پێش تێكەڵاوبوونی خەڵكی لە رۆژانی هەینی و بۆنەكان.

ئیمامی ئیبنولقەییم رحمه الله دەفەرموێ: سیواك: دەم بۆن خۆش دەكات، گەدە دەحەوێنێتەوە، دەنگ ساف دەكات، یارمەتی هەرس كردنی خۆراك دەدات، دەزوولەكانی دەنگ پاك دەكاتەوە، چالاكی قورئان خوێندن و زیكرو نوێژەكان زیاتر دەكات، جێ سەرسامیی فریشتەیە، مایەی زیادبوونی چاكەیە، لەسەر هەمووشیانەوە جێی رەزامەندی خوای گەورەیە.

## سوونەتە سروشتیەكان و ماوەیان

نینۆك كردن و سمێڵ كورت كردنەوەو مووی بن باڵ هەڵكێشان و بەرتاشین پەیوەندییان بە كاتەوە هەیە كە بۆیان دیاری كراوەو دەبێت لەو ماوەیەدا بكرێن؟!

كردنی ئەمانە بە پلەی سەرەكی ئیعتیماد دەكاتە سەر رادەی پێویستی ئەو كەسە بە كردنیان، هەیە تووكنەو پێوویست دەكات زوو زوو مووی بكات، هەیە نەشونمای زۆرترەو نینۆكی زووتر زیاد دەبێتەوەو دەبێت بیانكات.. بەڵام ئەوە بزانرێت كە نابێت هیچ یەكێك لەمانە لە چل رۆژ زیاتر توول بكێشن.. چونكە ئەنەسی كوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە بۆ كورت كردنەوەی سمێڵ و نینۆك كردن و هەڵكێشانی مووی بن باڵ و بەركردن، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێی نەداوە لە چل رۆژزیاتر تێپەڕێن..

* * *

## باسی شەشەم
## دەسنوێژ

پێناسەی: دەسنوێژ لە كوردیدا وەكو زاراوەیەك بەرامبەر بە (الوضوء)ی عەرەبی دانراوە، كە ئاماژەی تێدایە بۆ شتنی دەست و ئەندامە دیاری كراوەكانی تری لەش وەك پێشەكی نوێژ.. بەڵام ئەسڵەكەی لە زمانەوانی عەرەبیدا لە چاووگی (الوَضاَءَة)ەوە هاتووە كە بە مانای پاكوخاوێنی و تەڕو پاراوییە. (الوُضوء) بە هەبوونی بۆر (ضَمَّه) لەسەر واوەكەی بە مانای كرداری دەسنوێژ گرتنەكەیە، بە هەبوونی سەر (فَتْحَة) لەسەر واوەكەی (الوَضوء) مانای ئەو ئاوە دەگەیێنێت كە دەسنوێژەكەی پێ دەگیرێت..

له رووى زاراوەييشەوە بريتييه له بەكارهێنانى ئاو بۆ هەندێك ئەندامى لەش تا رێى نوێژكردن و خواپەرستنى ترى پێ بكرێتەوە..

دەسنوێژ گرتن رەفتارێكى شەرعيه چونكه بەڵگەى له قورئان و سوننەت و كۆڕاى شەرعناساندا هەيه:

- خواى گەورە له قورئاندا دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة/ ٦ واته: ئەى ئەو كەسانەى باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانيشك شتبێت و مەسحى سەرتان كردبێت و پێيەكانيشتان تا قولەپێ شتبێت..

- وەكو سوووننەتيش: ئەبوهورەيرە خوا لێى رازى بێت دەفەرموێ: پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووى: (لَا تُقْبَلُ صَلاةُ أحَدِكُمْ إذا أحْدَثَ وَلَمْ يَتَوَضَّأ)بوخارى و موسليم واته: نوێژى هيچ كەسێكتان قبووڵ نابێت ئەگەر دەسنوێژى شكابێت و نەيگرتبێتەوە.. هەروەها ئيبنوعومەر خواليێيان رازى بێت دەفەرموێ: گوێم لێبوو پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەيفەرموو: (لَا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةً بِغَيرِ طُهُورٍ) موسليم واته: خواى گەورە نوێژ له هيچتان به بێ دەسنوێژ قبووڵ ناكات..

- ئەمما كۆڕا (ئيجماع)ى شەرعناسان لەسەرى ئەوەيه كه فەرموويانه: نوێژ به بێ دەسنوێژ نابێت، مەگەر كەسێك به هيچ كلۆجێك نەتوانێت بيگرێت يان تەيەمومى بۆ نەكرێت..

## گەورەیی دەسنوێژ

١- دەسنوێژ نیوەی باوەڕە: ئەبو مالیكی ئەشعەری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ)واتە: دەسنوێژ نیوەی باوەڕە..

٢-گوناحە گچكەكان رادەدات: سەیدنا عوسمانی كوڕی عەففان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، خَرَجَتْ خَطَايَاهُ مِنْ جَسَدِهِ حَتَّى تَخْرُجُ مِنْ تَحْتِ أظفَارِهِ) موسلیم واتە: هەركەسێك بە راست و دروستی دەسنوێژ بگرێت، گوناحەكانی لە جەستەی دەچنە دەرێ، تا وای لێ دێت لە بن نینۆكەكانیشیەوە گوناح دەڕواتە دەرەوە.

٣- دەسنوێژ پلەو پایەی خاوەنەكەی بەرز دەكاتەوە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ئەرێ شتێكتان پێ رانەگەێنم كە گوناح دەسڕێتەوەو پلەوپایە بەرز دەكاتەوە؟! ووتیان: بەدی ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی دەسنوێژ شتن لە كاتی ناڕەحەتیدا، زۆر هەنگاو هەڵهێنانەوەی چوونە مزگەوت، دوای نوێژكردن چاوەڕوانی نوێژی داهاتوو، ئا ئەوە سەنگەر نشینیە، ئا ئەوە سەنگەر نشینیە، ئا ئەوە سەنگەر نشینیە. موسلیم.

٤- دەسنوێژ رێی چوونە بەهەشتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە بیلالی حەبەشی فەرموو:: (يَا بِلَالُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْته فِي الْإِسْلَامِ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ. قَالَ: مَا عَمِلْت عَمَلًا أَرْجَى عِنْدِي أَنِّي لَمْ أَتَطَهَّرْ طُهُورًا فِي سَاعَةٍ مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ إِلَّا صَلَيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كُتِبَ لِي أَنْ أُصَلِّيَ) بوخاری (١١٤٩) واتە: ئەرێ بیلال، چ كردارێكت هەیە كە لە هەموو كارەكانتدا ئومێدی زیاترت بەو هەیە، چونكە لە بەهەشتدا لە پێش خۆمەوە، گوێم لە خشپەی نەعلەكانت بوو، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا كارێكی وام نیە ئەوەندەی ئومێدە پێوە ببەستمەوە

مەگەر ئەوەی كە هەموو جارێك شەو بێت یان ڕۆژ كە دەسنوێژ دەشۆم پاشان چەندم بۆ نوسرا بێت نوێژی پێوە دەكەم..

٥- دەسنوێژ لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە مایەی نوورانیێتی موسوڵمان: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (تَبْلُغُ الحِلْيَةُ مِنْ المؤمِنِينَ حَيْثُ يَبْلُغُ الوَضوءُ) موسلیم و نەسائی واتە: نوری دەموچاوو دەستی موسوڵمان دەگاتە ئەوشوێنانەی كە ئاوی دەسنوێژی بەركەوتوە..

٦- دەسنوێژ گرێ كوێرەی شەیتان دەكاتەوە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:(يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ إِذَا هُوَ نَامَ ثَلَاثَ عُقَدٍ يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ فَإِنْ اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ)بوخاری و موسلیم واتە: هەر یەكێكتان كە دەخەوێت شەیتان لە پشت سەریەوە سێ گرێ دەدات، لەگەڵ هەر گرێیەكیاندا دەڵێت: بڕۆ ڕاكشێ، شەوێكی تووڵانیت بەسەردا بێت (یەعنی خەوت قورس بێت و بۆ خێرێك هەڵنەسیتەوە)، ئەگەر كابرا خەبەری بۆوەو زیكری خوای كرد گرێیەكیان دەكرێتەوە، ئەگەر دەسنوێژی گرت گرێیەكی تریشیان دەكرێتەوە، ئەگەر نوێژی كرد ئەوا گرێی سێیەمیش دەكرێتەوەو ئیتر گورجوگۆڵ و دەروون ئاسوودە دەبێت، ئەگەر نا ئەوە ئیتر دەروون ئاڵۆزو تەممەڵ دەبێت..

## كورتەی چۆنیەتی دەسنوێژگرتن

١- نیەتی دەسنوێژدەهێنێت، كە دەیەوێت بێ نوێژێتی خۆی لادات.

٢- بسم الله دەكات.

٣- سێ جاردەستەكانی دەشوات.

٤- به دەستى راستى و به یەك لوێچ ئاو لەدەم و لووتى پێكەوە را دەدات، پاشان تفى دەكاتەوەو فم (یان فن) دەكات..

٥- سێ جاربه دەستى چەپى فم دەكات.

٦- سێ جاردەموچاوى دەشوات وریشى هەڵدەگڵۆفێت.

٧- دەستى راستى پاشان دەستى چەپى تا ئانیشكى دەشوات، هەر به پەنجەكانى دەست به نێوان پەنجەكانیدا دەهێنێت.

٨- به دەستى تەڕمەسحى سەرى دەكات، بەوەى یەكجاردەستى به پێشەوەى سەریدا دەباته پشت سەرى و دەیهێنێتەوە..

٩- مەسحى ناوەوەو دەرەوەى گوێچكەكانى دەكات.

١٠- پێیەكانى تا قولەپێ دەشوات، پێى راستى پێش چەپى، لەگەڵ دەست وەردان له نێوان پەنجەكانى پێى..

## نییەت مەرجى دروستى دەسنوێژە

نییەت وویست و ئیرادەى دڵە كه خاوەنەكەى نیازى وایه ئەم خواپەرستیه بهێنێته دى كه دەسنوێژ گرتنه، چونكه ئەمه له هەموو خواپەرستیەكدا داواكراوە، وەك خواى گەوره دەفەرموێ: (وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء) البينة/٥ واته فەرمانى ئەوەیان پێدرابوو كه تەنها خواى پاك وتاك به سەر ڕاستانه بپەرستن.. پێغەمبەرى پێشەواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّمَا الاعْمَالُ

بِالنِّيَّاتِ وإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى) بوخاری واته: هه‌موو كرده‌وه‌یه‌ك به‌ پێی نیه‌ته‌، نیه‌تی هه‌ركه‌س چۆن بوو، هه‌رئاوای به‌رده‌كه‌وێت..

## نیه‌ت هێنان له‌ دڵدایه‌و به‌ له‌فز ناووترێت

ئیمامی ئیبنوته‌یمییه‌ ره‌حمه‌تی خوای لێبێت ده‌فه‌رموێ: هه‌موو پێشه‌وایانی شه‌رع له‌سه‌ر ئه‌وه‌ رێكن كه‌ شوێنی نییه‌ت دڵه‌و به‌ زوبان هیچی بۆ ناوترێت، ئه‌مه‌ش بۆ هه‌موو خواپه‌رستیه‌كان وه‌كو یه‌كه‌، بۆ نوێژو زه‌كات و رۆژوو حه‌ج و ئازادكردنی كۆیله‌و جیهادو ئه‌وانی تریش..

كه‌وابوو نیه‌ت به‌ له‌فز ناوترێت و هه‌ر كه‌سێك به‌ له‌فزو به‌ ده‌نگی به‌رز ووتی، بیدعه‌یه‌كی داهێناوه‌و سه‌ری له‌ خه‌ڵكی تر شێواندووه‌، بۆیه‌ هه‌ندێك له‌ شه‌رعناسان فه‌رموویانه‌: هه‌ر كه‌سێك راهاتبێت كه‌ به‌ له‌فز بیڵێت ده‌بێت پێی بووترێت كه‌ وازی لێ بهێنێت، ئه‌گه‌ر هه‌ر به‌رده‌وام بوو ده‌بێ سزا بدرێت تا ته‌ركی ده‌كات، چونكه‌ ئه‌وی به‌ ده‌نگی به‌رز نییه‌ت ده‌هێنێت كاری خراپه‌ ده‌كات، ئه‌گه‌ر له‌ رووی دینیشه‌وه‌ وا بزانێت ئه‌مه‌ جائیزه‌، ئه‌وه‌ خاوه‌ن بیدعه‌یه‌.. پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوه‌رانی كه‌سیان نیه‌تیان به‌ له‌فزی زمان نه‌هێناوه‌و هیچ ریوایه‌تێكیان لێوه‌ نه‌گێڕراوه‌ته‌وه‌ بسه‌لمێنێت كه‌ تاكه‌ كه‌سێكیشیان نیه‌تی به‌ زوبان هێنابێت..

روكنه‌كانی ده‌ستنوێژ

روكنی شتێك یه‌عنی به‌شێك له‌ پێكهاته‌كه‌ی، ئه‌وه‌ی ده‌بێته‌ مایه‌ی هه‌بوونی، ئه‌ركانی ده‌ستنوێژ بریتیه‌ له‌و ره‌فتارانه‌ی كه‌ به‌ هه‌موویان حه‌قیقه‌تی ده‌ستنوێژه‌كه‌ پێك ده‌هێنن، ئه‌گه‌ر یه‌كێكیان ئه‌نجام نه‌درا ده‌ستنوێژه‌كه‌ به‌تاڵ ده‌بێت.. ئه‌ركانه‌كانی ده‌ستنوێژیش ئه‌مانه‌ن:

یەكەم: شتنی هەموو دەموچاو: دەمووچاو، واتە: روو: ئەوەی لە رووبەڕوو بوونەوەدا دەردەكەوێت، كە بریتیە: لە باری پانایی لە گوچێكەوە بۆ گوێچكە و لە باری درێژیی لە بنجی مووەكانی سەر ناوچەوانەوە بۆ كەسانی ئاسایی تا چەناگە، یان لەو شوێنەوە كە ئیتر تەختی ناوچەوان بەرەو تەوقی سەركۆتایی پێ دێت تا چەناگە.

شتنی دەموچاو روكنێكە لە روكنەكانی دەسنوێژ و دەسنوێژ بێ ئەم روكنە باتڵە، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ)المائدة/٦ واتە: كە هەستان بۆ نوێژ، بڕۆن دەموچاوتان بشۆن (یەعنی دەسنوێژ بشۆن كە دەموچاو شتنەكە روكنەكەیەتی) هەر كەسێكیش چۆنیەتی دەسنوێژ گرتنی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاوەتەوە ئەوەی باس كردووە، بۆیە كۆڕای شەرعناسانیش لەسەر ئەو بۆچوونەیە..

ئاو لە دەم و لووت رادان واجبە: ئاو رادان لە دەم: بریتیە لەوەی بڕێك ئاو بخرێتە دەمەوەو لەدەمدا هاتو چۆی وەك غەرغەرەی پێ بكرێت.ئاو لە لووت رادان كە لە عەرەبیدا دوو رەفتارە:

یەكەمیان گەیاندنی ئاوەكەیە بە ناو لووت و هەڵمژینی، ئەمە پێی دەوترێت (الإِسْتِنْشَاق).

دووەمیان فم (یان فن) كردنەوەی ئاوەكەیە (واتە فڕێدانە دەرەوەی بە تین و فشارەوە) ئەمەیان لە عەرەبیدا پێی دەوترێت: (الإِسْتِنْثَار) زۆر لە شەرعناسان ئەم دوو رەفتارە لە دەسنوێژدا بە واجب دەزانن، چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی تایبەتی بە ئەنجامدانی ئەم دوو رەفتارە داوە، كە فەرموویەتی: (مَنْ تَوَضَّأَ فَلْيَسْتَنْثِرْ) واتە: هەر كەسێك دەسنوێژی گرت با ئاو لە لووتی رادات، لە ریوایەتێكی تردا دەفەرموێ: (إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً ثُمَّ لِيَسْتَنْثِرْ)

هەردووكیان سەحیحن و لە بوخارى و موسلیمدان واتە: ئەگەر یەكێكتان دەسنوێژى گرت با ئاو لە لووتى راداو فم (یان فن) كاتەوە..

ئیمامى ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: جەخت كردنەوەى پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەرئاو لە لووت رادان لەبەرئەوەى نیە كە گرنگتربێت لە پاك راگرتنى دەم، كە بەرێزترەو جێى زیكرى خواو خوێندنى قورئانەو زۆرتر بە هۆى رۆژوو گرتنەوە بۆنى دێت، بەڵكو والله اعلم، لەبەر ئەوەیە كە دەم بە بەكارهێنانى سیواك و شتى دواى نان خواردن و(بە پێى هەندێك بەڵگە) پێش نان خواردنیش، بە جۆرێك لە جۆرەكان جێ بایەخ دەبێت و هەرچۆنێك بێت هەربە پاكژیی دەمێنێتەوە، بەڵام لووت پاك كردنەوە، ئەگەر ئەو تەئكیدەى لێ نەكرێتەوە لەوانەیە ئیهمال بكرێت. (شرح العمدة)..

وە فەرموودەى تایبەت بە ئاو لەدەم رادان هەیە، وەك ئەوەى كە لەقیتى كورِى سەبرە خوا لێى رازى بێت دەگێرِێتەوە كە پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووى: (إِذَا تَوَضَّأْتَ فَمَضْمِضْ) ئەبوداوودو ترمذي و نەسائى واتە: ئەگەر دەسنوێژت شت، ئاو لە دەمت وەردە..

هەرچەند هەندێك لە شەرع ناسان فەرمویانە واجب نییە، بەڵام بەڵگەكانیان زۆر بەهێز نییە، بۆیە من پێم وایە ئاو لەدەم و لووت رادان لە غوسڵ و دەسنوێژدا واجبە.. والله اعلم.

شتنى ریش و برۆى پرِ: ئەگەر كەسێك ریشى یان برۆكانى پرِ بن، دەبێت لەگەڵ شڵپ پێدانى ئاوى دەسنوێژدا دەستیان تێخات تا ئاو بگاتە بن مووەكان.. خودى ریش ئەگەر درێژ بووبێتەوە دەبێت بشۆرێت، چونكە جگە لەوەى مووەكان لە جێیەكەوە هاتوون كە شتنى فەرزە، ریشەكەش حوكمى دەم و چاوەكەى وەرگرتووە..

دووەم: شتنى دەستەكان تا ئانيشك: خواى گەورە دەفەرمویٚ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ) المائدة/٦ واتە: ئەى ئەو كەسانەى باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەم و چاوو دەستان تا ئانيشك شتبێت. لەبەر ئەم بەڵگەيەيە كە شەرعناسان لەسەر ئەوە يەكڕان كە دەست شتن لە دەستنوێژدا واجبە..

پيتى (إِلَى) كە لە ئايەتەكەدا (وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ) هاتووە، بە ماناى (مَعَ)يە واتە: لەگەڵيدا.. هەر وەكو ئەو ئايەتەى ترە كە خواى گەورە دەفەرمویٚ: (وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ) النساء/٢ واتە: سەروەت و سامانى هەتيوان مەخەنە گەڵ سەروەت و سامانى خۆتان و بيخۆن.. يان (وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ) هود/٥٢ واتە: هێزێكى تريشتان لەگەڵ هێزەكەى خۆتاندا پێ دەبەخشێت.. مەزهەبى جمهور (چوار مەزهەبەكە جگە لە مالیكى) فەرموويانە: ئانيشكەكانيش دەبێت بشۆرڕێن..

كردارى پێغەمبەرى نازداريش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەڵگەيەكى ترە كە نوعەيمى كوڕى عبداللهى موجمير دەگێڕێتەوە كە سەيدنا ئەبو هورەيرەى بينيوە خوا لێى رازى بێت دەسنوێژى ئاوا گرتووە: (فَغَسَلَ وَجْهَهُ فَأَسْبَغَ الْوُضُوءَ ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُمْنَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي الْعَضُدِ ثُمَّ يَدَهُ الْيُسْرَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي الْعَضُدِ ثُمَّ مَسَحَ رَأْسَهُ.. قَالَ هَكَذَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتَوَضَّأُ) موسليم (٢٤٦) واتە: دەم و چاوى شت، ئينجا دەست و بازووى راستى تا ئانيشكى شت، ئينجا دەست و بازووى چەپى تا ئانيشكى، پاشان مەسحى سەرى كرد.. پاشان فەرمووى: ئاوا پێغەمبەرى خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبينى كە دەسنوێژى دەشت..

سێيەم: مەسحى سەر: خواى گەورە دەفەرمویٚ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة/٦ واتە: ئەى ئەو كەسانەى باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان

با دەموچاوو دەستان تا ئانیشك شتبێت و مەسحی سەرتان كردبێت و پێیەكانیشتان تا قولە پێ شتبێت..

شەرعناسان لەسەر ئەوە كۆن كە مەسحی سەر فەرزە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەردەوام مەسحی هەموو سەری كردووە، دەستی تەڕی بە پێشە سەریدا بەرەو پشتە سەری پیرۆزی هێناوەو بردووە..

لە هیچ ڕێگایەكەوە ریوایەتێك نەسەلمێنراوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ یەك جاریش بێت تەنها پێشەسەری مەسح كردبێت و بەس.. ئەوەش بەڵگەی ئەو شەرعناسانە بەهێز دەكات كە دەفەرموون مەسحی هەموو سەر فەرزە..

سەر بە خەنەو مەسحی سەری: ئەگەر كەسێك خەنە یان هاوشێوەی لەسەر گرتبوو كە عادەتەن ئەو كەسە سەری دادەپۆشێت، مەسحی سەری ئەم كەسە بەسەر سەربەستەكەوە دەكرێت و پێویست ناكات سەربەستەكەی لادات..

چوارەم: مەسحی هەردوو گوێچكە: مەسحی گوێچكەكانیش فەرزە، چونكە بەسەرەوەن و وەكو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الأُذُنَانِ مِنْ الرَّأسِ) ئەلباني (سلسلة الاحاديث الصحيحة) واتە: گوێچكەكان بەشێكن لە سەر، مەبەستی ئەوەیە كە حوكمی ئەو وەردەگرن.. سەنعانی دەفەرموێ: ریوایەتەكان لەسەر مەسحی گوێچكە زۆرن، لە عەلی كوڕی ئەبو تالیب و ئیبنو عەبباس و روبەیع و عوسمانی كوڕی عەففانەوە خوا لێیان رازی بێت گێڕراونەتەوە، هەمووشیان ئەوە دەسەلمێنن كە یەكجار مەسحی گوێچكەی دەكرد، یەعنی بە یەكجار ئاو بەكارهێنان..

مەسحی پشت مل و گەردن: هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نیە كە بە سوونەتیش هەژماردن بكرێت(ئەلباني (سلسلة الاحاديث الصحيحة)

پێنجەم: شتنی پێیەكان تا قولەپێ: لای جمهوری ئەهلی سوونەت شتنی پێەكان تا قولە پێ لە دەسنوێژدا فەرزە، چونكە خوای گەورە فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ

آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة/٦ واته: ئەی ئەوكەسانەی باوەڕتان هێناوه ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشك شتبێت و مەسحی سەرتان كردبێت و پێیەكانیشتان تا قوله پێ شتبێت..

هەروەها هەر كەسێك له یاوەران باسی چۆنیەتی دەسنوێژی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕابێتەوه هەر باسی له شتنی پێی پیرۆزی كردووه كه تا قولەپێكانی شتوونی..

پەنجەوەردان له نێوانی پەنجەكانی پێ: پێویسته له كاتی دەسنوێژو شتنی پێیەكاندا موسوڵمان به پەنجەكانی دەستی نێوان پەنجەكانی پێی بشوات چونكه ئەوانیش بەشێكن له پێیەكان وله حوكمی شتنەكەدان..

شەشەم: ریزبەندی رەفتارەكانی دەسنوێژ فەرزە: واته: شتن و مەسحی ئەندامەكان یەك لەدوای یەك بەو ریزبەندییەی له ئایەتەكەدا هاتووه بێ ئەوەی پاش و پێش بخرێن، شتنی دەموچاو، پاشان دەستەكان، پاشان مەسحی سەر، پاشان شتنی پێیەكان..ئەم ریزبەندییه فەرزە..

حەوتەم: یەكسەری (الموالاة): واته بەجێهێنانی رەفتارەكانی دەسنوێژیەكسەر، یەك له دوای یەك بێ ئەوەی ماوەیەكی وا بكەوێته نێوانیانەوه كه ئەندامی پێشوو ووشك ببێتەوه.. ئەمه بەلای زۆرله شەرعناسانەوه فەرزە، بەڵام ئیمامی مالیك دەفەرموێ ئەگەر ناچاربوو قەیدی نیه.. ئیبنو تەیمییەش ئەمەی ئیمامی مالیكی پێ پەسەندتر بووه..

دەشێت ئەوەش ببێته بەڵگه كه سەیدنا عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت رۆژێك دەسنوێژی شت، بەقەدەر نینۆكێك به پێیەوه ووشكایی دیار بوو، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كه بینی فەرمووی: (إرْجَعْ فَأحْسِنْ وُضَوءَكَ)

موسلیم واته: بگەڕێرەوه دەسنوێژەكەت بە باشی بگرە ئەویش گەڕایەوە دەسنوێژەكەی گرتەوەو پاشان نوێژەكەی كرد..

دیسان ریوایەتێكی تریش هەیە كە یاوەران (وەكو خالیدی كوڕی مەعدان) دیوویانە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كەسێكی بینیووە لە پشتی پێیەوە سپییایەك بەقەدەر درهەمێك درەوشاوەتەوە كە جێی نەشوشتنی بووە، پێی فەرمووە كە دەسنوێژەكەی بشواتەوەو ئینجا نوێژەكەی بكات..شێخی ئەلبانی لە ارواء الغليل بە سەحیحي داناوە..

## سوونەتەكانی دەسنوێژ

١- سیواك كردن: پێشتر لە سوننەتە سروشتیەكاندا باسمان كرد.

٢- دەسپێكردن بە بسم الله: دەسپێك بە بەسمەلە (ووتنی بسم الله) چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللهِ عَلَيهِ) ئەلبانی لە الارواء دا بە حەسەنی داناوە واتە: هەر كەس بسم الله نەكات دەسنوێژەكەی بۆ حسێب نابێت..بسم الله كردن سوونەتە، فەرز نییە.

٣- شتنی لەپ و پشتی دەست هەر لە سەرەتاوە: لەبەر ئەو فەرموودەی بوخاری كە سەیدنا عوسمان گێڕاویتیەوە كە فەرمووی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دەسنوێژەكەیدا سێ جاری ئاو كرد بە دەستیداو شتنی.

٤- ئاو لە دەم و لووت رادان بە لوێچی دەستێك: وەكو لەو فەرموودەدا هاتبوو كە عبداللەی كوڕی زەید گێڕایەوە، كە فەرمووی: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ فێركردنی یاوەران ئاوی لە دەم و لووتی بە لوێچێك رادا، سێ جاریش وای كرد.. موسلیم و ترمذي و ئیبنوماجە.

٥- زۆر ئاو له دەم ولووت رادان بۆ كەسێك كە بەڕۆژوو نەبێت: بەڵگەی ئەمیش فەرموودەكەی لەقیتی كوڕی سەبرەیە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (.. وَبَالِغْ فِي الإِسْتِنْشَاقِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَائِمَاً) ئەبو داوودو نەسائی واتە: زۆر ئاو لە لووتت رادە مەگەر بە ڕۆژوو بیت (كە بە ڕۆژوو بوویت زۆروا مەكە)..

٦- پێش خستنی ئەندامە راستەكان پێش ئەندامە چەپەكان: لە فەرموودەیەكی لای ئیبنو عەبباسدا خوا لێیان رازی بێت هاتووە كە لە وەسفی چۆنیەتی دەسنوێژی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: پاشان لوێچێك ئاوی هەڵگرت و دەستی راستی پێ شت، ئینجا لوێچێكی تری ئاو هەڵگرت و دەستی چەپی پێ شت، پاشان مەسحی سەری كرد، پاشان لوێچێك ئاوی تری هەڵگرت و رشتی بەسەر پێی راستیدا تا شتی، ئینجا لوێچێكی تر ئاو هەڵگرت و رشتی بەسەر پێی چەپیداو شتی..

٧- شتنی ئەندامەكان سێ جار: چونكە ئەوە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەلمێنراوە كە ئەندامانی دەسنوێژی سێ جار دەشت. بوخاری

بەڵام ئەم سێ جارانە، مەسحی سەر ناگرێتەوە: چونكە هیچ ریوایەتێك نەسەلمێنراوە كە باس لە سێ جار مەسحی سەر بكات.

- زیاتر لە سێ جاریش زێدەڕۆییە (ئیسرافە): هەر كەسێك سێ جاری تەواو ئەندامانی دەسنوێژی خۆی شت، ئیتر فەرمانەكەی خوای گەورەی بە راست و دروستی تەواو كردووە، ئیتر هیچ پێویستی بە زیاتر كردنیان نیە..بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشە سەختەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەیگرێتەوە كە دەفەرموێت: (هَذا الوُضُوءُ، فَمَنْ زَادَ عَلَى هَذا فَقَدْ أسَاءَ وَتَعَدَّى وَظَلَمَ) واتە: ئەمە دەسنوێژە، هەر كەسێك لەمە زیاتر بكات، ئەوە خراپەی كردووە، لە سنوور دەرچووەو ستەمی كردووە..

٨- دەستوەردان لە ریشی پڕ: سەیدنا ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كاتێك دەسنوێژی دەگرت مشتێك یان لوێچێك ئاوی هەڵدەگرت و دەیگەیاندە بن چەناگەی تا ریشی پێ تەڕ كات، ئینجا پەنجەكانی بە نێوان ریشیدا دەهێناو دەبرد، دەشیفەرموو: (هكَذا أَمَرَنِي رَبِّي)ئەبو داوودو بەیهیقی واتە: پەروەردگاری خۆم وا فەرمانی پێداوم..

٩- دەست خشاندن لە ئەندامانی دەسنوێژ: هەر كەسێك كە دەسنوێژ دەگرێت، دەبێت كە ئاوەكە دەكات بەسەر ئەندامانی دەسنوێژیدا دەستیشیان لێ بخشێنێت. چونكە عبداللهی كوڕی زەید خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی دەسنوێژی دەشت، دەستی بەسەر قۆڵ و باسكیدا دەهێناو دەبرد.. سەحیحی ئیبنو حیببان.

١٠- دەست هێنان بە نێوان پەنجەكانی دەست و پێدا: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَسْبِغْ الوُضُوءَ وخَلِّلْ بينَ الأَصَابِعِ )ترمذي وئەبوداود واتە: دەسنوێژت راست و دروست بگرە، پەنجە بە نێوان پەنجەكاندا بهێنە.

١١- شتنی زیاتر لە جێی دەسنوێژەكە: ئەمە باشترە، كە دەموچاوی دەشوات كەمێك زیاتر لە سەروو ناوچەوانیەوە بشوات، یان لە پشت ئانیشك و قولە پێیەوە، چونكە ئەم شوێنانە لە قیامەتدا نووریان لێ دەبارێت و دەبنە هۆی ناسینەوەی موسوڵمان.

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إنَّ أُمَّتِي يُدْعَوْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ فَمَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يُطِيلَ غُرَّتَهُ وَتَحْجِيلَهُ فَلْيَفْعَلْ) بوخاری وموسلیم واتە: ئوممەتەكەی من لە قیامەتدا كە دێن ناوچەوانیان نورانیەو قۆڵ و باسكیشیان سپیەو نوریان لێ دەبارێت، هەمووی لە ئاسەواری دەسنوێژە، جا ئەوی دەتوانێت ناوچەوان (الْغُرُّ) و قۆڵ و باسكی (التَّحْجِيل) زیاتر تەڕكات با بیكات..

١٢- ئاو كەم بەكار هێنان: لەبەر ئەو فەرموودەی كە ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەیگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ به ساعێك بۆ پێنج موود دەسنوێژی دەشت (یەعنی لە نێوان ٢-٥ر٢ لیتر، چونكه ساعێك چوار موودە، موودێكیش نیو لیترە).

١٣- دوعای دوای دەسنوێژ: سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ، ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةِ، يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ) موسلیم واتە: هەر كەسێكتان دەسنوێژێكی پاك و پوخت بگرێت و پاشان بڵێ شایەتی دەدەم كە هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە كە هاوەڵی نیە، وە شایەتی دەدەم كە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەندەو نێرراوی خوایە، ئەوە هەر هەشت دەرگاكەی بەهەشتی بۆ دەكرێتەوەو لە كامیانەوە حەزبكات دەڕواتە ژوورەوە..

١٤- كردنی دوو ركات نوێژ لە دوای دەسنوێژ: لەبەر ئەو فەرموودەی لای سەیدنا عوسمان خوا لێی رازی بێت كە عومران لێوەی دەگێڕێتەوە: كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: هەركەسێك ئاوا ئەم دەسنوێژەی من بگرێت، پاشان دوو ركات نوێژ بكات و نەكەوێتە قسەی زیادەوە، ئەوە لە هەموو گوناحەكانی پێشووی دەبوررێت. بوخاری و موسلیم.

ووشك كردنەوەی دوای دەسنوێژ: هیچ حوكمێك لەبەر دەستدا نیە رێ لە ووشك كردنەوەی تەڕێتی ئەندامەكانی دەسنوێژ بگرێت.. سەلمێنراوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسنوێژی گرت پاشان بە بەرگی ناوەوەی جببە خوریەكەی دەموچاوی ووشك كردەوە.. ئیبنو ماجە..

هیچ ئیشکالێک نییە لە بەکار هێنانی دەستەسڕ بۆ ووشك کردنەوەی ئەندامانی دەسنوێژ، ئەوەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەرکەم کردنەوەی پاداشت نیە..

دەسنوێژو بۆیەی نینۆك:

زۆرینەی ئەم بۆیە کە بۆ رەنگ کردنی نینۆك بەکار دێن رێ لە تەڕ بوونی نینۆك دەگرن، بۆیە حوکمی شەرعییان ئەوەیە کە دەسنوێژ بەسەریاندا بە تاڵە، دەشێت لە کاتی بێ دەسنوێژیدا بەکار بێن.. رەنگێك کە رێ لە ئاوی دەسنوێژ نەگرێت وەکو خەنەو شتی وا، ئەوە رێپێدراوەو دەشێت پاش و پێشی دەسنوێژ بەکار بهێنرێن.. هەرچەندە ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەیفەرموو: خێزانەکانمان باشترین خەنە لە دەستیان دەدەن، دوای عیشا بەکاری دەهێنن و پێش نوێژی بەیانی لێی دەکەنەوە. ابن ابی شیبة (١/١٢٠).

## دەسنوێژ شکان

دەسنوێژ شکان، یەعنی نەمانی دەسنوێژ، ئەویش بە یەکێك لەمانەی خوارەوە دێتە دی:

<u>یەکەم: هاتنە دەرەوەی میزو پیسایی یان با لە یەکێك لە دەرچەکانیانەوە:</u> لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ: (أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ) المائدة/٦ واتە: ئەگەرکەسێکتان لە دەست بە ئاوگەیاندنەوە هاتەوە..چۆن لە کوردیدا دەست بە ئاوگرتن مانای میزکردن یان پیسایی کردنی هەیە، لە عەرەبیشدا (الغائِط) .. رای شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆیە کە هەر کەسێك میز یان پیسایی یان بای لە رێی ئاسایی خۆیانەوە (لە پێش یان لە پاش) هاتە دەرەوە ئەوە دەسنوێژی شکاوە.. بەڵام هاتنە دەرەوەیان لە غەیری ئەو دوو شوێنە ئاساییانەوە، وەکو ئەوەی برینێك لە میزەڵداندا هەبێت یان لە گەدەدا، ئەوە موناقەشەی شەرعناسانی لەسەرە..من پێم

وایە ئەگەرکون لە سك یان ریخۆڵەی کرابوو، با لەوێوە هات دەسنوێژ دەشکێنێت چونکە هەمان پێکهاتەی بایەکەی دەبێت، بەڵام ئەگەرکونێك لە پشتیەوە بۆ سەر سیەکانی یان بۆری هەناسەی کرابوو ئەمە چ پەیوەندیەکی بە حوکمی دەسنوێژەوە نابێت. والله اعلم.

روون کردنەوەیەك: جاری وا هەیە ئافرەت هەست دەکات وەکو با لە پێشی دێتە دەرەوە، ئەمە لە حاڵەتی ئاساییدا بە با لێبوونەوە حسێب ناکرێت و دەسنوێژی پێ ناشێکێت، چونکە حوکمی وەکو قرقێنەیە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك کونی پێش و پاشەوەی بوو بە یەك (وەکو حاڵەتی عەمەلیات) و هەستی بە با لێبوونەوە لە پێشەوە کرد، دەبێت لە رووی ئیحتیاتەوە وا حسێب کات کە دەسنوێژەکەی شکاوە..

بەڵام با لێبوونەوە دەنگدار بێت یان بێ دەنگ دەسنوێژ دەشکێنێت، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ أحَدِكُمْ إذَا أحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ). متفق علیه واتە: خوای گەورە نوێژی ئەو کەسە قبووڵ ناکات کە دەسنوێژی دەشکێت تا دەسنوێژ نەگرێتەوە..

<u>دووەم: هاتنە دەرەوەی مەنی و وەدی و مەزی:</u> بە کۆڕا (ئیجماع) ی شەرعناسان هاتنە دەرەوەی هەریەکێك لە مەنی و وەدی و مەزی دەسنوێژ دەشکێنێت..

- مەنی: ئەوە ئاشکرایە کە هەرچی شتێك غوسڵ پێویست بکات دەسنوێژیش دەشکێنێت..

- مەزی: لەبەر ئەو ریوایەتەی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبە کە فەرمووی: (كُنْتُ رَجُلاً مَذَّاءً فَأَمَرْتُ رَجُلاً أَنْ يَسْأَلَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِمَكَانِ ابْنَتِهِ فَسَأَلَ فَقَالَ: تَوَضَّأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ) واتە: کەسێك بووم مەزیم زۆر بوو شەرمم دەکرد لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بپرسم لەبەر کچەکەی (زاوای بوو) بە

كابرایەكم ووت: بۆم پرسە لێی، بۆی پرسیم پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: زەكەرت بشۆو دەسنوێژ بگرە.

- وەدیش هەر ئەو حوكمەی هەیە، بۆ ئەویش هەر زەكەری دەشوات و دەسنوێژەكەی دەگرێت. ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەربارەی هەر سێكیان دەفەرموێ: مەنی: ئەوە غوسڵی لەسەرە، ئەمما وەدی و مەزی، هەر زەكەرتیان لێ بشۆرەوەو دەسنوێژی خۆت بۆ نوێژ بگرە..

حوكمی ئەو كەسەی كە با لێبوونەوەی زۆرە، یان ئەوی مەزی زۆرەو بەردەوام لێی دێت، هەروەكو حوكمی میزەچركێ و خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە)ی ژنانە. پیسە بەڵام لەش پیس ناكات، شوێنەكەی دەشۆرێت و دەسنوێژی نوێ بۆ هەر نوێژێك دەگیرێتەوە..

<u>سێیەم: خەوێك بێ هۆشی دروست كردبێت:</u> ئەو خەوتنە دەسنوێژ دەشكێنێت كە هۆشی لەگەڵدا نەمابێت، كە بۆ نموونە خاوەنەكەی لیك بە دەمیدا هاتبێتە خوارەوەو هەستی پێ نەكردبێت، یان لە قسەی دەوروبەرەكەی تێنەگەیشتبێت، یان شتێكی بە دەستەوە بووبێت و لێی كەوتبێتە خوارەوەو نەیزانیبێت.. چونكە هەموو ئەمانە ئیحتیمالی دەسنوێژ شكانیان هەیە، ئیتر دەستنوێژەوان لە ركوعدا بێت یان لە سوجدەدا، دانیشتبێت یان بە پێوە بێت، شانی دادابێت یان راكشابێت گرنگ نیە..چونكە وا دیارە ئەوە یاوەران لە چاوەڕوانی پێغەمبەری خۆشەویستدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تووشیان دەبوو، یان ئەوەی ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت لە ناو نوێژەكەدا كە لە خزمەت پێغەمبەری بەرێزدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو تووشی دەهات، هەمووی هەر خەوەنووچكە بووە بۆیە كاریگەری لەسەر دەسنوێژیان نەبووە..

گومان کردن لە دەسنوێژی خەوەنووچکە: ئەگەرکەسێك دەسنوێژی هەبوو بەڵام خەو بردیەوەو هۆشی لە خۆی و دەوروبەری ما، پێویست ناکات خۆی بخاتە سەر گومانی ئەوەی کە گوایە دەسنوێژەکەی نەماوە..چونکە لە ئەسڵدا ئەو دەسنوێژی هەبووە، بە پێی ئەو ڕێسایەی دەفەرموێ: (الْيَقِينُ لَا يَزُولُ بِالشَّكِّ) واتە: دڵنیابوون بە گومان لاناچێت، گومان کردنەکەی ئەسڵەکە لانادات کە دڵنیابوون (یەقین) بووە لە هەبوونی دەسنوێژ، ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئیبنو تەیمییەیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

<u>چوارەم: لە هۆش خۆ چوون بە شێتبوون یان سەرخۆشی یان بورانەوە:</u> ئەمانە هەمووی بە کۆڕا (ئیجماع) ی شەرعناسان، دەسنوێژدەشکێنن..

<u>پێنجەم: دەستدان لە عەورەت بە رووتی:</u> رای شەرعناسان لە مەسەلەی دەستدان لە زەکەرجیاوازە، پوختەی حوکم بە لامەوە: هەرکەسێك دەستی بەرزەکەری کەوت بە ئەنقەست یان لە ناغافڵ، بە چێژیان بێ چێژ، حەتمەن دەسنوێژی شکاوە.. والله اعلم.

## هەندێك باسی ترلەسەردەسنوێژ

## دەست لە عەورەت دان

١- ئەگەر ئافرەت دەستی بەر عەورەتی خۆی کەوت ئەوە دەسنوێژەکەی شکاوە: چونکە عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: ئەگەر ئافرەتێك دەستی لە عەورەتی خۆی دا پێویستە دەسنوێژ بگرێتەوە.عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە گێڕایەوە کە پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْ يَتَوَضَّأْ، وَأَيَّمَا إِمْرَأَةٍ مَسَّتْ فَرْجَهَا فَلْتَتَوَضَّأْ) ئەحمەدو بەیهیقی واتە: هەرکەسێك دەستی لە زەکەری دا با دەسنوێژ بگرێتەوە، هەرژنێکیش دەستی لە عەورەتی خۆی دا با دەسنوێژ بگرێتەوە..

٢- هەر کەسێك دەستی بەر عەورەتی کەسێکی تر کەوت: پێم وایە دەستدان لە عەورەتی منداڵ و مردوو دەسنوێژ ناشکێنێت، مەگەر بۆ چێژو لەزەت، بەڵام دەستدان لە عەورەتی خۆو عەورەتی کەسێکی باڵغی زیندوو دەسنوێژ دەشکێنێت.. والله اعلم.

٣- دەستدان لە عەورەت بە ئەنقەست بەرکەوتنی یەك حوکمی هەیە: ئەمەش رای ئیمامی ئەوزاعی و شافیعی و ئیسحاق و ئەحمەدە..کەسێك بە ئەنقەست یان بە هەڵە بای لێ بێتەوە دەسنوێژەکەی دەشکێت، ئیتر بۆچی جیاوازی خراوەتە نێوان بە ئەنقەست و بە هەڵە دەستدان لە عەورەتەوە؟! خۆ حوکمی شەرعی کە لەسەرمەرج و روکنەکان دادەمەزرێت لەسەر هەردووکیان وەکو یەکە.. بە هەڵەداچوون گوناهباری لا دەبات نەك حوکمە شەرعیەکە..

٤- دەستدان لە عەورەت بەسەر پۆشاکەوە دەسنوێژ ناشکێنێت: چونکە پێی ناوترێت دەست لێدان.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِذَا أَفْضَى أَحَدُكُمْ بِيَدِهِ إِلَى فَرْجِهِ، وَلَيْسَ بَيْنَهُمَا سِتْرٌ وَلَا حِجَابٌ، فَلْيَتَوَضَّأْ) الالباني

(الصحيحة). واته: هەركەسێكتان دەستی لە زەكەری دا كە هیچ بەربەستێكیان لە نێواندا نەبێت با دەسنوێژەكەی بگرێتەوە..

٥- دەستدان لە دەرچەی كۆم دەسنوێژ ناشكێنێت: لەبەر ئەوەی بە دەرچەی كۆم ناوترێت عەورەت، هیچ بەڵگەیەكیشی لەسەر نەهاتووەو قیاس كردنیشی لەسەر زەكەر ناشێت، چونكە خاڵی هاوبەشی لێكچواندنیان لە نێواندا نیە..ئەگەر بووترێت بەڵام شوێنی پیساییە، ئەوە نابێتە بەڵگە چونكە دەستدان لە خودی پیسایی دەسنوێژ ناشكێنێت تا دەرچەكەی بیشكێنێت..كەوابوو دەستدان لە سمت و نێوانیان و دەرچەی كۆم و بەرو ئەملاو لای عەورەتی ئافرەت دەسنوێژ ناشكێنێت.. والله اعلم.

خواردنی گۆشتی حوشتر دەسنوێژ دەشكێنێت:

رەنگە لە بەر ئەوەی حوشتر لە ناو كوردا نیە، بە لامانەوە شتێكی سەیر بێت كە خواردنی گۆشتی حوشتر بە كاڵی و بە كوڵاوی و بە برژاوی دەسنوێژ دەشكێنێت.. بەڵام ئەمە حوكمی شەرعیە.. چونكە جابری كوڕی سەمورە دەگێڕێتەوە كە كابرایەك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا كرد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ئەرێ دەسنوێژ لە خواردنی گۆشتی مەڕ بگرینەوە؟! فەرمووی: (إِنْ شِئْتَ تَوَضَّأْ، وَإِنْ شِئْتَ فَلا تَتَوَضَّأْ). واتە: ئەگەر حەز دەكەیت بیگرەوە، ئەگەر حەزیش ناكەیت مەیگرەوە.. ئینجا پرسی: ئەدی دەسنوێژ لە گۆشتی حوشتر بگرینەوە؟! فەرمووی(نَعَمْ، تَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ) موسلیم و ئیبنو ماجە واتە: بەڵێ، دەسنوێژ لە گۆشتی حوشتر بگرەرەوە.. هەروەها بەرائی كوڕی عازیب خوا لێی رازی بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (تَوَضَّؤُا مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ وَلا تَوَضَّأُوا مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ) ئەبو داوودو

ترمذي، ئیبنوماجه واته: دەسنوێژ له گۆشتی حوشتر بگرنەوە، بەڵام دەسنوێژ له گۆشتی مەڕ مەگرنەوە..

ئەمە مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبو خەیسەمەو ئیبنول مونذیرو ئیبنو حەزمەو قەولێکی ئیمامی شافیعیشە، ئیمامی ئیبنو تەیمییەش ئەمەی پێ پەسەندتر بووە..

## لەوانەی دەسنوێژ ناشکێنن

هەندێك مەسەلە هەن لە باسی دەسنوێژدا کە ڕاجوێییان لەسەرە کە ئایا دەسنوێژیان لێ دەشکێت یان نا، بەڵام دوای توێژینەوە دەردەکەوێت کە دەسنوێژیان لێ ناشکێت، لەوانە:

یەکەم: ژن و پیاو دەسنوێژیان لە یەکتری ناشکێت: ئەمەش مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەو محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانیەو لە سەرچاوەشیدا دەگەڕێتەوە سەر طاووس و حەسەنی بەسری و عەتاء و ئیبنو عەبباس، شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییەش ئەمەی بە پەسەندتر داناوە.. عائیشەخان خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: (فَقَدْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ لَيْلَةٍ فِي فِرَاشِي، فَلَمْ أُصِبْهُ، فَالْتَمَسْتُهُ، فَوَقَعَتْ يَدِي عَلَى أَخْمَصِ قَدَمِهِ وَهُوَ سَاجِدٌ، يَقُولُ: أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ وَأَعُوذُ بِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ) موسلیم و ئەبو داوود واتە: شەوێکیان پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر جێگاکە نەما، دەستم گێڕا تا دەستم بەر بنی پێی کەوت کە لە سوجدەدا بوو، ڕاستی کردبوونەوەو دەپاڕایەوەو دەیفەرموو: خوایە پەنا دەگرم بە ڕەزامەندیت لە تووڕە بوونت، پەنا دەگرم بە لێبوردەییت لە سزات، پەنا دەگرم بە خۆت لە خۆت.

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە عائیشەخان خوا لێی ڕازی بێت دەیزانی کە دەسنوێژ بە دەست لێدانی پێستی رووتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە مێردێتی

دەسنوێژی هیچیان ناشكێنێت، ئەگەر ئەویش ئەم حوكمەی نەزانیایە (كە شتێكی دوورە) خۆ پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی نوێژەكەی بەتاڵ دەكردەوەو هەڵوێستەكەشی بۆ راست دەكردەوە.. پێم وایە دەسنوێژ لە بەر كەوتنی ژن و پیاو ناشكێت.. نە ژن و مێرد نە غەیرە، نە لە كاتی دان ووەرگرتندا، نە لە سەوداو مامەڵەو بازاڕدا، نە لە ناوپاس و شەمەندەفەرو شتی وادا..

دووەم: خوێن بەربوون لە غەیری شوێنی ئاسایی دەسنوێژ ناشكێنێت: لە برینەوە بێت یان بە هۆی كەڵەشاخ و خوێندان و شتی واوە بێت، كەم بێت یان زۆر دەسنوێژ ناشكێنێت، ئەمەش مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدو شافیعیە، ئیمامی ئەبوحەنیفە دەفەرموێ: ئەگەر خوێنەكە زۆر بوو دەسنوێژ دەشكێنێت.. بەڵام بۆچوونی یەكەم بەهێزترە، چونكە:

١- ئەو فەرموودانەی فەرمانیان بە گرتنەوەی دەسنوێژ لە خوێن لێ رۆیشتن كردووە، زەعیفن و نابنە بەڵگەی فەرز بوونی خواپەرستی.

٢- ئەسڵ ئەوەیە كە كابرا دڵنیایە كە دەسنوێژی هەیە، ئەوی ئەم حوكمەی دەگۆڕێت دەبێت پشت ئەستوور بێت بە ئایەتێك یان فەرموودەیەكی سەحیح یان كۆڕای یاوەران..

٣- كە سەیدنا عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت لە ئیمامەتی نوێژی بەیانیدا بریندار كرا، هەر لەسەر نوێژەكەی بەردەوام بوو، برینەكەشی خوێنی لێ دەتكا. ئەگەر خوێن لەبەر رۆیشتن دەسنوێژی بشكاندایە، نە سەیدنا عومەر نە یاوەرانی تریش ئاگا نەدەبوون..

سێیەم: رشانەوە دەسنوێژ ناشكێنێت: بۆچوونی شەرعناسان لە حوكمی رشانەوەدا وەكو بۆچوونیانە لە حوكمی خوێندا، لەمیشدا وەكو ئەو راجوێن و هەمان دوو پۆلە شەرعناس بەرامبەرن، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە كاتی بەڕۆژوو

بوونیدا کەڵەشاخی گرتووە، نە ڕۆژووەکەی پێ شکاندووە، نە دەسنوێژ خوێنیشی لەبەررژیشتووە.منیش پێم وایە کە ڕشانەوە دەسنوێژناشکێنێت.. والله اعلم.

چوارەم: قاقای پێکەنین لە نوێژو دەرەوەی نوێژدا دەسنوێژناشکێنێت:

ئیمامی مالیك و شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاق و ئەبو سەور دەفەرموون پێکەنین لە ناو نوێژو لە دەرەوەی نوێژ، دەسنوێژبەتاڵ ناکاتەوە.. بەڵگەشیان فەرموودەیەکی مەوقووفە، کە پرسیاری پێکەنینی ناو نوێژیان لە جابری کوڕی عبدالله کرد خوا لێی ڕازی بێت، فەرمووی: دەبێت نوێژەکەی بکاتەوە، بەڵام دەسنوێژ ناگرێتەوە؟! بۆیە پێم وایە قاقای پێکەنینی ناو نوێژ نوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە بەڵام دەسنوێژ ناشکێنێت.. والله اعلم.

پێنجەم: شتن و هەڵگرتنی مردوو دەسنوێژ ناشکێنێت: هەر کەسێك مردوویەکی شت، یان دەستی لێدا یان هەڵیگرت، دەسنوێژی ناشکێت.. بەڵام هەندێك لە شەرعناسان پێیان وا چاکتربووە کە هەرکەسێك مردوویەکی شت، غوسڵ دەرکات، ئەوی هەڵیشی دەگرێت دەسنوێژی هەبێت.. بەڵگەشیان فەرموودەیەکە کە ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ غَسَّلَ مَيِّتاً فَلْيَغْتَسِلْ وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَأْ) ئەبو داوود واتە: هەر کەسێك مردووی شت با غوسڵ دەرکات، هەرکەسێك مردووی هەڵگرت با دەسنوێژ بشوات..

ئیبنوعومەر خوا لێیان ڕازی بێت فەرمووی: ئێمە کە مردوومان دەشت، هەمانبوو غوسڵی دەردەکرد، هەشمان بوو دەری نەدەکرد.. پێم وایە غوسڵ دەرکردن لە مردوو شتن سووننەتە، ئەمما دەسنوێژ گرتن لە هەڵگرتنی مردوو هیچ بەڵگەیەکی لەسەرنیە.. والله اعلم..

شەشەم: گومانى دەسنوێژەوان لە شكانى دەسنوێژى: هەركەس دەسنوێژى گرت، پاشان كەوتە سەرگومانى ئەوەى كە ئايا دەسنوێژى شكاوە يان نا، با وا حسێب كات كە دەسنوێژى نەشكاوە، چونكە ئەو لە هەبوونى دەسنوێژى دڵنيا بووە، گومانى لە شكاندنى بۆ پەيدا بووە.. كەوابوو لەسەر ئەسڵەكە دەمێنێتەوە كە هەبوونى دەسنوێژەكەيە تا بۆى دەسەلمێت كە دەسنوێژى نەماوە..

عبداللهى كوڕى زەيد فەرمووى: باسى كابرايەك بۆ پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كرا كە لە ناو نوێژەكەدا گومانى بۆ دروست دەبێت كە ئايا دەسنوێژەكەى شكاوە يان نا، فەرمووى: (شُكِيَ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الرَّجُلُ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ وَهُوَ فِي الصَّلَاةِ أَنَّهُ يَجِدُ الشَّيْءَ، قَالَ: لَا يَنْصَرِفُ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا) متفق عليه واتە: نوێژەكەى نەبڕێت تا گوێى لە دەنگێك دەبێت يان هەست بە بايەك دەكات.(لێى بێتە دەرەوە)..

دەسنوێژ هەر بۆ نوێژكردن فەرزە: بەڵگە نەوويستە كە كەس بۆى نيە بێ دەسنوێژ نوێژ بكات، جا نوێژى فەرز بێت يان سوننەت..خواى گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة/٦ واتە: ئەى ئەوكەسانەى باوەڕتان هێناوە ئەگەربۆ نوێژهەستان با دەمو چاوو دەستان تا ئانيشك شتبێت و مەسحى سەرتان كردبێت و پێيەكانيشتان تا قولەپێ شتبێت..

- ئيبنو عومەر خوا لێيان رازى بێت دەفەرموێ: گوێم لێبوو پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەيفەرموو: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةً بِغَيرِ طُهُورٍ) موسليم واتە: خواى گەورە نوێژلە هيچتان بە بێ دەسنوێژقبووڵ ناكات..

## ئەو حاڵەتانەی باشترە دەسنوێژت هەبێت

١- کاتی زیکر کردنی خوای گەورە: هەموو جۆرە زیکرەکان لە وێردو سەڵاوات و خوێندنی قورئان و تەوافی کەعبەو خواپەرستی تر.. چونکە موهاجیری کوڕی قونفوز خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە سڵاوی لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردووە لەو کاتەدا کە دەسنوێژی دەشت وەڵامی نەدابۆوە تا دەسنوێژەکەی گرتبوو، ئەوسا وەڵامی دابۆوە، پاشان پێی فەرمووە: (إِنَّهُ لَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَرُدَّ عَلَيكَ إِلَّا أَنِّي كَرِهْتُ أَنْ أَذْكُرَ اللهَ إِلَّا عَلَى الطَّهَارَةِ) ئەلبانی: (الصحيحة) واتە: ئەوەی رێی لێ گرتم کە وەڵامت بدەمەوە نەبوونی دەسنوێژ بوو، چونکە حەزم نەکرد زیکری خوا بکەم و دەشنوێژم نەبێت..

ئەمە مانای ئەوە نیە کە دەسنوێژ بۆ وەڵامدانەوەی سڵاو یان زیکری تر فەرز بێت، چونکە فەرموودەیەکی تری لای عائیشەخان هەیە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زیکری خوای لە هەموو حاڵەتەکانیدا دەکرد..

٢- کاتی خەوتن: سەیدنا بەرائی کوڕی عازیب خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا فەرمووی: (إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ فَتَوَضَّأْ وُضُوءَك لِلصّلَاةِ ثُمّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقّكَ الْأَيْمَنِ ثُمّ قُلْ اللّهُمّ إِنّي أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْك) متفق عليه واتە: پێش ئەوەی بچیتە سەر پێخەفەکەت دەسنوێژی تەواوت وەکو بۆ نوێژ بێت بگرە، ئینجا لەسەرلاتەنیشتی راستت راکشێ و بڵێ: خوایە وا خۆم تەسلیم بە تۆ کرد..

٣- لەشگران ئەگەر وویستی بخوات یان بخواتەوە یان دیسان سەرجێی بکاتەوە: عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَنَامَ وَهُوَ جُنُبٌ تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ) بوخاری و موسلیم واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لەشی گران بوایەو بیویستایە شتێك بخوات یان بخەوێت، دەسنوێژی دەگرت هەر وەکو کە بۆ نوێژ دەیگرت. هەروەها

ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ)موسلیم و ئەبوداوود واتە: ئەگەر كەسێكتان وویستی دیسانەوە بۆ سەرجێیی بچێتەوە لای خێزانی با دەسنوێژ بگرێت..

٤- پێش غوسڵ دەركردن: عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنْ الْجَنَابَةِ يَبْدَأُ فَيَغْسِلُ يَدَيْهِ ثُمَّ يَتَوَضَّأُ كَمَا يَتَوَضَّأُ لِلصَّلَاةِ) بوخاری و موسلیم واتە: كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غوسڵی لەشگرانی خۆی دەربكردایە، هەردوو دەستی دەشت، ئینجا بە دەستی راستی ئاوی دەكرد بەسەر دەستی چەپیدا، هەروەها عەورەتی دەشت و پاشان دەسنوێژی دەگرت وەكو كە دەسنوێژ بۆ نوێژ بگرێت..

٥- پاش خواردنی گۆشتی برژاوو كوڵاو: لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (تَوَضَّئُوا مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ) موسلیم و ئەبوداوود واتە: دەسنوێژ بگرنەوە لە هەرچیەك كە ئاگری بەركەوتبێت.. ئەم فەرمانە لێرەدا سوونەتە نەك فەرز، سووننەتەكەش نەسخ بۆتەوە.. چونكە فەرموودەی تر هەیە كە عەمری كوڕی ئومەییەی زەمری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی كە لە گۆشتی لاشانی بەرخێكی دەخوارد، پاشان كە بانگ درا، چەقۆكەی داناو هەستا بۆ نوێژ بێ ئەوەی دەسنوێژ بشواتەوە.. بوخاری وموسلیم.

٦- بۆ هەموو نوێژێك: دەسنوێژ گرتنەوە بۆ هەموو نوێژێك سوونەتە. بورەیدە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَتَوَضَّأُ لِكُلِّ صَلَاةٍ، فَلَمَّا كَانَ يَوْمُ فَتْحِ مَكَّةَ صَلَّى الصَّلَوَاتِ كُلَّهَا بِوَضُوءٍ وَاحِدٍ)موسلیم و ئەبوداوود واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هەموو نوێژێك دەسنوێژی دەگرتەوە، ئەو

رۆژەی فەتحی مەككە نەبێت كە مەسحی سەرخوففەكانی كردوهەموو نوێژەكانی ئەو رۆژەی هەربەو دەسنوێژە كرد.

٧- دوای هەموو جۆرە شكانێكی دەسنوێژ: لەبەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا بە بیلالی حەبەشی فەرموو: (ئەرێ بیلال، چ كردارێكت هەیە كە لە هەموو كارەكانتدا ئومێدی زیاترت بەو هەیە، چونكە لە بەهەشتدا لە پێش خۆمەوە، گوێم لە خشپەی نەعلەكانت بوو، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا كارێكی وام نیە ئەوەندەی ئومێدە پێوە ببەستمەوە مەگەر ئەوەی كە هەموو جارێك شەو بێت یان رۆژ كە دەسنوێژ دەشۆم پاشان چەندم بۆ نوسرا بێت نوێژی پێوە دەكەم.. بوخاری و موسلیم..

٨- دوای رشانەوە: لەبەر ئەو فەرموودەیەیە كە مەعدانی كوڕی ئەبو تەڵحە لە سەیدنا ئەبو دەردائی دەگێڕێتەوە خوا لێی رازی بێت: (أنَّ النَّبيَّ صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قاءَ فَاَفْطَرَ فَتَوَضَّأَ) ترمذي و ئەحمەد واتە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە رشایەوە، رۆژوەكەشی شكاندو دەسنوێژیشی گرتەوە.. مەعدان دەفەرموێ: لە مزگەوتی دیمەشق سەوەبان (ثَوَبَان)م بینی خوا لێی رازی بێت، فەرموودەكەم بۆ باس كرد فەرمووی: راست دەكات منیش ئاوم بە دەستدا كرد.. ترمذي، ئەبو داوود..

دەسنوێژ بۆ تەوافی كەعبە: بەڵگەیەكی دروست لەبەر دەستدا نیە كە تەوافی كەعبە دەسنوێژی بوێت، نە وەكو فەرز، نەوەكو سوونئەت..دیارە ئەگەر حوكمێك لەسەر گرتنی هەبوایە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، یان لە یاوەرانی بەڕێزو تابعینەوە ریوایەت دەكرا، چونكە تەوافی كەعبە كارێك نەبووەو یەكجار كرابێت، یان كۆمەڵێك یاوەر ئەنجامیان دابێت و بەس..

هەندێك لە شەرعناسان فەرموویانە: مادام تەواف نوێژ بێت كەوابوو دەسنوێژ بۆ گرتنی فەرزە.. بەڵام ئەمە رەت كراوەتەوە چونكە فەرموودەكە زەعیفەو بە

مەرفووعیش جەدەلی لەسەرە.. واش پێدەچێت ئەوانە پێکابێتیان کە فەرموویانە ئەوە قەولی ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازیبێت خۆیەتی، ئەمەشە ئەنجامی توێژینەوەی ترمذي و بەیهیقی و ئیبنو تەیمیەو ئیبنو حەجەرو هەندێك فەرموودەوانی تر.. ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ وا دیارە دەسنوێژ بۆ تەوافی کەعبە نە فەرزەو نە سوونەت، هەرچەندە باشتروایە دەسنوێژی هەبێت..

من ئەو بۆچوونەم پێ پەسەندترە کە دەسنوێژ بۆ تەوافی کەعبە مەرج نیە.. والله اعلم.

دەسنوێژ بۆ قورئان خوێندن

ئیمامی مالیك و شافیعی و ئەحمەد و زۆرینەی شەرعناسان دەفەرموون: ئەوی دەسنوێژی نیە نابێت دەست لە قورئانەوە بدات..

ئیمامی ئیبنو حەزم رحمەتی خوای لێ بێت لە المحلَّی دەفەرموێ: ئەمما دەستدان لە قورئانەوە هەرچی ئەو بەڵگانەی پشتیان پێ بەستراوە کە گوایە نابێت بێ دەسنوێژ دەستی لێ بدرێت، هیچیان نابنە بەڵگە، چونکە یان مورسەلن، یان موسەحەفن، یان مەجهوولن یان زەعیف..

ئەم بۆچوونە دەچێتەوە سەر ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت، هەروەها سەر کۆمەڵێکی سەلەف، ئیبنولمونذیریش ئەم رایەی گرتۆتە بەر..هەروەها ئەمە رای ئەلبانی و شەوکانی و ئیبنو عوسێمینە رەحمەتیان لێ بێت هەموو فەرموویانە کە دەسنوێژ مەرج نیە بۆ قورئان هەڵگرتن و دەست لێدان و خوێندنی..

پێم و ایه ئەو ئایەتە پیرۆزە (وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا) المائدة/٦ واتە: ئەگەر لەشگران بوون خۆتان پاك كەنەوە، دەمانگەێنێتە:

پوختەی حوكم لەش پاكی مەرجە بۆ دەستدان لە قورئان و هەڵگرتنی بەڵام بۆ دەست لێدان و هەڵگرتن و خوێندنی دەسنوێژ مەرج نیە.. پیاویش لە حاڵەتی جەنابەتدا دەتوانێت ئەو قورئانەی لەبەرێتی بخوێنێت، ئافرەتیش كە لە حەیزدا بێت یان زەیستان بێت دەتوانێت قورئان بخوێنێت، بێ ئەوەی دەستی لێ بدات.. والله اعلم..

* * *

## باسی حەوتەم

## مەسحی سەربەربەستەكان

یەكەم: مەسحی سەرخوفف

- پێناسەی خوفف: گۆرەویەكی چەرمنەوتا قولە پێ دادەپۆشێت.

- مەسح: هێنانی دەستی تەڕە بەسەرشتێكدا.

- مەسحی خوفف: هێنانی دەستی تەڕە بەسەر شوێنی دیاری كراوی خوفدا لە كاتی دیاری كراویدا، تا بكەوێتە بری دەسنوێژ..

مەسحی خوفف جائیزە: رای شەرعناسان لەسەر ئەوە كۆیە كە هەر كەسێك دەسنوێژەكەی بە راست و دروستی گرت و پاشان خوففی لە پێ كرد، دوای ئەوە كە

دەسنوێژەكەی دەشكێت بۆی هەیە لە دەسنوێژگرتنەوەیدا لە جیاتی شتنی پێیەكانی مەسحی سەرخوففەكانی بكات (ابن المنذر: الاجماع (٢٠).

عبداللەی كوڕی موبارەك دەفەرموێ: شەرعناسان لە حوكمی مەسحی خوففدا راجوێییان تێدا نیە.. ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ: چل فەرموودەم لەسەر خوفف لەبەرە، نە مەرفووعی تێدایە نە مەوقووف (المغنی (١/١٧٤))..

لە فەرموودە بەناوبانگەكانی مەسح فەرموودەكەی هوممامە كە فەرمووی: جەریرم بینی خوا لێی رازی بێت میزی كرد، پاشان دەسنوێژی گرتەوە، خوففەكانی مەسح كرد، پێیان ووت: وا دەكەیت؟! فەرمووی: بەڵێ (إِنِّي رَأَيْت رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَالَ، ثُمَّ تَوَضَّأَ، وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ) بوخاری (٣٨٧)موسلیم (١٥٦٨) واتە: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینیووە كە میزی كردووەو پاشان دەسنوێژی گرتۆتەوەو خوففەكانی مەسح كردووە.. ئەعمەش دەفەرموێ: ئیبراهیم فەرمووی: شەرعناسان ئەم فەرمودەیان زۆر بەلاوە خۆش بوو، چونكە دوای هاتنە خوارەوەی سورەتی مائیدە بوو.. كە ئەحكامی دەسنوێژو تەیەمومی تێدایە..

حوكمی مەسحی خوفف: رای جمهوری شەرعناسان ئەوەیە كە مەسحی خوفف جائیزە، بەڵام شتنی پێیەكان باشترە.. لای حەنبەلیەكان مەسح كردنەكە باشترە چونكە وەرگرتنی مۆڵەتی شەرعە.(فتح القدیر١/١٢٦)..

ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: كامیانی بۆ ئاسان بوو ئەویان بكات، ئەوی پێی رووتە، نەچێت بگەڕێ بە دوای خوففدا تا مەسحیان كات، ئەوی تریش كە خوففی لە پێدایە لە ماوە دیاری كراوەكەی خۆیدا دایناكەنێت بۆ ئەوەی پێی بشوات..(ابن تیمیە: الاختیارات/١٣)

ماوەی مەسح: ئەوی لە سەفەردایە بۆی هەیە سێ شەوو سێ رۆژ خوففەكانی مەسح بكات، ئەوی نیشتەجێشە بۆی هەیە شەوو ڕۆژێك مەسحیان كات..

سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (جَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيَهُنَّ لِلْمُسَافِرِ وَ يَوْمًا وَلَيْلَةً لِلْمُقِيمِ) (موسليم(٢٧٦)، نەسائی (٨٤/١) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێیداوە گەشتەوان (موسافیر) سێ شەوو سێ رۆژ مەسحی سەر خوفف بکات، شەوو ڕۆژێکیش بۆ ئەو کەسەی کە نیشتەجێیە، هەروەها عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعی خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَمَرَ بِالمَسْحِ عَلَى الخُفَّيْنِ فِي غَزْوَةِ تبوك ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ وَ لَيالِيَهُنَّ لِلْمُسَافِرِ وَيوماً لِلْمُقِيمِ) (ئیمامی ئەحمەد (٦/ ٢٧) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە غەزای تەبووکدا فەرمانیدا کە گەشتەوان تا سێ شەوو سێ ڕۆژ مەسحی خووف بکات و ئەوی نیشتەجێشە شەوو ڕۆژێك.

سەرەتای ماوەی مەسح: لە کاتی دەسنوێژشکانی یەکەمی دوای لە پێ کردنێتی ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەبو حەنیفەو سوفیانی سەوری و شافیعی و رای زانراوی حەنبەلیەکانە، هەنجەتیشیان ئەوەیە کە دەفەرموون: دوای دەسنوێژ شکانەکە کاتێکە کە دەشێت دەسنوێژی تێدا بگیرێتەوەو مەسحیشی تێدا بکرێت.. بۆ نموونە: ئەگەر موسوڵمانێکی نیشتەجێ دەسنوێژی لە سەعات دوازدەی نیوەڕۆدا گرت و خوففی لە پێ کرد، بەڵام لە سەعات سێی دوای نیوەڕۆدا دەسنوێژەکەی شکاند، دەتوانێت تا سبەینی سەعات سێی دوای نیوەڕۆ مەسح کاتەوە..کە دەکاتە بیستوحەوت سەعات..

نیشتەجێیەك مەسحی کرد بەڵام سەفەری هاتە پێش: دەبێت شەووڕۆژەکەی خۆی تەواو کات، ئینجا پێی دەشوات و لەوێوە سێ شەوو سێ رۆژەکەی حسێب دەکات.. ئەمەش رای ئیمامی شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاقە..(الأم (٣٥/١)، المروزی: اختلاف العلماء (ل٣١) چونکە پێناسەی کابرا بە پێ شتنەکەی لە نیشتەجێوە دەبێتە گەشتیارو حوکمی ئەمیان وەردەگرێت، والله اعلم.

گەشتیارێك مەسحی دەكرد بەڵام سەفەرەكەی كۆتایی هات وبووەوە بە نیشتەجێ:

كابرا لە سەفەردایە، دوو شەوو دوو ڕۆژە مەسحی خوفف دەكات، بەڵام سەفەرەكەی تەواو كردو نیشتەجێ بۆوە، ئایا تا سێ ڕۆژەكەی تەواو دەكات لەسەر مەسح كردنی خوففەكانی بەردەوام دەبێت یا دەسبەجێ كۆتایی بە مەسحی خوفف دەهێنێت؟!

ئەگەر مەسحی خوففی لە یەك شەوورۆژ كەمتر كردبوو، دەتوانێت تا شەوورۆژەكە تەواو دەكات مەسح كات، ئەگەر زیاتر لە شەوو رۆژێكی بەكار هێنابوو، ئیتر سیفەتی گەشتیاری پێوە نامێنێت و دەبێت خوففەكانی داكەنێت و پێی بشوات..والله اعلم..

مەرجی مەسحی خوفف:

مەرجی مەسحی خوفف ئەوەیە كە لەسەر دەسنوێژەوە لەپێی كردبن، موغیرەی كوڕی شوعبە خوا لێیان رازی بێت لە باوكیەوە دەگێڕێتەوە كە فەرمووی:(قَالَ كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ لَيْلَةٍ فِي سَفَرٍ فَقَالَ أَمَعَكَ مَاءٌ قُلْتُ نَعَمْ فَنَزَلَ عَنْ رَاحِلَتِهِ فَمَشَى حَتَّى تَوَارَى عَنِّي فِي سَوَادِ اللَّيْلِ ثُمَّ جَاءَ فَأَفْرَغْتُ عَلَيْهِ الْإِدَاوَةَ فَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ وَعَلَيْهِ جُبَّةٌ مِنْ صُوفٍ فَلَمْ يَسْتَطِعْ أَنْ يُخْرِجَ ذِرَاعَيْهِ مِنْهَا حَتَّى أَخْرَجَهُمَا مِنْ أَسْفَلِ الْجُبَّةِ فَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ ثُمَّ أَهْوَيْتُ لِأَنْزِعَ خُفَّيْهِ فَقَالَ دَعْهُمَا فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا) متفق عليه واتە: لە سەفەرێكدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووم شەو لێی پرسیم: ئاوت پێیە؟!عەرزم كرد: بەڵێ، لە سواریەكەی دابەزی و دوور كەوتەوە تا لەبەر تاریكیەكە دیار نەما، پاشان تەشریفی هێنایەوە، منیش ئاوم كرد بە دەستیدا، دەموچاوو دەستی شت، جوببەیەكی خوریی لە بەردابوو، وویستی قۆڵی لێ بهێنێتە دەرێ نەیتوانی ئینجا لە ژێرەوە هێنانیە دەرێ و باسكەكانی شت و مەسحی سەری كرد، خۆم نزم كردەوە

وویستم خوففەکانی لە پێ دانێم، فەرمووی: نا لێیان گەڕێ بە پاکی لە پێم کردوون ئینجا مەسحی کردن..

کەوابوو دەسنوێژەکە مەرجە بۆ لەپێ کردنی خوفف، تا مەرجیش نەیاتە دی مەرج بۆکراو نایاتە دی..

حوکمی خوففی دڕاو: هەموو شەرعناسان ئەوەیان بە مەرجی خوفف حسێب کردووە کە دەبێت وا بێت شوێنەکانی پێ کە لە دەسنوێژدا دەشۆرێن تا قولە پێ داپۆشێت، بۆیە کۆمەڵێکیان پێیان دروست نەبووە کە مەسحی خوففی دڕاو بکرێت، بەڵام ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیك دەفەرموون: مەسحی خوففی دڕاو جائیزە بەو مەرجەی بتوانرێت پێوەی بڕوات و ناوی خوففی پێوەمابێت.. ئەمە بۆچوونی ئەبو سەورو سوفیانی سەوری و ئیسحاقە، ئیبنوحەزم و ئیبنول مونذیرو ئیبنو تەیمییەش ئەمەیان هەڵبژاردووە.. منیش پێم وایە کە مەسح لەسەر خوففی دڕاویش جائیزە.. والله اعلم..

هەر سەرەوەی خوفف مەسح دەکرێت: مەسح کردنی خوفف بریتیە لە یەکجار هێنانی دەستی تەڕ بە دیووی دەرەوەی خوففەکەدا.. چونکە سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (لَوْ كَانَ الدِّينُ بِالرَّأْيِ لَكَانَ أَسْفَلُ الْخُفِّ أَوْلَى بِالْمَسْحِ مِنْ ظَاهِرِهِ، وَقَدْ رَأَيْت رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمْسَحُ ظَاهِرَ خُفَّيْهِ) (شێخي ئەلباني لە ارواء الغليل (١٠٣) دا دەفەرموێ سەحیحە واتە: ئەگەر دین بە رەئی بوایە دەبوو مەسحی بنی پێ بکرایە، نەك سەرەوەی پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینیووە کە تەنها سەرەوەی خوففەکانی مەسح دەکرد.. بەیهیقی لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە چۆن پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەسحی خووففەکانی کردووە: لە سەری پەنجەکانیەوە دەستی راستی بە تەڕی هێناوەتەوە بۆ سەرەوە بەرو لوولاقی پاشان دەستی چەپی بە تەڕی لە پەنجەکانیەوە هێناوەتەوە بەرەو سەرەوە بۆ لوولاقی.. ئەمە

راسترین شێوەیەو هەموو پێناسەی مەسحی بەسەردا دەچەسپێت.. بەڵگەی ڕاست و دروست ئەوەیە کە تەنها سەرەوەی خوفف مەسح دەکرێت.. والله اعلم..

چی مەسحی خوفف بەتاڵ دەکاتەوە؟: فەرمووەدەکەی لای سەفوانی کوڕی عەسسالمان خوا لێی رازی بێت هێنایەوە کە باس لە بەتاڵ بوونەوەی مەسح دەکات کە دەفەرموێ: (كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَأْمُرُنَا إِذَا كُنَّا مُسَافِرِينَ أَنْ نَمْسَحَ عَلَى خِفَافِنَا، وَلا نَنْزَعَهَا ثَلاثَةَ أَيَّامٍ مِنْ غَائِطٍ وَبَولٍ وَنَومٍ إِلَّا مِنْ جَنَابَةٍ) (ارواء الغليل (١٠٤) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێ دەکردین کە لە سەفەردا بووین، مەسح لەسەر خوففەکانمان بکەین و تا سێ ڕۆژ لەبەر چوونە سەر ئاوو (میزکردن و پیسایی کردن) یان لەبەر خەوتن لە پێیان نەکەینەوە، مەگەر لە جەنابەت (لەش پیسی)..کەوابوو ئەوەی مەسحی خوفف بەتاڵ دەکاتەوە، یەکێك لەمانەیە:

١- لەش گران بوون و ئەوی لە حوکمی ئەودایە وەکو حەیزو زەیستانی کە پێویست بە غوسڵ دەرکردن دەکەن. لە غوسڵیشدا دەبێت خوففەکان داکەندرێن.

٢- تەواوبوونی ماوەی مەسحەکە.

٣- داکەندنی خوففەکە..

٤- دەسنوێژشکان پێش لە پێکردنی خوففەکە..

ئەگەر خوففەکەی داکەندو دەسنوێژی شکاند ناتوانێت لە پێی کاتەوەو مەسحی لەسەر بکات، بەڵکو حوکمی مەسحەکەی تەواو بووەو دەبێت پێی بشواتەوە تا بە پاکی پێی بکاتەوە ناو خوففەکانی..

بەتاڵ بوونەوەی مەسحی خوفف بەتاڵ بوونەوەی دەسنوێژ نیە: ئەگەر کەسێك خوففەکانی دانا بێ ئەوەی دەسنوێژی شکاندبێت، دەسنوێژی هەر دەمێنێت مادام

نەشكا بێت، چونكە بەڵگەیەكی وامان لەبەر دەستدا نیە كە دەسنوێژەكەی شكا بێت.. كەوابوو ئەگەر كەسێك خوففەكەی داكەندو دەسنوێژەكەی نەشكاند بۆی هەیە نوێژی پێوە بكات.. والله اعلم..

خوفف لەسەر خوفف: كەسێك جووتێك خوفف لە پێ دەكات، پاشان ئەگەر جووتێك خوففی تری بەسەردا لە پێ كرد؟! یان جووتێك گۆرەوی لە پێ كردووەو جووتێك خوففی بەسەردا لەپێ كرد، یان دوو جووت گۆرەوی لە پێ كرد.. بۆی هەیە مەسحی ئەوەی سەرەوەیان بكات، چونكە هەردووكیان بوونەتە یەك پارچە.. ئەگەر ئەوەی سەرەوەشی دانایەوە بۆی هەیە مەسحی ئەوەی ژێرەوەیان بكاتەوە.. والله اعلم..

دووەم: مەسحی گۆرەوی

مەسحی گۆرەوی: رای شەرعناسان دەربارەی گۆرەوی، خوری بێت یان لۆكە یان كەتان وكەرەستەی تر:

مەسحی گۆرەوی جائیزە ئەگەر تەنكیش بێت.. ئەمەش مەزهەبی ئیبنو حەزم و ئیبنو تەیمییەیەو رای شێخی ئەلبانی و ئیبنو عوسێمین و شەنقیتیە.. المحلى (٢/٨٦)، مجموع الفتاوى (٢١/١٨٤)، الالبانى: تمام المنة (ل١١٣).. ئەبو داوود دەفەرموێ: ئەمە راو بۆچوونی سەیدنا عومەرو عەلی و ئیبنو عەبباس و ئیبنو مەسعوودو بەرائی كوڕی مالیك و ئەنەس و ئەبو موسای ئەشعەریی و ئەبو ئومامەو سەهلی كوڕی سەعدو عەمری كوڕی حورەیسە.. ئەمەش لە یازدە یاوەرەوە گێڕاوەتەوە.. بەڵگەی بەهێزیش لای ئەمانە، موغیرەی كوڕی شوعبە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە كە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَوَضَّأَ وَ مَسَحَ عَلَى الجْورَبَيِن وَالنَّعْلَيِن) (ئەبوداوود (١٥٩)، ترمذي (٩٩)، ئەحمەد (٤/٢٥٢) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسنوێژی گرت، گۆرەوی و نەعلەكانی مەسح كرد..

له سەردەمی یاوەراندا گۆرەوی وەكو سەردەمانی ئێستای ئێمە ئاوا تەنك نەبوو، یاوەران گۆرەویان وەكو خوفف تەماشا دەكرد، بەڵام شەرعناسانی دوای یاوەران كە گۆرەوی تەنك داهات ئەو راجوێییەیان تێكەوت كە ئایا هەمان حوكمی خوففی دەمێنێت یان نا.. بەڵام گۆرەوی هەرچەند تەنك بێت هەر لە خوففی دڕاو باشترە..

حوكمی لەفاف كە لە پێوە دەئاڵێنرێت: هەروەكو حوكمی گۆرەوی و خوففە: چونكە كردنەوەی ئەمیان لە پێ، لە داكەندنی گۆرەوی و خوفف زەحمەتترە، بۆیە بۆی هەیە مەسحیان بكات.

مەسحی نەعل و پێڵاو: موغیرەی كوڕی شوعبە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە كە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَوَضَّأَ وَ مَسَحَ عَلَى الجْورەبَيِنِ وَالنَّعْلَيِنِ) (ئەبوداوود (١٥٩)، ترمذي (٩٩) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسنوێژی گرت، گۆرەوی و نەعلەكانی مەسح كرد..

بەمەش حوكمی هەردووكیان دەبێتە یەك كە جائیزە مەسحی گۆرەوی و نەعل بكرێت، كە وەكو ئەوەیە كەسێك جووتێك خوفف بەسەر جوتێك خوففی تردا لەپێ كات، یان دوو جووت گۆرەوی بەسەر یەكدا یان گۆرەویەك و پاشان خوففێكی بەسەردا لە پێ كات..

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت كە دەشێت مەسحی نەعل بكرێت بێ ئەوەی مەسحی گۆرەوی بكرێت.. بۆ نموونە سەربازێك دەتوانێت مەسحی پۆستاڵەكانی بكات، یان وەرزشەوانێك یان كەسێك كە لە كاردایەو پێڵاوەكانی قەیتاندارن و ئاسان بۆی ناكرێنەوە، هەموویان دەتوانن مەسحی سەر پێڵاوەكانیان بكەن.. چونكە ئەبو زوبیان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە سەیدنا عەلی بینی خوا لێی رازی بێت، كە میزی بە پێوە كرد، پاشان داوای ئاوی كردو دەسنوێژی گرتەوە، بۆ پێیەكانیشی هەر

مەسحى سەر نەعلەكانى كرد، ئينجا چووە مزگەوت نەعلەكانى داناو نوێژى كرد.. (ئەلبانى لە تمام المنة/ ل ١٥) دا دەفەرموێ: إسناده صحيح).

ئەمە باسى گۆرەوى تێدا نيە، مەسحە بەسەر نەعلدا.. ئەوەش بێنينەوە ياد كە دەوترێت نەعل (واتە دەمپايى) ماناى ئەوە نيە كە وەكو نەعلى ئەم زەمانە بووبن، لاسكێكيان هەبێت بۆ نێوان دوو پەنجەى پێ و تەواو.. نا نەعلى ئەو سەردەمە بۆ دەشت وكێو لە پێ دەكرا.. كەوابوو مەسحى سەرگۆرەوى و پێڵاو جائيزە.. والله اعلم.

سێيەم: مەسحى عەمامەو سەرپۆش

يەكەم: مەسحى عەمامە: عەمامەيەك كە لكى بە بن چەناگەدا هاتبێتەوەو داكەندن و بەستنەوەى قورس بێت، دەشێت لە دەسنوێژدا لە جياتى سەر مەسحى بكرێت.. عەمرى كوڕى ئومەييەى زەمرى گێڕايەوە فەرمووى: (رَأَيتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَسَحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ وَالْعِمَامَةِ) بوخارى (٢٠٥) واتە: پێغەمبەرى خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بينى مەسحى خوفف و عەمامەكەى كرد.. هەروەها بيلالى حەبەشى خوا لێى رازى بێت دەفەرموێ: (رَأَيتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَسَحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ وَالْخِمارِ) موسليم(٢٨٥) واتە: پێغەمبەرى خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بينى مەسحى خوففەكان و عەمامەكەى كرد.. هەروەها سەيدنا جابرى كوڕى عبدالله خوا لێى رازى بێت دەفەرموێت: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَوَضَّأَ فَمَسَحَ عَلَى خُفَّيهِ، وَمُقَدَّمَ رَأْسِهِ وَعَلَى عِمَامَتِهِ) موسليم (٢٧٥)، ئەبو داوود (١٥٠) واتە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسنوێژى شت، ئينجا مەسحى سەر خوففەكانى كرد، هەروەها پێشە سەرى و مەسحى هەموو سەرى بەسەر عەمامەكەيەوە كرد. ئيمامى ماليك و ئيمامى شافيعى دەفەرموون: نابێت بە تەنها بەسەر عەمامەدا مەسح بكرێت، بەڵكو لەگەڵ پێشە ناوچەواندا دەبێت بەڵگەشيان فەرمودەكەى سەيدنا جابرە، پێم وايە مەسحى سەرعەمامە فەرزێتى مەسحى سەر دەهێنێتە دى،

بەڵام بۆ ئەوەی لە راجوێی دەرچین دەشێت پێشە ناوچەوانیشی ئەگەر مومکین بوو لەگەڵدا مەسح بکرێت، ئەگەرنا مەسحی سەرعەمامەکە بەسە.. والله اعلم.

دووەم: مەسحی سەرپۆشی ئافرەتان: ئەگەر ئافرەتێك ترسی سەرماو شتی وای هەبوو، دەتوانێت بەسەر سەرپۆشەکەیدا مەسحی سەری بکات، بەلام پێویستیشە لەگەڵ ئەمەدا چەند تاڵە موویەکی سەریشی مەسح کات، بێگومان ئەو ئافرەتانەی کە مەترسی دەرکەوتنی قژیان لای پیاوانی نامەحرەم هەیە، یان سەرپۆشەکانیان وا بەستووە کردنەوەی زەحمەتە هەروەها ئەو ئافرەتانەی سەریان لە خەنە گرتووە، زیاتر موحتاجی ئەم فەتوایەن.. لەبەر نەبوونی بەڵگەی بەربەست و قیاس لەسەر عەمامەی پیاوان، پێم وایە مەسحی سەر بە سەر سەرپۆشەوە بۆ کاتی پێویست جائیزە، بەو مەرجەی هەندێك تاڵە مووی سەریشی پێوە تەڕببێت. والله اعلم.

دووەم: مەسحی کڵاو: پێم وایە مەسحی سەر کڵاو جائیز نیە، چونکە بەرزکردنەوەو لابردنی کڵاو وەکو کردنەوەو بەستنەوەی عەمامە نیەو ئاسانە.. والله اعلم.

چوارەم: مەسحی سەرگەچی شکاویی

گەچی شکاویی چیە؟: ئێمە مەبەستمان لەم زاراوە (جەبیرە) ی زمانی عەرەبیە، جەبیرە بریتیە لە دوو پارچە داریان تەختە کە بۆراست کردنەوەی شکاوی دەپێچرانە پەلە شکاوەکە، کە ئێستا لەم سەردەمەی ئێمەدا کەرەستەی تری تێدەگرن کە کورد پێی دەڵێ: گەچ..

هەرکەسێك پەلێکی شکاوی وەك بازوو لولاق، یان لە جێچووی وەکو ئانیشك و پێ یان لەبەر هەر پێویستیەکی تر گرتبێتە گەچ، بۆی هەیە لە دەسنوێژدا لە جیاتی شتنیان مەسحیان کات.. ئەمەش رای چوار ئیمامە بەڕێزەکەو شەرعناسانی ترە (شرح فتح القدير:١/١٤٠)، المدونة (٢٣/١) ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت

دەفەرموێ: هەرکەسێك شوێنێکی بریندار بوو بێت و بەستبێتی، لە کاتی دەسنوێژدا شوێنە بەستراوەکەی مەسح دەکات و دەوروبەری دەشوات.. (بەیهیقی/١/٢٢٨) .

دوو خاڵی پێویست:

١- مەسحی سەرگەچ بۆ دەسنوێژو غوسڵ دەرکردنیشە.

٢- مەسحی سەرگەچ مەرجەکانی خوففی نیە: وەك ئەوەی دەبێت لەسەر هەبوونی دەسنوێژ تێی گیرابێت، یان کاتی بۆ دیاری کرابێت.

حوکمی پێچان ولەفاف

هەرهەمان حوکمی گەچیان هەیەو ئەندامە پێچراوەکان لە کاتی دەسنوێژو غوسڵ دەرکردندا مەسح دەکرێن..

## باسی هەشتەم

## غوسڵ

پێناسەی غوسڵ: لە زمانەوانیدا: غوسڵ: شتنە.

لە زاراوەدا: غوسڵ: خۆشتنە، کە بریتیە لە رۆیشتنی ئاوی پاك بەسەر هەموو جەستەدا.

## چى غوسڵ پێویست دەكات؟!

یەكەم: هاتنە دەرەوەى مەنى لە كاتى خەوو بێدارییى تەندروستدا: چونكە خواى گەورە دەفەرموێ: (وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ) المائدة/٦واتە: ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتان بە شتێى لەشتان پاك كەنەوە. ئەبو سەعیدى خودرى خوا لێى رازى بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووى: (إِنَّمَا الماءُ مِن المْاَءِ) موسلیم (٣٤٣) واتە: ئاو بە خۆدا كردن كە غوسڵ دەركردنە بە هۆى هاتنەوەى ئاوەوە (مەنى)یە.. وە خاتوو ئوم سەلەمە خوا لێى رازى بێت دەگێڕێتەوە كە ئوم سولیەمى ژنى ئەبو تەلحە خوا لێیان رازى بێت هاتە خزمەت پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و فەرمووى: ئەى پێغەمبەرى خوا، خواى گەورە شەرم لە باسكردنى هەق ناكات، ئایا ئەگەرئافرەت شەیتانى بوو (لە خەونیدا لەگەڵ پیاودا جووت بوو) غوسڵى دەكەوێتە سەر؟!پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووى: (نَعَمْ، إِذَا رَأَتْ المَاءَ) بوخارى (٢٨٢) واتە: بەڵێ، ئەگەر ئاوى بینى.. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بینین و هەست پێكردنى هاتنەدەرەوەى مەنى بە شێوەى هەڵقوڵین..

ئەگەر مەنى بە دەرپێكەیەوە بینى غوسڵى لەسەر فەرز دەبێت با شەیتانیش نەبووبێت، چونكە دەشێت خراپ خەوتبێت.. بەڵام ئەگەر خەونى بینى و ئاوى نەهاتەوە، غوسڵى ناكەوێتە سەر..چونكە عائیشەخان خوا لێى رازى بێت دەفەرموێ: پرسیاریان لە پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كرد كە كابرا كە لە خەو هەڵدەستێت تەڕێتى بە خۆیەوە دەبینێت، ئەگەرچى خەونیشى نەدیووە، فەرمووى: (يَغْتَسِلُ) واتە خۆى دەشوات.. پرسیاریان كردەوە: ئەدى ئەگەر كابرا خەونى شەیتانیى بینى بەڵام تەڕێتى بە خۆیەوە نەدى، ئایا غوسڵى لەسەرە؟!فەرمووى (لا غُسْلَ عَلَيهِ) ئەبوداوود (٢٣٣) واتە: غوسڵى لەسەرنیە..

- حوكمى ژن و پیاو لەم مەسەلەیەدا وەكو یەكە..

- هەر كەسێك مەنی بە هۆی سەرماو نەخۆشیەوە لێ بێتە دەرەوە غوسڵی ناكەوێتە سەر، چونكە وەكو باسكرا مەرجی فەرز بوونی غوسڵ هاتنە دەرەوەی مەنییە بە شێوەی هەڵقوڵین.

دووەم: بە بەركەوتنی جێ خەتەنەی پیاوو ژن، با ئاویشیان نەهاتبێتەوە: ئەگەر گۆپكەی زەكەری پیاو لە عەورەتی ئافرەتێكدا بزر ببێت، ئاویان بێتەوە یان نا، غوسڵ لەسەر هەردووكیان فەرز دەبێت. چونكە: ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الْأَرْبَعِ، ثُمَّ جَهَدَهَا، فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ وَإِنْ لَمْ يُنْزِلْ)بوخاری (٢٩١) واتە: ئەگەر لە نێوان چوارپەلیدا دانیشت و سەرجێیی لەگەڵ كرد، بێتەوە یان نەیاتەوە غوسڵی لەسەر فەرزە. بۆیە ئەگەر زەكەری پیاوەكە لە عەورەتی ژنەدا بزر بوو غوسڵیان دەكەوێتە سەر، ئاویان هاتبێتەوە یان نا..

سێیەم و چوارەم: حەیزو زەیستانی: حەیز (سووڕی مانگانە) و زەیستانی هەردووكیان هۆی واجب بوونی غوسڵن، بەڵام ئەو كاتە فەرز دەبن كە كاتیان تەواو بووبێت.. عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە فاتیمەی كچی ئەبو جەحشی فەرموو: (إِذَا أَقْبَلَتْ الْحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلَاةَ وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي) بوخاری (٣٢٤) واتە: ئەگەر كەوتیتە حەیزەوە واز لە نوێژەكان بهێنە، ئەگەر تەواو بوو غوسڵ دەركەو نوێژەكانت بكەرەوە..

پێنجەم: موسوڵمان بوونی كافر: قەیسی كوڕی عاسم خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە، كاتێك كە موسوڵمان بووە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێدا (أَنْ يَغْتَسِلَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ[٣]) نەسائی (١٠٩/١) سەحیحە.. واتە: كە خۆی بە ئاوو سیدر بشوات.. فەرمانیش بۆ فەرز بوونە.. كەوابوو غوسڵ دەركردنی كافر

[٣] سیدر:گەڵایەكی بۆن خۆش بووەو بۆ پاكژیی بەكارهاتووە.

فەرزە.. هەروەها کە سومامەی کوڕی ئەسسال (ثُمامة بن أثَّال) موسوڵمان بوو، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی کرد: (إذْهَبُوا بِهِ الَى حَائِطِ بَنِي فُلانٍ فَمُرُّوهُ أنْ يَغْتَسِلَ) ئەحمەد (٣٠٤/٢) کە بیبەنە باخی تیرەی فڵانی با لەوێ غوسڵ دەرکات..

شەشەم: نوێژی هەینی (جومعە): ڕاستترین قەولی شەرعناسان ئەوەیە کە غوسڵی ڕۆژی هەینی فەرزەو نەکردنی تاوانە، ئەوەش ڕای ئەبوهورەیرەو عەمماری کوڕی یاسرو ئەبو سەعیدی خودری و پاشان حەسەنی بەسری و ڕیوایەتی ئیمامی مالیك و ئەحمەدو بۆچوونی ئیبنو حەزمیشە.. بەڵگەشیان: ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (الْغُسْلُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ) واتە: دەرکردنی غوسڵی هەینی لەسەر هەموو کەسێکی باڵغ فەرزە.. (المحلى (١٢/٢)، الاوسط (٣٤/٤). غوسڵی هەینی بۆ هەر کەسێك کە دەچێتە نوێژی هەینی . ژن بێت یان پیاو، و لە توانایدایە، فەرزە. والله اعلم.

حەوتەم: مردن: ئەمیش هۆیەکە بۆ واجب بوونی غوسڵ، بەڵام بێگومان غوسڵەکە لەسەر مردووەکە خۆی نیە، بەڵکو لەسەر موسوڵمانانی زیندووی دەوروبەرێتی.. باسی دورودرێژی ئەمە دواتر لە ئەحکامەکانی جەنازەدا دێت. ان شاء الله..

## غوسڵی سوننەت

<u>١- غوسڵی جەژنەكان:</u>زازان (زاذان) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە كە كابرایەك دەربارەی غوسڵی لە سەیدنا عەلی خوا لێی ڕازی بێت پرسی: فەرمووی: حەز دەكەیت هەموو ڕۆژێك خۆت بشۆ. كابرا ووتی: نا دەربارەی غوسڵ دەپرسم، فەرمووی: ڕۆژی هەینی، ڕۆژی عارفە، جەژنی قوربان، جەژنی ڕەمەزان. (بەیهیقی/السنن (٢٧٨/٣)..

هەروەها لە نافیعەوە هاتووە كە ئیبنو عومەر خوا لێیان ڕازی بێت پێش ئەوەی بچێت بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان غوسڵی دەردەكرد..

<u>٢- غوسڵ دوای هۆش هاتنەوە:</u> چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە كاتی نەخۆشیەكەی كۆتایی تەمەنی پیرۆزیدا فەرمووی: (إغْتَسِلْ مِنْ الاغْمَاءِ) بوخاری (٦٨٧)، موسلیم (٤١٨) واتە: بە هۆی لەهۆش خۆ چوونەوە غوسڵ دەركە.. شەرعناسان حوكمی شێتیشیان خستۆتە ڕیزی لەهۆش خۆ چوونەوەو فەرموویانە كەسێك كە بە هۆش خۆی هاتەوە سوننەتە غوسڵ دەركات.

<u>٣- غوسڵی حەج و عەمرە:</u> سەیدنا زەیدی كوڕی سابیت خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ (رَأَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَجَرَّدَ لِإِهْلَالِهِ، وَاغْتَسَلَ)ئەلبانی لە: الارواء (١٤٩) دەفەرموێ: حەسەنە واتە: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی لە دەسپێكی حەجدا پۆشاكی داكەندو غوسڵی دەركرد..

ئافرەتیش لەو كاتەدا دەتوانێت غوسڵەكە هەر دەربكات ئەگەر لە حەیزو زەیستانییشدا بێت.

<u>٤- غوسڵی چوونە مەككە:</u> چونكە ئیبنو عومەر خوا لێیان ڕازی بێت كە دەچوو بۆ مەككە، شەو لە ناوچەی (زی تووا) دەمایەوەو سبەی غوسڵی دەردەكردو بە ڕۆژ دەچووە ناو مەككەوە.. دەیفەرموو: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیووە ئاوای كردووە..

٥- غوسڵ دوای هەر سەرجێییەك: ئەگەر ویستی دیسان بیكاتەوە: ئەبو رافیع خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: شەوێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەسەر خێزانەكانیدا گەڕا، لای ئەمیان غوسڵێكی دەردەكرد، دەچوە لای ئەوی تریان غوسڵێكی تری دەردەكرد.. عەرزم كرد (پێم ووت): ئەی پێغەمبەری خوا بۆچی هەموو غوسڵەكان ناكەیت بە یەك؟!فەرمووی: (ئاوا جوانترو خاوێنترە)..

٦- دوای مردوو شتن: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت بە مەرفووعی دەفەرموێ: (مَنْ غَسَّلَ مَيِّتًا فَلْيَغْتَسِلْ) ئەبوداوود (٣١٦٢)، ترمذي (٩٩٣) واتە: هەر كەسێك مردوویەكی شت با غوسڵ دەركات..

٧- غوسڵی نوێژانەی ژنانی خاوەن خوێنی جاری: ئەو ئافرەتانەی بەردەوام خوێنیان لێ دێت، كە بە عارەبی پێی دەوترێت (موستەحازە)، بۆیان سوننەتە ئەگەر بتوانن بۆ هەر نوێژێك غوسڵێك دەركەن. عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: خاتوو ئوم حەبیبەی خێزانی پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ماوەی حەوت ساڵی رەبەق خوێنی بەردەوامی هەبوو، بۆ هەموو نوێژێكیش غوسڵێكی دەردەكرد.

## روكنەكانی غوسڵ

یەكەم: نییەت: لەبەر ئەوەی غوسڵ دەركردن خواپەرستییە، نیەت پاكی مەرج و روكنێكی سەرەكییە تێیدا، ئەو كەسەی غوسڵ دەردەكات دەبێت مەبەستی خواپەرستی بێت و تایبەتیشی بكات بە خوای گەورەوەو نەهێڵێت ریای تێكەوێت، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء) البينة/٥ واتە: فەرمانی ئەوەیان پێدرابوو كە تەنها خوای پاك و تاك بە سەر ڕاستانە بپەرستن.. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّمَا الاعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى) بوخاری(١) واتە: هەموو كردەوەیەك بە

پێی نیەتە، نیەتی هەر کەس چۆن بوو، هەر ئاوای بەردەکەوێت. غوسڵ دەرکردنیش کردەوەیە بۆیە پێویستە نیەتی کردنی بۆ خوا تەرخان کرێت..

<u>دووەم: ئاو بەسەر هەموو جەستەدا بڕێژێت:</u> حەقیقەتی غوسڵ دەرکردن بریتیە لە رژاندنی ئاوی پاك بەسەر هەموو لەشدا، گەیشتنێتی بە سەرو بنی پێست و موو.. هەموو ئەو فەرموودانەی باس لە چۆنیەتی غوسڵی پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن، جەخت لەمە دەکەنەوە،

جوبەیری کوڕی موتعیم خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (أَمَّا أنَا فَآخُذُ مِلْءَ كَفِّي ثَلاثَاً فَأَصُبُّ عَلَى رَأْسِي، ثُمَّ أَفيضُ بَعْدَ ذَلِكَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِي) ئەحمەد (٨١/٤) بوخاری (٢٥٤) واتە: ئەمما من، سێ جاران پڕبە مشتی خۆم ئاو هەڵدەگرم و دەیکەم بەسەرمدا، پاشان ئاو دەڕێژم بەسەر هەموو جەستەمدا.. هەروەها ئوم سەلەمە خان خوا لێی رازی بێت، کە خێزانی پێغەمبەری خۆشەویستە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ووتم:ئەی پێغەمبەری خوا من قژم دەکەمە پرچ (کەزی) ئایا لە کاتی غوسڵ دەرکردندا بیکەمەوە؟ فەرمووی: سێ مشت ئاوت بەسە سەرەتا بیکەیت بەسەر سەرتدا، پاشان ئاو بکەیت بەسەر هەموو جەستەدا، ئاوا پاك دەبیتەوە.. ئیمامی ئیبنو حەجەر دەفەرموێ: هەموو فەرموودەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت ئاو بەسەر هەموو جەستەدا بڕژێت.(الفتح ٣٦١/١).

### سوووننەتەکانی غوسڵ

سەرچاوەی ئاڕاستەی ئەم باسە دوو فەرموودەی پێغەمبەری خوان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، کە بریتین لە:

١- فەرموودەی لای خاتو عائیشەخان خوا لێی رازی بێت کە لە باسی دەسنوێژی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (كَانَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنَ الْجَنَابَةِ بَدَأَ

فَغَسَلَ يَدَيْهِ، ثُمَّ يَتَوَضَّأُ كَمَا يَتَوَضَّأُ لِلصَّلاَةِ، ثُمَّ يُدْخِلُ أَصَابِعَهُ فِي الْمَاءِ، فَيُخَلِّلُ بِهَا أُصُولَ شَعَرِهِ (حَتَّى إِذَا ظَنَّ أَنَّهُ قَدْ أَرْوَى بَشَرَتَهُ أَفَاضَ) ثُمَّ يَصُبُّ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ غُرَفٍ بِيَدَيْهِ، ثُمَّ يُفِيضُ الْمَاءَ عَلَى جِلْدِهِ كُلِّهِ) بوخاری (٢٤٨)، موسلیم (٣١٦) واته: كاتێك بیویستایه غوسڵی لەشگرانی خۆی دەركات، سەرەتا بە شتنی دەستەكانی دەستی پێ دەكرد، ئینجا دەسنوێژی دەگرت وەكو كە بۆ نوێژی بگرێت، پاشان پەنجەكانی دەكرد بە ناو ئاوەكەداو دەیهێنان بە ناو ریشیدا (لە ریوایەتەكەی ناو كەوانەكەدا هاتووە كە (كاتێك دەیزانی وا بە تەواوی ئاو گەیشتۆتە بن مووەكان) ئینجا سێ مشتی بەسەریدا دەكرد، پاشان ئاوی دەكرد بەسەرهەموو پێستیدا..

٢- فەرموودەی لای خاتوو مەیموونە خوا لێی رازی بێت كە خێزانێكی تری پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فەرمووی: ئاوم بۆ غوسڵ دەركردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داناو پەردەیەكم بۆ بەست، دەستەكانی دووجار یان سێ جار شت، پاشان بە دەستی راستی كردی بەسەر دەستی چەپیدا، ئینجا زەكەری شت و ئەوی پێوەی بوو لێی كردەوە، پاشان دەستی بە زەوی یان بە دیوارەكە سڕی، پاشان شتیەوە، ئینجا ئاوی لە دەمو لووتی وەرداو فمی كرد، ئینجا دەموچاوی شت، پاشان دەستی، ئینجا سەری شت، پاشان ئاوی بەسەرهەموو لەشیدا كرد، پاشان كەمێك كەناركەوت و پێیەكانی شت، پارچە پەڕۆیەكم داێ خۆی پێ ووشك كاتەوە، ئاماژەی كردو نەیوویست..

ئەوی لەم دوو فەرموودەوە دەردەكەوێت كە هەر كەسێك وویستی غوسڵی لەشگرانی خۆی دەركات، دوای نیەت هێنانی دەبێ:

١- دەستی سێ جار بشوات پێش ئەوەی بە ئاوەكەیدا بكات.

٢- بە دەستی چەپی عەورەتی بشوات و هەڵیگڵۆفێت تا هەر پیسییەكی پێوە بێت لێی كاتەوە.. نابێت دەستی راستی بەكار بهێنێت چونكە پێغەمبەری خوا لە

فەرموودەیەكدا دەفەرموێ: (إِذَا بَالَ أَحَدُكُم فلا يَأخُذَنَّ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ) موسلیم (٢٦٧) واتە: ئەگەركەسێكتان میزی كرد، بە دەستی راست زەكەری نەگرێت.

**٣-دەستی دوای شتنی عەورەتی بشواتەوە:** ئەمە لە فەرموودەكانەوە دیارە كە جێ بایەخی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووە..

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: شتێكی باشە كە هەركەسێك تاراتی بە ئاو گرت، كە تەواو بوو دەستی بە گڵ یان بە ئەشنان (وەكو سابوون وابووە) بشواتەوە، یان زۆریان لە زەوی یان لە دیواربخشێنێت تا ئەگەرپیسییان پێوە بێت لێی بێتەوە.

**٤- دەسنوێژێك بە تەواوی بگرێت وەكو كە بۆ نوێژكردنی دەگرێت:** ئەمەش لە هەردوو فەرموودەكەدا باس كراوە، ئیمامی ئیبنو حەجەر دەفەرموێ: لەوانەیە دەسنوێژ گرتن پێش غوسڵ دەركردن سوونەتێكی سەربەخۆ بێت، چونكە لە غوسڵ دەركردنیشدا هەموو ئەو ئەندامانەی دەسنوێژ پێویستە بشۆرێن، كەوابوو هەر لە سەرەتاوە نیەتی غوسڵ هێنانەكە پێویستە.. پاشان دەفەرموێ: دیارە لەبەررێزلێنانی ئەو ئەندامانەی دەسنوێژە كە وویستوویەتی حوكمی لەشگرانی و بێ دەسنوێژیشیان لەسەرلادات.. (فتح الباری ٤٢٩/١)

دەسنوێژ گرتنی پێش غوسڵ دەركردن لای زۆرینەی هەرە زۆری شەرعناسان سوونەتە جگە لە ئەبو سەورو داوودی زاهیریی..

**دوو بیرخستنەوەی گرنگ**

**یەکەم: حوکمی ئاو لە دەمو لووت رادان و فم (یان فن) کردن لە کاتی غوسڵ دەرکردندا :**

لە باسی دەسنوێژدا باسمان لە چوار بۆچوونی شەرعناسان کرد لەسەرمەسەلەی ئاولە دەمولووت رادان، ئەوەشمان پێ بەهێزتر بوو کە هەردووکیان لە دەسنوێژدا واجبن.. بەڵام ئایا لە غوسڵیشدا هەمان حوکمیان هەیە؟!ئیمامی مالیك و ئیمامی شافیعی و لەیس و ئەوزاعی کە جمهوری شەرعناسانن دەفەرموون: ئاو لە دەمولووت رادان و فم کردن لە غوسڵ دەرکردندا سوننەتە.. بەڵگەشیان:

١- دەسنوێژ بۆ غوسڵ دەرکردن فەرز نیە، ئاو لە دەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردنیش رەفتاری دەسنوێژن، کە دەسنوێژ نەگیرێت ئەوانیش ناکرێن..

٢- ئاولەدەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێش دەرکردنی غوسڵ لە خۆیانەوە نابنە فەرمان تا واجب بن، بەڵام دەشێت ببنە سوننەت. شتێك واجب دەبێت کە واجب بوونی شتێکی دیکەی لەسەر وەستا بێت.. ئەمەش لێرەدا وا نیە..

ئاو لە دەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردن لە غوسڵ دەرکردندا سوننەتن نەك فەرز.. والله اعلم.

دووەم: شتنی پێیەکان لە کاتی غوسڵ دەرکردندا کەی دەبێت؟:

ئەگەر لە شوێنێکدا غوسڵی دەردەکرد کە زۆر پاك نەبوو  دەتوانێت شتنی پێیەکانی دواخات، ئەگەر نا هەر لەگەڵ دەسنوێژەکەیدا پێشیان دەخات و دەیانشوات، ئەمەش رای ئیمامی مالیکە..

وا دیارە ئەم بۆچوونەی ئیمامی مالیك پەسەندتر بێت.. والله اعلم..

٥- سێ جار بە مشتی ئاو بەسەریدا دەکات، وا بێت ئاوەکە بگاتە بنجی مووەکان و پێستی سەری..

٦-لای راستی سەری یەکەمجار تەڕدەکات پاشان لای چەپی..

٧-دەست دەخاتە ناو مووەکانی سەری و هەڵیان دەگڵۆفێت. چونکە لە فەرموودەکەی لای عائیشەخاندا هاتبوو:(حَتَّى إِذَا ظَنَّ أَنَّهُ قَدْ أَرْوَى بَشَرَتَهُ أَفَاضَ ثُمَّ يَصُبُّ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ غُرَفٍ بِيَدَيْهِ، ثُمَّ يُفِيضُ الْمَاءَ عَلَى جِلْدِهِ كُلِّهِ) بوخاری (٢٤٨)، موسلیم (٣١٦) واتە: پاشان پەنجەکانی دەکرد بە ناو ئاوەکەداو دەیهێنان بە ناو مووەکاندا کاتێك دەیزانی وا بە تەواوی ئاو گەیشتۆتە بن مووەکان ئینجا سێ مشتی بەسەریدا دەکرد، پاشان ئاوی دەکرد بەسەر هەموو پێستیدا..

ئایا هەڵگڵۆفین (دەست خستنە نێوان مووەکان)ی ریش لە غوسڵدا واجبە؟

جمهوری شەرعناسان ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیك و شافیعی و ئیبنو حەزم دەفەرموون: هەڵگڵۆفینی ریش لە غوسڵ دەرکردندا واجب نیە، بەڵام باشتر وایە بیکات.. دیارە ئەمە بۆ کەسێکە کە ریشی تەنك یان ئاساییە، بەڵام کەسێك کە ریشی زۆر پڕ بێت دیارە واجبە، چونکە تەنها ئاو پێدا کردن بە تایبەتی کە ئاوەکەش بە لوێچ بەکارهێنێت رەنگە بەس نەبێت..

٨- ئاو بەسەر هەموو جەستەیدا دەڕێژێت: ئاو ڕشتن بەسەر هەموو جەستەدا لە هەموو فەرموودەكاندا هاتووە كە باس لە چۆنیەتی غوسڵ دەركردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكەن..

٩- بەلای ڕاستی دەست پێ دەكات پاشان لای چەپی: لەبەر ئەو فەرموودەیەی كە عائیشە خان خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ فِي تَنَعُّلِهِ وَتَرَجُّلِهِ وطُهُورِهِ وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ) (بوخاری/ ١٦٨) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەمیشە دەسپێكردنی بە لایەنی ڕاستی پێخۆش بوو، لە پێڵاو لە پێ كردنیدا، لە پیادەییدا، لە دەسنوێژو غوسڵیدا، لە هەموو كاروبارێكیدا..

دوو بیرخستنەوەی تر:

یەكەم: ئاو بەسەر جەستەدا كردن بۆ یەك جارە: ئەمە لە هەردوو فەرموودەكەی لای خاتوو مەیموونەو خاتوو عائیشەخاندا دەردەكەوێت، لە هەردووكیاندا سێ جاری بۆ دەست شتن و سەر شتن بوو، ئەمما هەموو جەستە، ئەوە فەرموودەكەی لای عائیشەخان باس دەفەرموێ كە یەكجار بووە: (ثُمَّ يُفِيضُ الْمَاءَ عَلَى جِلْدِهِ كُلِّهِ) بوخاری (٢٤٨)، موسلیم (٣١٦) واتە: پاشان ئاوی بەسەر هەموو پێستیدا دەكرد..خاتوو مەیموونەش دەفەرموێ: (ثُمَّ صَبَّ عَلَى جَسَدِهِ قَدَمَيْهِ) بوخاری (٢٦٦) موسلیم (٣١٧) واتە: پاشان ئاوی بەسەرهەموو لەشیدا كرد.

دووەم: حوكمی دەست لە لەش خشاندن لە كاتی غوسڵ دەركردندا: ئەگەر كەسێك بۆ غوسڵ دەركردن ئاوی بەسەر جەستەیدا ڕشت بێ ئەوەی دەست لە جەستەی بخشێنێت، ئایا غوسڵی دەردەچێت؟ یان حەتمەن دەبێت دەست بە جەستەیدا بهێنێت؟

وانازانم دەست لێخشاندن لە جەستە لە كاتی غوسڵ دەركردندا واجب بێت، پێم وایە سوننەتە.. والله اعلم.

## غوسڵى ئافرەت

چۆنيەتى دەركردنى غوسڵى ئافرەت لە لەشگرانى هەر وەكو چۆنيەتى غوسڵ دەركردنى پياوانە.. ئەو ئافرەتانەى پرچ (كەزى) يان هەيە مەرج نيە لە كاتى غوسڵ دەركردنياندا بيكەنەوە، مەرج ئەوەيە ئاو بگەيێنێتە بنجى مووەكانى..چونكە خاتوو ئوم سەلەمە دەفەرموێ: (قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي امْرَأَةٌ أَشُدُّ ضُفْرَ رَأسِي فَأَنْقُضَهُ لِغُسْلِ الْجَنَابَةِ فَقَالَ إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحِثَّينَ عَلَى رَأسَكِ ثَلاثَ حَثِياتٍ مِنْ مَاءٍ ثُمَّ تَفِيضِينَ عَلَيكِ الماءَ فَتَطْهُرِينَ) موسليم (٣٣٠)، ئەبوداوود (٢٥١) واتە: ووتم: ئەى پێغەمبەرى خوا من قژم دەكەمە پرچ (كەزى) ئايا لە كاتى غوسڵ دەركردندا بيكەمەوە؟ فەرمووى: سێ مشت ئاوت بەسە بيكەيت بەسەر سەرتدا پاشان ئاو بكەيت بەسەرهەموو جەستەدا، ئاوا پاك دەبيتەوە..

هەروەها ئەو هەڵوێستەش بەناوبانگە كە ئيبنو عومەر خوا لێيان رازى بێت فەرمووى: دەبێت ژنان لە كاتى غوسڵ دەركردنياندا پرچ (كەزى) يەكانيان بكەنەوە، تا ئاو بچێتە نێوان مووەكانەوە، خاتوو عائيشە خان زۆر بە توندى رەددى دايەوەو فەرمووى: ها، جا يەكجارى بۆچى فەرمانيان پێ ناكات سەريان بتاشن؟! خۆ من و پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غوسڵى خۆمان لە تەشتێكدا دەردەكرد، تەنها سێ مشت ئاويشم دەكرد بەسەرمداو بەس.. لە ريواياتى تريدا هاتووە كە لە كاتى غوسڵ دەركرنەكەيدا پرچى نەدەكردەوە موسليم (٣٢١).

## غوسڵی ئافرەتان لە حەیزو زەیستانی

چۆنیەتی دەركردنی غوسڵی ئافرەت لە حەیزو زەیستانی (نیفاس) هەروەكو غوسڵ دەركردنە لە لەشگرانی، بەڵام چەند شتێكی تر هەیە كە پێویستە لەمیاندا رەچاو بكرێت:

١- بەكارهێنانی سابوون و شامپۆو شتی وا باشترە: چونكە خاتوو عائیشەخان خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ژنانی دەفەرموو: (تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُور) واتە: هەر یەكەتان ئاوو سیدری خۆی (گەڵایەك بووە وەكو سابوون بۆن خۆش و كەفی كردووە) هەڵگرێت و خۆی پێ پاك كاتەوە.

٢- پێویستە پرچەكانی لە كاتی دەركردنی غوسڵی حەیزو زەیستانیدا بكاتەوە: پێویستە (واجب) ئافرەتان لە كاتی دەركردنی غوسڵی حەیزو زەیستانیدا پرچیان بكەنەوەو بیشۆن.. والله اعلم..

٣- پاك كردنەوەی پەڵە خوێن و سڕینەوەی ئاسەواری: هەرچەندە لەم سەردەمەدا جۆرەها سانتی تایبەت بە ئافرەتان دروست دەكرێت، بەڵام بۆ ئافرەت باشتروایە كە غوسڵی حەیزو زەیستانی خۆی دەركرد پارچە لۆكەیەك یان دەسڕێكی كاغەز یان قوماشێكی نەرم بە كەرەستەیەكی پاكژیی (تەعقیم) تەڕ كات وبە عەورەتی خۆیدا بهێنێت، هەروەها بەو شوێنانەدا كە گومان دەكات خوێنی بەركەوتبێت..

خۆووشك كردنەوەی دوای غوسڵ: ووشك كردنەوەی ئەندامانی لەش دوای غوسڵ جائیزە.. والله اعلم..

* *

## هەندێك مەسەلەی تری غوسڵ

- دەسنوێژ گرتن دوای غوسڵ پێویست نیە: هەر كەسێك بە شێوەیەك راست و دروستی شەرعیانە غوسڵەكەی دەركرد، ئەگەر پێش غوسڵەكەش دەسنوێژی نەگرتبێت پێویستی بە گرتنی دەسنوێژ نابێت، چونكە پاكژیی غوسڵ دەركردنەكە بۆی دەبێتە دەسنوێژ.. عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لاَ يَتَوَضَّأُ بَعْدَ الْغُسْلِ) ترمذي (١٠٧)، نەسائی (١٣٧/١) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای غوسڵ دەركردنی لە لەشگرانی دەسنوێژی نەدەگرت..

ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: ئەگەر دوای غوسڵ دەركردن دەستت لە عەورەتت نەدابێت، ئیتر چ دەسنوێژێك لە غوسڵ دەركردن رێكوپێكترە؟!. ترمذي (١٠٧) نەسائی (١٣٧/١)

- ئەگەر دوو هۆی غوسڵ كۆبوونەوە: هەر كەسێك دوو هۆی لەشگرانی لەسەر كۆبووە، وەكو ئەو پیاوەی غوسڵی لەشگرانی و غوسڵی نوێژی هەینی كەوتۆتە سەر، یان ئەو ئافرەتەی لە حەیزدایەو غوسڵی لەشگرانی كەوتۆتە سەر، ئیمامی نەوەوی و ئیبنو قودامەی مەقدیسی دەفەرمون: زۆرینەی شەرعناسان دەفەرموون: ئەگەر نیەتی هەردووكیانی پێكەوە هێناو غوسڵی دەركرد، ئەوە لە هەردووكیان پاك بۆتەوە..

پێم و ایە كە مادام نیەتی غوسڵی هەردووكیانی هێنابێت غوسڵی هەردووكیانی دەردەچێت.. والله اعلم.

- ئەگەر ئافرەت پێش دەركردنی غوسڵی لەشگرانی، كەوتە حەیزەوە: لە راسترین قەولی شەرعناسان ئەوەیە كە پێویست ناكات غوسڵی لەشگرانی دەركات، دەشێت چاوەڕوان بێت تا ماوەی حەیزەكەی تەواو دەبێت و هەردوو غوسڵەكە دەكات بە یەك، مەرجە نیەتی هەردووكیان بهێنێت. ئەمەش راوبۆچوونی ئیمامی ئەحمەدە.

- غوسڵی ژن و مێرد پێكەوە: دەشێت ژن و مێرد لە یەك كاتدا لە شوێنێكدا غوسڵ دەركەن، بۆ نموونە پێكەوە دەچنە حەوزێكەوە یان بانیۆیەكەوە یان ژێر دوشێكەوەو غوسڵیان دەردەكەن، ئەمە حوكمی بەكارهێنانی ئاوەكەش دەسەلمێنێت كە بەكارهێنانی ئاوی غوسڵی یەكێكیان بۆ غوسڵ دەركردنی ئەوی تریان جائیزە..

- غوسڵ دەركردن بە رووتی لەبەر چاوان حەرامە: دەشێت بە رووتی غوسڵ دەركات، بەو مەرجەی كەس نەیبینێت، وەكو ئەوەی پەردەیەك بە دەوری خۆیدا راهێڵ كات، چونكە خاتوو مەیموونە خوا لێی رازی بێت كە دەفەرموێ: (وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَاءً لِلْغُسْلِ وَسَتَرْتُهُ) بوخاری (٢٦٦) واتە: ئاوم بۆ غوسڵ دەركردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داناو پەردەیەكم بۆ رایەڵكرد.

- كەسێك لە كاتی غوسڵ دەركردندا دەسنوێژی بشكێت: ئەو كاتەی لەشگرانێك خۆی دەشوات ئەگەر پێش تەواوبوونی غوسڵەكەی دەسنوێژی شكا، با گوێ نەداتێ و لە غوسڵ دەركردنی خۆی بەردەوام بێت، چونكە ئەوە رێ لە غوسڵەكەی ناگرێت، بەڵام لەسەر قەولی زۆرینەی شەرعناسان دەبێت دەسنوێژ بگرێت.. ئیبنو قودامەو ئیبنول مونذیریش ئەوەیان بە پەسەندتر زانیووە المغنی (١/٢٩٠)، الاوسط (١١٢/٢).

## هەندێك بابەتی پەیوەندیدار بە لەشگرانی

- لەشگران بۆی هەیە غوسڵ دەركردنی دواخات: مەرج نیە هەر ئەوكاتەی لەشگران دەبێت غوسڵ دەركات، ئەنەسی كوڕی مالیك خوا لێی بێت كە فەرمووی(أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَطُوفُ عَلَى نِسَائِهِ فِي اللَّيْلَةِ الْوَاحِدَةِ وَلَهُ يَوْمَئِذٍ تِسْعُ نِسْوَةٍ) بوخاری (٢٨٤)، موسلیم (٣٠٩) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە شەوێكدا بەسەرهەموو خێزانەكانیدا دەگەڕا، كە نۆژنیشی هەبوو..

كەوابوو مانەوەی موسوڵمان بە لەشگرانی هیچ كاریگەرییەكی نیە، مەگەر ببێتە هۆی دواخستنی نوێژەكانی.. ئەوەش حوكمێكی تری هەیە.

- لەشگران بۆی هەیە پێش غوسڵ دەركردن بخەوێتەوە: لەبەر ئەوەی عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرمویٚ(إِذَا أَرَادَ أَنْ يَنَامَ وَهْوَ جُنُبٌ، غَسَلَ فَرْجَهُ، وَتَوَضَّأَ لِلصَّلاَةِ) موسلیم (٣٠٥) واتە: ئەو كاتەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەشگران بوایەو بیویستیایە بخەوێتەوە، دەچوو عەورەتی دەشت و دەسنوێژی دەگرت وەكو كە بۆ نوێژی دەگرت، ئینجا دەخەوت..

- لەشگران بۆی هەیە قورئان بخوێنێت: پێشتر لە باسی دەسنوێژدا ئەمە روون كرایەوەو لە پوختەكەیدا ووتم: لەش پاكیی مەرجە بۆ دەستدان لە قورئان و هەڵگرتنی، بەڵام دەسنوێژ بۆ دەست لێدان و هەڵگرتن و خوێندنی مەرج نیە.. ئافرەتیش كە لە حەیزدا بێت یان زەیستان بێت دەتوانێت قورئان بخوێنێت، بێ ئەوەی دەستی لێ بدات.. والله اعلم..

- لەشگران و حەیزداربۆیان هەیە لە مزگەوتدا بمێننەوە: ئەمە یەكێكە لەو باسانەی كە راجوێییەكی زۆری لەسەرەو هەر لایەنەش بەرگریی بەردەوام لە بۆچوونی خۆی دەكات.. جمهوری شەرعناسان و لە پێشیانەوە پێشەوایانی چوار مەزهەبەكە بۆچوونیان ئەوەیە كە لەشگران و حەیزدارو زەیستان بۆیان نییە لە مزگەوتدا

بمێننەوە، بەڵام بەڵگەی بەرامبەرەکانیان بەهێزترە.. بۆیە: پێم وایە لەشگران و حەیزدارو زەیستان بۆیان هەیە لە مزگەوتدا بمێننەوە.. والله اعلم..

## باسی نۆیەم

## تەیەممووم

پێناسەی تەیەممووم: لە زمانەوانیدا: تەیەممووم یەعنی مەبەست و ئاڕاستە.. دەوترێت: (تَيَمَّمْتُ فُلاناً، وَيَمَّمْتُهُ، وتَأَمَّمْتُهُ، وَأَمَّمْتُهُ: أي قَصَدْتُهُ) خوای گەورەش دەفەرموێ: (وَلَا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ) البقرة/٢٦٧ واتە: مەبەستتان دەسخستنی پارەی حەرام نەبێت تا لەویان لە پێناوی خوادا ببەخشن. لە زاراوەییدا: تەیەممووم: بەکارهێنانی چەعیدە (هەموو شتێکی پاکە کە لەسەر رووی زەوی هەیە) لە جیاتی ئاو بۆ دەسنوێژو غوسڵ تا هەرچی ئەو دوانە رێی پێ دەدەن ئەمیش رێی پێ بدات..

تەیەممووم جائیزە: شیاوێتی تەیەممووم بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و کۆڕایە، خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ ۚ) المائدة/ ٦ واتە: ئەگەر ئاوتان دەست نەکەوت هەربەوەی لەسەر زەمیندا بەرز بۆتەوە (لە خاك و خوێ و لم و بەردو قسڵ و هتد) مەسحی دەموچاوو دەستانی پێ بکەن.

عەمرانی کوڕی حەسسین خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (...وَنُودِيَ بِالصَّلاَةِ فَصَلَّى بِالنَّاسِ، فَلَمَّا انْفَتَلَ مِنْ صَلاَتِهِ إِذَا هُوَ بِرَجُلٍ مُعْتَزِلٍ لَمْ يُصَلِّ مَعَ الْقَوْمِ قَالَ: مَا مَنَعَكَ يَا فُلاَنُ أَنْ تُصَلِّيَ مَعَ الْقَوْمِ. قَالَ أَصَابَتْنِي جَنَابَةٌ وَلاَ مَاءَ. قَالَ: عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ، فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ)بوخاری (٣٤٨)، موسلیم (١٥٣٥) واتە: پاشان کە بانگ درا، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژەکەی بە ئیمامەت بۆ خەڵکەکە کرد، کە لە نوێژ تەواو بوو، کابرایەکی بینی گۆشەگیرەو لەگەڵ خەڵکەکە نوێژی نەکرد پێی

فەرموو: ئەرێ فڵان، چی رێی لێ گرتیت تا نوێژەکە لەگەڵ ئەو خەڵکە نەکەیت؟!فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا تووشی لەشگرانی بووبووم و ئاویشم دەست نەکەوت، فەرمووی: دەتوانیت سەعید بەکاربهێنیت، ئەویشت بەسە.. دواتر کە ئاویان هێنا، دەفرێکی لێ دایە کابراو فەرمووی: برۆ خۆتی پێ بشۆ..

ئیبنو قودامەی مەقدیسی دەفەرموێ: هەموو ئوممەت لەسەر ئەوە کۆن کە بە شێوەیەکی گشتی تەیەممومم جائیزە..(المغنى ١/١٤٨).

تەیەممومم لە جیاتی چیە؟: تەیەممومم لە جیاتی دەسنوێژو غوسڵە، ئەمیش لە کاتێکدایە کە ئاو دەست نەکەوێت یان بەکارهێنانی زەحمەت بێت، ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: ئەمە مەزهەبی ئێمەیەو هەموو شەرعناسان لە یاوەران و تابعین و شەرعناسانی دواتر وایان فەرمووە، جگە لە سەیدنا عومەرو ئیبنو مەسعوود خوا لێیان رازی بێت، هەروەها ئیبراهیمی نەخەعی لە تابیعین.. ئەوان پێیان وایە تەیەممومم بۆ غوسڵ دەرکردن ناشێت.. ئیبنوسەبباغ دەفەرموێ: سەیدنا عومەرو ئیبنو مەسعوود لەو بۆچوونەیان گەڕاونەتەوە..

ئەو حاڵەتانەی کە تەیەممومم تێیاندا جائیزە: لە دوو حاڵەتدا تەیەممومم شیاوە:

یەکەم: کە ئاو دەست نەکەوێت: لە سەفەر بێت یان لە نیشتەجێیی.

دووەم: کاتێك ئاو هەبێت بەڵام بەکارهێنانی زەحمەت بێت: ئەمەش چەندین حاڵەتی تری هەیە کە باسیان دێت..ان شاء الله:

ئەو سەفەرەی کە تەیەممومی تێدا بۆ گەشتیار جائیز دەبێت، مەرج نیە درێژ بێت. ئەگەر گەشتیارێك ئاوی دەست نەکەوت و ویستی تەیەممومم بکات، گەشتەکەی درێژ بێت یان کورت، بۆی هەیە بیکات، چونکە ئەو پێناسەی سەفەرەی بەسەردا براوە کە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ دەکات.. ئەمەش راسترین بۆچوونی شەرعناسانە.. بەڵگەشیان: عائیشەخان دەفەرموێ: (كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي

سَفَرٍ حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالْبَيْدَاءِ أَوْ بِذَاتِ الْجَيْشِ انْقَطَعَ عِقْدٌ لِي، قَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى الْتِمَاسِهِ، وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ، وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ عِنْدَهُمْ مَاءٌ، فَأَتَى النَّاسُ أَبَا بَكْرٍ، فَقَالُوا: أَلا تَرَى إِلَى عَائِشَةَ حَبَسَتِ النَّاسَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ، فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَقَالَ: مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ طَعَنَ بِيَدِهِ عَلَى خَاصِرَتِي فَمَا مَنَعَنِي مِنَ التَّحَرُّكِ إِلا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ وَاضِعًا رَأْسَهُ عَلَى فَخِذِي فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ آيَةَ التَّيَمُّمِ فَبَعَثْتُ الْبَعِيرَ الَّذِي كُنْتُ عَلَيْهِ فَوَجَدْنَا الْعِقْدَ تَحْتَه) بوخارى (٣٣٤)، موسليم (٧٦٤) واته: له سه‌فه‌رێكدا، له خزمه‌ت پێغه‌مبه‌رى خوادا بووین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، له‌و ده‌شته ملوانكه‌یه‌كم لێ پسا، (یان له گه‌ردنم داكه‌وت) پێغه‌مبه‌رى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆى ده‌گه‌ڕاو خه‌ڵكیش له خزمه‌تیدا ده‌گه‌ڕان، نه ئاویان ده‌ست ده‌كه‌وت، نه لاشیان بوو، خه‌ڵكه‌كه (بۆ گله‌یی) هاتنه لاى ئه‌بوبه‌كر (باوكى خاتوو عائیشه خانه) پێیان ده‌ووت: نابینیت چۆن عائیشه‌خان ئه‌و خه‌ڵكه‌ى به‌م بێ ئاویه مه‌حته‌ل كردووه؟! ئه‌بوبه‌كریش هاته لامه‌وه‌و فه‌رمووى: ماشاءالله سیخورمه‌یه‌كى له كه‌للەكه‌م كوتا، نه‌متوانى هیچ بجووڵێم، چونكه سه‌رى پێغه‌مبه‌رى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ له‌سه‌ررانم بوو، دواتر پێغه‌مبه‌ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ له‌و بێ ئاویه‌دا هه‌ستا هه‌ر له‌وێ خواى گه‌وره ئایه‌تى ته‌یه‌مومى نارده خواره‌وه، ئیتر ناردم به شوێن ئه‌و حوشتره‌دا كه سوارى بووبووم، كه هه‌ڵیانساند، ملوانكه‌كه‌م له ژێر ئه‌ودا بوو! مه‌به‌ستى ئایه‌تى شه‌شه‌مى مائیده‌یه..

**مەرج نیە سەفەری تەیەمموم خوازسەفەری خواپەرستی بێت:**

ئەو کەسەی لە سەفەردایەو کاتی نوێژێتی و ئاوی دەسنوێژی نیە، یان هەیەتی و لە بەکارهێنانیدا عوزری هەیە، بۆی هەیە تەیەممومەکەی بکات، ئەمە پەیوەندی بە سەفەرەکەیەوە نیە کە ئایا بۆ خواپەرستیە یان بۆ گوناح کردن و تاوان. چونکە تەیەمموم عەزیمەتەو وەکو مۆڵەتەکان نیە موسوڵمان تێیدا سەرپشك بێت، تەیەمموم حوکمێکی شەرعیەو پەیوەندی بە سەفەرو نەبوونی ئاوەوە هەیە، ئەم حوکمە وەکو حوکمی مەسح وایە، پەیوەستە بە خودی سەفەرو بێ ئاویەوە، پەیوەندی بە هۆکارو پاڵنەری سەفەرەکە نیە کە بۆ خواپەرستیە یان بۆ ئەنجامدانی تاوان..المغنی..(١٤٨/١)، المحلی (١١٦/٢).

**ئەوی ئاوی لایەو بەکاری ناهێنێت:**

یەکەم: ئەو کەسەی ئاوی پێیە بەڵام بەشی دەسنوێژەکەی ناکات: هەر لەسەرەتاوە تەیەمموم دەکات: ئەمە مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیك و ئەحمەدو قەولێکی ئیمامی شافیعیە و کۆمەڵێك لە شەرعناسانی سەلەفیش وای بۆ چوون.. بروانە المجموع (٢١٣/٢)، مجموع الفتاوی (٤٥٣/٢١)..ئەم شەرعناسە بەڕێزانە دەفەرموون: نابێت بەشێکی دەسنوێژەکە بە ئاو بگرێت و بەشەکەی تری بە گڵ.. بۆیە رای پەسەند ئەوەیە مادام ئاوی تەواوی بۆ دەسنوێژ یان غوسڵ لا نیە، تەنها تەیەمموم دەکات..والله اعلم.

دووەم: ئەو کەسەی ئاوی پێیە بەڵام دەترسێت دواتر خۆی یان هاوڕێکەی یان ئاژەڵەکەی تینووی بێت: ئیبنول مونذیر دەفەرموێ: هەموو ئەو شەرعناس و شەرعناسانەی زانستیمان لێ وەرگرتوون فەرموویانە: هەرکەسێك لە سەفەردابوو، ئاوی کەمی پێ بوو، لەوە دەترسا ئەگەر بۆ دەسنوێژیان غوسڵ بەکاری بهێنێت دوایی تینووی ببێت، ئاوەکە هەڵدەگرێت و تەیەمموم دەکات (ابن المنذر: الاوسط (٢٨/٢).

سێیەم: ئەو کەسەی ئاوی پێیە بەڵام لەبەر نەخۆشیەکەی بەکاری ناهێنێت: جمهوری شەرعناسان (ئیمامی ئەبو حەنیفەو شافیعی و ئەحمەدو ئیبنو حەزم و هەندێکی تر) فەرموویانە: هەر نەخۆشێك ترسا لەوەی ئاو بەکار بهێنێت تووشی دەردەداریی دەکات، بۆی هەیە ئاو بەکار نەهێنێت و تەیەمموم بکات، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا) المائدة/٦ واتە: ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە دەست بەئاو گەیاندن هاتنەوە یان بەر ئافرەت کەوتبوون و ئاوتان دەس نەکەوت، بە شتی پاکی سەر رووی زەوی (گڵ یان لم یان بەرد) تەیمموم بکەن..

موجاهید لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەفەرموێ: ئەمە بۆ ئەو نەخۆشانەیە کە تووشی لەشگرانی دێن و ناوێرن ئاو بۆ غوسڵ دەرکردنیان بەکار بهێنن بۆیە رێی تەیەممومەکەیان بۆ کراوەتەوە، ئەم نەخۆشانە هەر وەکو ئەو گەشتیارانەن کە ئاویان دەست ناکەوێت.

ئەگەر نەخۆش ترسا کە بە بەکارهێنانی ئاو نەخۆشیەکەی زیاتر دەکات یان چاك بوونەوەی دوا دەخات، ئایا بۆی هەیە تەیەمموم بکات؟! جمهوری پێشەوایان وەکو ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیك و قەولێکی ئیمامی شافیعی و ئیبنو حەزم دەفەرموون: مەرج نیە نەخۆش تا نەگاتە مەترسی مەرگ بۆی نەبێت تەیەمموم بکات، نا، ئەگەر مەترسی ئەوەی هەبوو کە ئاو بەکارهێنان نەخۆشیەکەی زیاتر دەکات یان چاکبوونەوەی دوا دەخات، بۆی هەیە تەیەمموم بکات، چونکە مانای ئایەتەکە گشتییە هەروەها خوای گەوەر دەفەرموێ: (يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ) البقرة/١٨٧ واتە: خوای گەورە دەیەوێت ئاسانکاریتان بۆ بکات نەك سەختگیریی..

ئیبنوحەزم دەفەرموێ: هەر بەوەندەی بترسێت لەوەی نەخۆشیەکەی پێ زیاتر ببێت، ئەمە سەختگیریی و ناڕەحەتییە..(المجموع (٢/٣٣١)، المحلى (٢/١١٦)، الاوسط (٢/٢٦)

ئەوی زامدارە چی دەکات؟ ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیك دەفەرموون: ئەگەر زام (برین)ەکە زۆرینەی لەشی گرتبۆوە، خۆی تەڕ ناکات و تەیەمموم دەکات، ئەگەر زۆرینەی لەشی ساغ بوو ئەو شوێنانە دەشوات کە ساغن، جێ زامەکانیش واز لێ دەهێنێت! ئیمامی شافیعی و ئەحمەد دەفەرموون: ئەو شوێنانەی ساغن دەیانشوات و تەیەمومیش بۆ ئەو شوێنانەی دەکات کە زامدارن و نایانشوات.. ئەمە پەسەندترین رای لای ئیبنو تەیمییەشە..(المجموع (١/١٦٢)، المغنى (١/١٦٢)، مجموع الفتاوى (٢١/٤٦٦)

پێم و ایە نەخۆش یان زامدار ئەو شوێنانەی دەشوات کە ساغن و تەیەمموم بۆ ئەو شوێنانەی دەکات کە زامدارن و نایانشوات. والله اعلم.

چوارەم: ئەو کەسەی ئاوی پێیە بەڵام لەبەر سەرما ناوێرێت ئاو بەکار بهێنێت، تەیەمموم دەکات؟ بەڵێ، ئەو کەسەی لە ترسی سەرما ناوێرێت ئاو بەکار بهێنێت، دەتوانێت تەیەمموم بکات، ئەمەش بۆچوونی جمهوری شەرعناسانە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ(وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) النساء/٢٩ واتە: خۆتان مەکوژن، خوا بەرامبەرتان بە بەزەییە.. عەمری کوڕی عاس خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە ئەو کاتەی لە غەزای زاتو السەلاسلدا کرابووە ئەمیری جەنگاوەران، شەوەکەی زۆر ساردبووەو شەو خەوی دیووەو بۆ بەیانی لەشگران بووە، دەفەرموێ: بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە، ووتم: غوسڵ دەرکەم دەمرم، ئیتر تەیەممومم کردو پێش نوێژی بەیانیم بە یاوەرانم کرد، کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەری خوا و بۆیان گێڕایەوە، فەرمووی: ها، عەمر، ئەوە بە لەشی گرانەوە پێش نوێژیت بۆ یاوەرانت کردووە؟!عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو ئايەتەم كەوتەوە ياد كە خوای گەورە تێيدا دەفەرموێ: (وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) ئیتر منیش تەیەممومم كردو نوێژەكەم بۆ كردن.. ئیتر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێكەنی و هیچی نەفەرموو..(شێخی ئەلبانی لە الارواء (١٨٢/١) دا بە سەحیحی داناوە).

پێم وایە ئەوی لەبەر سەرما نەتوانێ ئاو بۆ دەسنوێژو غوسڵی بەكار بهێنێت، تەیەممومێك بۆ هەردووكیان دەكات.. والله اعلم.

ئایا بۆ ئەوەی نوێژەكەی فریا خات، تەیەممومم بكات؟ لەبەر ئەوەی نوێژكاتێكی كەمی ماوەو بۆ بەكارهێنانی ئاو نابێت: دەبێت تەیەممومم بكات و نوێژەكەی فریاخات پێش بەسەرچوونی كاتەكە ئەمەش بۆچوونی ئەهلی رەئی و ئەوزاعی و مالیك و ئیبنو حەزمەو ئیبنو تەیمییەش بە پەسەندتری زانیووە..(ابن تیمیه: مجموع الفتاوی (٤٣٩/٢١، ٤٥٦). پێم وایە هەر كاتێك ترسی نەمانی كاتی پەرستنێكی هەبوو تەیەممومم بكات راسترە وەك نەكردن و فەوتاندنیان.. والله اعلم.

ئایا بۆ ئەوەی نوێژەكەی فریا خات، تەیەممومم بكات؟چونكە لەخەو هەستاوەو كاتی نوێژ كەمی ماوە: تەیەممومم بكات و خێرا نوێژەكەی فریاخات چونكە لەخەو هەستاوەو كاتی نوێژكەمی ماوە دەبێت خێرا تەیەممومم بكات و نوێژەكەی فریاخات.. والله اعلم.

- ئەگەر ئاو نەبوو تەیەممومم بۆ مردوو دەكرێت؟! بەڵێ، ئەگەر ئاو نەبوو تەیەممومم بۆ مردوو دەكرێت، وەكو كە بۆ زیندوو دەكرێت، چونكە شتنی مردوو فەرزە، سەعیدیش پاك و پاك كەرەوەیە، ئەگەر ئاو دەست نەكەوت سەعید بەكار دێت بۆی.. راجوێی لەوەدا نیە كە غوسڵ دەركردن بە ئاو بێت یان بە تەیەممومم پاك بوونەوەیە، ئەم پاك بوونەوە بە تەیەممومەش بۆ هەموو پاكژییەكە كە واجب بێت..

صەعید (صَعید) چیە كە تەیەممومی پێ دەكرێت؟: هەرچی بە رووی زەویەوە دیارە، لە گڵ ولم و چەوو زیخ و شتی وا: ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئەبو یوسف و ئیمامی مالیكەو ئیبنو تەیمییەش پێی پەسەندترینە، هەروەها ئیبنو حەزم بەڵام ئەوەی بە مەرج داناوە كە دەبێت بە زەویەوە چەسپاو بن. (مجموع الفتاوی (٣٦٤/٢١)، المحلی ١٥٨/٢).

من پێم وایە هەرچی بە رووی زەویەوە دیارە، لە گڵ و لم و چەوو زیخ و شتی وا تەیەممومی پێ دەكرێت.. والله اعلم..

حوكمی ئەو كەسەی كە نە ئاو نە صەعیدی دەست دەكەوێت (فَاقِدِ الطَّهُورَيْنِ): رای راستترینی شەرعناسان ئەوەیە كە ئەو كەسەی كە نە ئاو نە صەعیدی دەسكەوت بۆ دەسنوێژو غوسڵی، هەر بەو حاڵەتەیەوە كە تێیدایە نوێژەكەی خۆی دەكات.. دواتر ئەگەر ئاو یان صەعیدی دەسكەوت نوێژەكان ناكاتەوە.. ئەمە رای ئیمامی شافیعی و ئەحمەدو یاوەرانیان و ئیبنو حەزمەو ئیمامی ئیبنو تەیمییەش ئەمەی پێ پەسەندترینە (المحلی/١٣٨/٢)، مجموع الفتاوی (٤٦٧/٢١).. بەڵگەیان خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ) التغابن/١٦ واتە: ئەوەندەی دەتوانن تەقوا زیاتربكەن.

هەروەها دەفەرموێ: (لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا) البقرة/٢٨٦ واتە: هەركەس بە گوێرەی توانای خۆی، خوای گەورە بەرپرسێتی دەخاتە سەرشان..

تەیەمموم لە جیاتی دەسنوێژە: هەرچی جائیز بێت بە دەسنوێژەوە بكرێت بە تەیەممومیشەوە جائیزە بكرێت، وەكو نوێژو تەوافی كەعبەو قورئان خوێندن و دەستدان لە قورئان و خواپەرستی تر.. ئەو حوكمە دەمێنێت تا تەیەممومەكە بەتاڵ دەبێتەوە..هەروەها دەكرێت بە تەیمموم نوێژی فەرزو سوننەتەكان بكرێن ئەگەر

تەیەمومەکە بۆ سوننەت کرابوو، دەشێت نوێژی فەرزیشی پێ بکرێت، هەروەها بە پێچەوانەوە.. ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی ئەهلی عیلمە..

ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: ئەم بۆچوونە راستترە، بەڵگەی زۆرتری قورئان و سوننەت لایەنگرێتی.

پێم و ایە هەر کەسێك تەیەممومی کردو نیەتی لابردنی بێ دەسنوێژی خۆی بوو، ئەوە حوکمی ئەوەیە کە دەسنوێژی هەیەو دەتوانێت هەموو ئەو خواپەرستیانە بکات کە بە دەسنوێژ دەیانکات..

ئەوی تەیەمموم دەکات بە نیەتی لابردنی حوکمی لەشگرانی، ئایا بە دەسنوێژ گرتن بۆی حسێبە؟!: لەسەر قەولی ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی شافیعی بەڵێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی پاك بوونەوە لە هەردووکیان یەکە، بە ئەنجامدانی یەکێکیان ئەوی تریش نامێنێت، وەکو خۆ پاکردنەوە لە میزو پیسایی.. هەروەها تەیەمموم لە جیاتی بەکارهێنانی ئاوە، کەوابوو حوکمی ئاویشی وەرگرتووە ئەوەش وەکو غوسڵ دەرکردنەکەیە کە دەسنوێژگرتنیشی پێ دادەمەزرێت..

چۆنیەتی تەیەممومی دروست: هەردوو لەپی دەست یەکجار بە صەعیدەکە دەکێشێت پاشان بەرزیان دەکاتەوەو فوویان لێ دەکات، ئینجا دەموچاوو دەستەکانی پێ مەسح دەکات، ئەمە مەزهەبی حەنبەلی و رای ئیبنو حەزمە، کە رای کۆمەڵێکی سەلەفەو ئیبنو تەیمییەش پێی پەسەندترینە.(المغنی(١/١٥٩)، المحلی (٢/١٤٦)، مجموع الفتاوی (٢١/٤٢٢).. بەڵگەشیان، فەرموودەکەی لای سەیدنا عەمماری کوڕی یاسرە خوا لێیان رازی بێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: (إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَصْنَعَ هَكَذَا فَضَرَبَ بِكَفِّهِ ضَرْبَةً عَلَى الْأَرْضِ ثُمَّ نَفَضَهَا ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفِّهِ بِكَفِّيهِ)بوخاری (٣٣٨)، موسلیم (٧٩٨) واتە:

هەر ئاوات بەس بوو، هەردوو دەستی دا بە زەویداو پاشان تەكاندی، ئینجا مەسحی دەموچاوو دەستەكانی پێ كرد..

بەتاڵ بوونەوەی تەیەمموم: هەرچی شتێك دەسنوێژ بشكێنێت تەیەممویش بەتاڵ دەكاتەوە.. ئەمە بەڵگەنەویستێكە پێچەوانەی لە ناو ئەهلی ئیسلامدا نیە..

## باسی دەیەم
## حەیزو زەیستانی

ئەمە باسێكی شەرعی و كۆمەڵایەتیە، كە پیاوان تێیدا زۆر بێ ئاگان و ژنانیش تێیدا راڕان، شەرعناسانیش جۆرەها رایان لەسەر حاڵەتەكانی هەیە چونكە حاڵەتەكانی زۆرەو زۆر بێ یاساشن.. لەبەر ئەوەی رژانی خوێنی حەیز پەیوەندی بە پارسەنگی دەروونەوە هەیە، ئەویشە كاریگەریی لەسەر پارسەنگی یان لاسەنگی هۆرمۆنەكانی ئەم خوێنەوە هەیە.. جاری وا هەیە، ئافرەتێك سوڕی مانگانەی دیارەو عادەتەن مانگی شەش رۆژ وای لێ دێت، بەڵام بە هۆی خەم و پەژارەیەكی كاتییەوە كاتەكانی هەمووی دەشێوێت، جگە لەوەی پاش و پێش دەكات، زیادوكەمیش دەبێت.. یەكێكی تر مێردی بە توندی لێی توڕە دەبێت، هەر ئەو ساتە دەكەوێتە حەیزەوە!! بۆیە زۆر پێویستە هەردوو توخمەكە، ئەوانەی هاوسەرێتییان كردووەو ئەوانەش كە نەیانكردووە، زانیاریەكی سەرەتاییان لەسەر باسەكانی حەیز هەبێت.. كچان پێویستیانە تا بزانن كە شوو دەكەن چۆن لەگەڵ مێردیان رەفتار دەكەن، كوڕان پێویستە بزانن، تا سەری لێ دەركەن و بزانن چۆن رەفتاری مێردانەی مەسئوول دەكەن، كوڕان زانیارییان كەمترە، چونكە ئەمە شتێك نیە ئەوان لە دایكیانەوە فێربووبن، ئەگەر خوشكیشیان هەبوو بێت، لەبەر شەرم و نەزانین و سروشتی خانەوادەیی كوردی، هیچ شتێك لەسەرحەیزلەوانەوە فێرنەبوون و نابن، سروشتی ئەم باسەش وا نیە خەڵك زۆر رووی بێت دەربارەی بپرسێت، بۆیە جاری وا هەیە

خاوەن پرسیارێك رووی نایات لە مەلای گەنجیش بپرسێت، كە پرسیارلێ كردنی مەلا دەربارەی هەموو شتێكی ژیان واجبە! بە هەرحاڵ بێینە سەرباسەكە:

ئەو خوێنە سروشتیەی لە ئافرەت دێتە دەرێ سێ جۆرە:

١- خوێنی حەیز(سوڕی مانگانە).

٢- خوێنی زەیستانی (نیفاس).

٣- خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە).

## یەكەم: خوێنی حەیز

حەیز: (الحَيض) حەیز ووشەیەكی عەرەبیە و زاراوەی تریشی بۆ دانراوە وەك: (الطَمْث، العِراك، الضَّحِك، الإكْبار) ابو اسحق الشيرازي: المهذب (٣٤١/١)

<u>خوێنی حەیز:</u> خوێنێكی رەشی خەستە، بۆنی ناخۆشە، لە جێگایەكی دیاری كراوی ئافرەت و لە كاتێكی دیاری كراودا دێتە دەرەوە.

حەیز شتێكە وەكو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (هَذَا شَىْءٌ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَى بَنَاتِ آدَمَ) بوخاری (٢٩٤) موسلیم (١٢١١) واتە: ئەمە شتێكە خوای گەورە لەسەركچانی ئادەمی نوسیوە..

خوێنی حەیز سنوری زۆری و كەمی نیە، بە پێی داب و عادەتی مانگانەی ئافرەتەكان دەناسرێتەوە، بە تایبەتی كە فەرموودەیەكی تایبەت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەسەلمێنراوە، ئەوە روون بكاتەوە كە زۆری برِو رادەی یان كەمی، یان زۆرو كەمی ماوەی چەندە.. هەرلەبەرئەوەشە ئەم باسە راجوێییەكی زۆری لەسەرە..

ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: ئەوانەی كە دەفەرموون زۆرینەی ماوەی حەیز پازدە رۆژەو كەمییەكەی یەك رۆژە وەكو ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد دەفەرموون، یان ئەوانەی دەفەرموون ماوەی دیاری كراوی نیە وەكو ئیمامی مالیك، هەموویان هەر دەفەرموون حوكمێكی سەلمێنراومان لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێ نەگەیشتووە، بۆیە دەبێت ئیعتیماد بكرێتە سەر داب و نەریت و عادەتی كۆمەڵگەكە.. مجموع الفتاوی (٦٢٣/٢١)، المحلی (١٩١/٢).

<u>هاتن و كۆتایی حەیز:</u>

١- سەرەتای هاتنی حەیز ئەوكاتەیە كە دڵۆپە خوێنی رەش و خەست و بۆگەن لە كاتی سورِی مانگانەیدا دەردەكەوێت.

٢- كۆتایی حەیز ئەو كاتەیە كە خوێن و ئاوە زەردباوە لێڵەكەی كە پێیدا دێت وەستابێتەوە، ئەمەش بە دوو نیشانەدا دەزانرێت:

- ووشك بوونەوە: بۆ نموونە ئەگەر دەسرِێكی كاغەز یان پارچە قوماشێكی ووشك بخاتە سەرجێگاكەی هەربە ووشكی دەمێنێتەوە..

- هاتنی ئاوە سپیەكە: ئەو ئاوەی كە دوای تەواوبوونی خوێنی حەیز، لە رەحمەوە دێت. لە خزمەتكارەكەی عائیشەخانەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە كە دەیفەرموو: ئافرەتان لۆكەی تەرِی خۆیان بە شلەمەنی داوێن (كە زەردباو بوو) لە پارچە قوماشێكدا دەنارده خزمەت عائیشەخان تا رای خۆیان لەسەردەربرِێت، تا بزانن داخۆ نوێژەكانیان دەست پێ بكەنەوە یان نا، پێی دەفەرموون: پەلە مەكەن، تا ئەو كاتەی ئاوە سپیەكە دەبینن.. مەبەستی پاك بوونەوەیان بوو لە حەیز.. (دارمی (٢١٤/١)، و (بەیهیقی (٣٣٧/١).

حوكمى شله زەردباوو لێڵەكەى كە دواى پاكبوونەوە لە حەيز دێت: ئەمە ئاوێكى زەردباوە لە كێم و جەراعەتى برين دەچێت، ئەگەر ئافرەت ئەمەى لە دواى ووشك بوونەوەو پاك بوونەوەى لە حەيز بينى هيچ ئيعتيبارێكى بۆ دانانێت، نوێژو رۆژووى خۆى و كارى سەرجێى پياوەكەى دەكات..چونكە ئوم عەتييە خوا لێى رازى بێت دەگێڕێتەوە: (كُنَّا لَا نَعُدُّ الْكُدْرَةَ وَالصُّفْرَةَ بَعْدَ الطُّهْرِ شَيْئًا) ئەبوداوود (٣٠٧)، نەسائى (١٨٦/١) واتە: هيچ حسێبێكمان بۆ ئەو ئاوە زەردباوو لێڵەى دواى پاكبوونەوە نەدەكرد..

هەندێك بيرخستنەوە

١- ئەگەر ئافرەت لە حەيز پاك بووبۆوەو ئاوى دەست نەدەكەوت غوسڵى دەركات: تەيەمموم دەكات و لەگەڵ مێردى خۆى دەخەوێت.. ئەمە راى زۆرينەى شەرعناسانە..(مجموع الفتاوى (٦٢٥/٢١)، المحلى (١٧١/٢).

٢- ئەگەر خوێنى لە عادەتى خۆى زياتر بوو: بۆ نموونە مانگى شەش رۆژ دەكەوێتە حەيزەوە بەڵام ئەمجارە بوو بە حەوت يان هەشت رۆژ، ئەم ئافرەتە لە دوو حاڵەت بەدەرنيە:

يەكەم: خۆى خوێنى حەيزدەناسێت و لە خوێنى ترى جوێ دەكاتەوە: ئەمە تەماشاى جۆرى خوێنەكە دەكات: ئەگەر سروشت و رەنگ و بۆنى وەكو خوێنى حەيزبوو، بەوى حسێب دەكات، نوێژو رۆژوو كارى سەرجێى (جيماع) ناكات، ئەگەر خوێنەكەش خوێنى حەيزنەبوو، ئەوە خۆى دەشوات و نوێژو رۆژوو سەرجێى خۆى دەكات..

دووەم: خۆى خوێنى حەيزناناسێت و لە خوێنى ترى جوێ ناكاتەوە: زۆر ئافرەت هەيە وايە بە تايبەتى لە گەنجەكاندا، ئەم ئافرەتە لەم حاڵەتەيدا نوێژ و رۆژوو سەرجێى ناكات تا پاك دەبێتەوە، چونكە سنورى ئەوسەرى پاك بوونەوە ديارنيە..

٣- ئەگەرخوێنى حەيزى لە عادەتى خۆيدا دوو رۆژهات و رۆژێك وەستا، پاشان دواى دوو رۆژى تر هاتەوە وە هەروەها: ئەو رۆژانەى دەكەونە نێوان رۆژانى سورِى مانگانەوە هەر بە حەيز حسێبن، ئافرەت با لە خوێنيش پاك بێت، بەڵام هەر نابێت نوێژو رۆژوو سەرجێى بكات، تا ئەو كاتەى ئاوە سپيەكە دەبينيت..(ابن عثيمين: فتاوى المرأة (ل ٢٦).

٤- ئايا ئافرەتى دووگيان (حاميلە) دەكەوێتە حەيزەوە؟! زۆرينەى شەرعناسان فەرموويانە: نا، ئافرەتى حاميلە ناكەوێتە حەيزەوە، بەڵگەشيان فەرموودەكەى لاى ئەبو سەعيدى خودريية خوا لێى رازى بێت كە فەرمووى: (لَا تُوطَأُ حَامِلٌ حَتَّى تَضَعَ، وَلَا غَيْرُ حَامِلٍ حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً) ئەبو داوود (٢١٥٧) ئەحمەد (٦٢/٣) بە كۆى سەنەدەكان دەچێتە ئاستى حەسەن.. واتە: ئافرەتى حاميلە مارە ناكرێت تا حەملەكەى دانەنێت، غەيرى حاميلەش دواى ئەوەى جارێك دەكەوێتە حەيزەوە.شەرعناسان فەرموويانە: دانانى حەملەكە بۆتە نيشانەى پاك بوونەوەى رەحمى حاميلەكە، كەوابوو ئافرەتى حاميلە ناكەوێتە حەيزەوە..

بەڵام ئەگەرشتێكى وا رووبداو ژنە زانى كە ئەمە خوێنى حەيزە، بێ گومان دەبێت واز لە نوێژو رۆژوو سەرجێى خۆى بهێنێت تا پاك دەبێتەوە لێى.. ئەگەر زانيشى كە خوێنى حەيز نيە، ئەوە بە خوێنى بەردەوامى داوێنى حسێب دەكات، دەيشواتەوەو نوێژو رۆژوو سەرجێى خۆى دەكات..

### چى لە حەيزدارو زەيستان حەرامە؟!

<u>يەكەم: نوێژ كردن:</u> شەرعناسان لەسەر ئەوە كۆن كە ئافرەتى حەيزدارو زەيستان بە هيچ شێوەيەك نوێژى لەسەرنيە، نە فەرزى نە سوونەتى كە پاكيش بۆوە نوێژەكانى ناگێرِێتەوە..(المجموع (٣٥١/٢)، المحلى (١٧٥/٢).

موعاذة (ناوى ئافرەتێكە) دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: (سَأَلْتُ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا فَقَالَتْ: مَا بَالُ الْحَائِضِ تَقْضِي الصَّوْمَ، وَلَا تَقْضِي الصَّلَاةَ؟ فَقَالَتْ: أَحَرُورِيَّةٌ أَنْتِ؟ فَقُلْتُ: لَسْتُ بِحَرُورِيَّةٍ، وَلَكِنِّي أَسْأَلُ . فَقَالَتْ: كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ، فَنُؤَمَّرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ، وَلَا نُؤَمَّرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ ) بوخارى (٣٢١)، موسليم (٢٦٥) واتە: لە عائیشەخانم پرسى خوا لێى رازى بێت: ئەرێ بۆچى حەیزدار رۆژووەكانى دەگرێتەوەو نوێژەكانى ناكاتەوە؟! فەرمووى: چما تۆ حەرووریت؟ ووتم: نا حەرووری نیم، بەڵام هەر دەمەوێت پرسیار بكەم؟! فەرمووى: ئێمە كە ئەوەمان دەهاتە رێ فەرمانمان پێ دەكرا رۆژووەكانمان بگرینەوەو نوێژەكانمان نەكەینەوە. لە ریوایەتێكى تردا: (لە سەردەمى پێغەمبەرى خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكەوتینە حەیزەوە، فەرمانى واى پێ نەدەكردین یان نەماندەكردەوە) مەبەستى نوێژەكانە..

كورتە باسى پێویست

١- ئەگەر ئافرەتێك پێش عەسر كەوتە حەیزەوە كە هێشتا نوێژى نیوەڕۆى نەكردبوو، ئایا كە پاك بۆوە نوێژى نیوەڕۆكەى قەرزارەو دەبێت بیگێڕێتەوە؟!

بەڵێ، بە راى زۆرینەى شەرعناسان -جگە لە ئیمامى ئەبو حەنیفەو مالیك- قەرزارەو دەبێت بیگێڕێتەوە، بەو مەرجەى پاك بووبێت و ئەگەر بیكردایە فریاى ركاتێكى نوێژى نیوەرۆكەى بكەوتایە. چونكە خواى گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا) النساء/١٠٣ واتە: خواى گەورە بە گوێرەى كاتى دیارى كراو، نوێژى لەسەر فەرز كردوون.فەرزى ئەم كاتەش ئەو نوێژە بووە، كە نەیكردووە قەرزارى بووە. منیش پێم وایە دەبێ بیگێڕێتەوە.

٢- ئەگەر ئافرەتێك پێش عەسر لە حەیز پاك بۆوە نوێژى نیوەڕۆى نەكردبوو، بەڵام تا غوسڵى دەركرد كاتى نوێژى عەسر بەسەردا هات، ئایا نوێژى نیوەڕۆكەى قەرزارە؟! بەڵێ، ئەگەر پێش خۆرئاوا بوون لە حەیز یان لە زەیستانى پاك بۆوە دەبێت نوێژى

نیوەڕۆو عەسر پێكەوە بكات، ئەگەر پێش خۆر هەڵهاتنیش پاك بۆوە دەبێت نوێژی شێوان و خەوتنان (مەغریب و عیشا)ى بكات!

ئەمە پەسەندترە چونكە ئەنجامى توێژینەوەى ئیمامى ئیبنو تەیمییەیە كە دەفەرموێ: ئەمە ریوایەتى لاى سەیدنا عبدالرحمانى كوڕى عەوف و ئەبوهورەیرەو ئیبنو عەبباسە خوا لێیان رازى بێت، چونكە كاتەكە لە كاتى هەبوونى عوزردا -وەكو سەفەر- هاوبەشى نێوان هەردوو نوێژەكانە..(الفتاوى (٣٣٤/٢٣).

<u>دووەم: رۆژوو گرتن:</u> كۆڕاى شەرعناسان لەسەر ئەوەیە كە ئافرەتى حەیزدارو زەیستان رۆژوو ناگرێت، دواى رەمەزان كە پاك بۆوە دەیانگرێتەوە.. بەڵگەى ئەوەش فەرموودەكەى عائیشەخانە كە بە موعاذة ى فەرموو:(كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ، فَنُؤَمَّرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ، وَلَا نُؤَمَّرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ) (بوخارى/٣٢١) واتە: فەرمووى: ئێمە كە ئەوەمان دەهاتە رێ فەرمانمان پێ دەكرا رۆژووەكانمان بگرینەوەو نوێژەكانمان نەكەینەوە.

كورتەباسى تر:

١- ئەگەر حەیزدار پێش سپێدە پاك بۆوەو غوسڵى دەرنەكرد، ئایا بەڕۆژوو دەبێت؟! جمهورى شەرعناسان دەفەرموون: ئەگەر ئافرەتى حەیزدار پێش سپێدەى بەیانى پاك بۆوەو نییەتى هێنا سبەینێ بە ڕۆژوو بێت، رۆژووەكەى دروستە، چونكە دروستى و نادروستى رۆژوو لەسەر كردن و نەكردنى غوسڵ نەوەستاوە، رۆژوو وەكو نوێژ نیە كە بە بێ غوسڵ دەركردن نەشێت..(فتح البارى (١٩٢/١)

٢- ئەگەر حەیزدار پێش خۆرئاوابوون پاك بۆوە، ئایا بەڕۆژوو دەبێت؟! نا، ئەو كە لەسەرەتاى رۆژووەكەوە بەڕۆژوو نەبووەو رۆژەكە قەرزار بووە، دەتوانێت هەروا بێ رۆژوو بمێنێتەوە.. ناچار نیە رۆژوو لەو ساتە وەختەوە بگرێت.

<u>سێیەم: سەرجێی حەیزدارو زەیستان حەرامە:</u> سەرجێی (جیماع كردن) لەگەڵ حەیزدارو زەیستان بە كۆڕای هەموو شەرعناسان حەرامە.. چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ ۖ) البقرة/٢٢٢ واتە: ئەو ساتانەی ئافرەت لە حەیزدایە توخنیان مەكەون.. مەبەست لەوەیە كە كاری سەرجێییان لەگەڵدا مەكەن، ئەم لێكدانەوەیەش لە روون كردنەوەكەی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە كە دەفەرمووێ: (إصْنَعُوا كُلَّ شَئٍ إلَّا النِّكَاحَ) موسلیم (٣٠٢) واتە: هەموو شتێكیان لەگەڵدا بكەن جگە لە سەرجێی كردن.. شێخولئیسلام ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: بە كۆڕای شەرعناسان سەرجێی زەیستان وەكو سەرجێی حەیزدارەو لەگەڵ هەردووكیاندا حەرامە..

* هەر موسوڵمانێك پێی وا بێت كە سەرجێی ئافرەتێك كە لە حەیزدا بێ یان زەیستان بێت حەلاڵە، پێی كافر دەبێت وحوكمی لە دین هەڵگەڕاوەی دەكەوێتە بەسەردا.. بەڵام ئەگەر كەسێك ئەوكارەی كردو دەیزانی حەرامە، یان بیری چوو بوو، یان نەیدەزانی ئافرەتەكە لە حەیزدایە یان زەیستانە، یان نەیدەزانی سەرجێی كردنی حەرامە، یان ناچاركرابوو بیكات، گوناهبارنابێت وكەفارەتیشی ناكەوێتە سەر..

بەڵام هەركەسێك بە سەربەستی خۆی و بە ئەنقەست سەرجێی لەگەڵ ئافرەتێك كرد كە دەیزانی لە حەیزدایە یان زەیستانەو دەشیزانی ئەم كارە حەرامە، ئەوە تاوانێكی گەورەی لە جۆری كەبائیرەكان كردووەو دەبێت تۆبەی لێ بكات..(شرح صحيح مسلم (٣/٢٠٤).

ئایا ئەگەر جیماعی لەگەڵ حەیزدار یان زەیستان كرد كەفارەتی ناكەوێتە سەر؟! هەر كەسێك لە كاتی حەیزو زەیستانییدا چووە لای ئافرەتێك گوناحی گەورەی كردووە، كەفارەتی لەسەر نیە.. جمهوری پێشەوای چوار مەزهەبەكە جگە لە (ئیمامی ئەحمەد) دەفەرموون: هیچی غەیری تۆبە كردنەكە لەسەرنیە..

- سنووری دەسبازی ژن و مێرد لە کاتی حەیزو زەیستانیدا

(جگە لە عەورەت و دەرچەی کۆم) هیچ ئیشکالێکی نیەو پیاو دەتوانێت ئارەزووی خۆی لێ بشکێنێت: ئەوەش رای ئیمامی ئەحمەدو کۆمەڵێك شەرعناسی ترە، ئەمان کە لە جیماع کردنەکەیدا دەفەرموون کەفارەتی لەسەر نیە، بێ گومان لە چێژ وەرگرتن لەو مەسافەدا ئاسانکارترن.. ووردبوونەوە لە بەڵگەی ئەمان دەسەلمێنێت کە لە بەڵگەی بەرامبەرەکانیان بەهێزترە، لەوانە ئەو وەسفەی کە بۆ پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە: (كَانَ إِذَا أَرَادَ مِنْ الحَائِضِ شَيئَاً أَلْقَى عَلَى فَرْجِهَا ثَوبَاً) ئەبو داوود (٢٧٢) سەنەدەکەی سەحیحە.. واتە: ئەگەر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیویستایە لەگەڵ خێزانێکیدا کە لە حەیزدا بوایە شتێك بکات، قوماشێکی بەسەر عەورەتیدا دەدا..ئەمە وەکو ئەوەیە کە ژنە دەرپێیەك لە پێکا..

هەروەها لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بانگەوازو فەتوادان و ڕێنمایی سعودیەدا (اللجنة الدائمة للدعوة والافتاء والارشاد ٣٩٥/٥) هاتووە: حەرامە بۆ پیاو سەرجێی لەگەڵ خێزانیدا لە پێشەوە بکات لە کاتی حەیزیدا، لە غەیری ئەو جێیە بۆی هەیە خۆی رەحەت کات..

پێم وایە پیاو بۆی هەیە هەموو چێژێك لە خێزانی خۆی لەو کاتانەدا کە لە حەیزو زەیستانییدایە وەرگرێت، بەو مەرجەی بە زەکەری توخنی کونی پاش و پێشی نەکەوێت.. والله اعلم.

مێرد بۆی نیە سەرجێی لەگەڵ خێزانیدا بکات پێش دەردەکردنی غوسڵی حەیزی: ئەگەر ئافرەتە پاك بۆوە، بەڵام هێشتا غوسڵی دەرنەکردبوو، بۆ پیاوەکەی جائیز نیە سەرجێی لەگەڵدا بکات..چونکە خوای گەورە دەفەرموێ(وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ)

البقرة/٢٢٢ واتە: توخنی ژنەكانتان مەكەونەوە كە لە حەیزدا بوون تا ئەو ساتەی پاك دەبنەوە، كە پاك بوونەوە، وا بچنە لایان كە خوای گەورە فەرمانی پێ كردوون، خوای گەورە تۆبەكاران و پاكژەوانانی خۆش دەوێت..

موجاهید دەفەرموێ: ئافرەتان دوو جۆر پاكژییان هەیە:

- یەكەمیان: ئەوەیە كە خوای گەورە دەفەرموێ: (حَتَّىَ يَطْهُرْنَ) واتە: تا پاك دەبنەوە. یەعنی تا خۆیان دەشۆن، تا ئەو كاتەش بۆ مێردەكانیان جائیز نیە سەرجێییان لەگەڵدا بكەن..

- دووەمیان: (فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ) وا بچنە لایان كە خوای گەورە فەرمانی چۆنیەتیەكەی پێ كردوون، كە بریتیە لە چوونە لای لە پێشەوە، لە شوێنی خوێنیەوە..هەركەسێك بەم چۆنیەتەی نەكرد ئەوە نە لە ریزی تۆبەكاراندایە و نە لە ریزی پاكژەواناندایە..

ئەگەر پیاوێك ژنەكەی ئەهلی كیتاب بێت، ئایا ناچاری غوسڵ دەكرێت؟! بەڵێ، چونكە بە پێی ئایەتەكە نابێت مێردە موسوڵمانەكەی توخنی كەوێت تا غوسڵ دەردەكات..چونكە ئایەتەكە جیاوازی نەخستۆتە نێوان ئافرەتی موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان..( تفسیر الطبری (٣/ ٩٠).

ئەو ئافرەتەی پیاوەكەی زۆری لێ دەكات تا لە حەیزدا سەرجێیی لەگەڵدا بكات، پێویستە خۆی تەسلیم نەكات، بەڵام ئەگەر هەر ناچاری كرد، گوناحبار نابێت.. كابراش تووشی كەبیرە دەبێت، پێویستە تۆبەی لێ بكات..

<u>چوارەم: تەوافی كەعبە:</u> لەوانەی لە حەیزدار قەدەغەیە، تەوافی كەعبەیە ئەمەش بە كۆڕای شەرعناسانە. چونكە عائیشەخان كە لە كاتی حەج كردنیدا كەوتە حەیزەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرمووە: (افْعَلِي مَا يَفْعَلُ الْحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لَا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي) (بوخاری/ ١٦٥٠) واتە: هەرچی حاجی دەیكات

تۆش بيكه بەڵام تەواف مەكە تا پاك دەبيتەوە.. لە باسى حەجدا ان شاء الله زياتر ئەمە روون دەكرێتەوە..

چى بۆ حەيزدار جائيزە؟

١- زيكرى خواى گەورەو قورئان خوێندن: پێشتر باس كرا كە حەيزدارو زەيستان بۆيان هەيە زيكرى خواى گەورە بكەن و قورئانيش بخوێنن.

كەوابوو قورئان خوێندنى ئافرەت لە كاتى حەيزيدا جائيزە.

٢- سوجدە بردن كە ئايەتى سوجدەى گوێ لێبوو: هيچ بەڵگەيەك لەبەردەستدا نيە كە رێ لە ئافرەتى حەيزدار بگرێت بۆ سوجدە بردنى بۆ خوا لەو كاتانەدا كە گوێى لە ئايەتەكانى سوجدە دەبێت، چونكە سوجدە بردن بە نوێژ حسێب ناكرێت و پاكژيى مەرجى سوجدە بردن نيە..

٣- قورئان هەڵگرتن: هيچ بەڵگەيەكى وامان نيە كە رێ لە حەيزدار بگرێت كە دەست لە قورئان بدات، هەرچەندە زۆرينەى شەرعناسان رايان وايە كە بێ دەسنوێژ دەتوانێت دەستى لێ بدات بەڵام كاتێك لە حەيزدايە، ناتوانێت..

٤- كابرا سەرى لەسەر رانى ژنەكەيەتى كە لە حەيزدايەو قورئانيش دەخوێنێت: بەڵگە ريوايەتەكەى خاتوو عائيشەخانيە كە فەرمووى: (كَانَ النَّبِيُّ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَرَأْسُهُ فِي حِجْرِي وأنَا حَائِضٌ)موسليم (٢٤٦) واتە: پێغەمبەرى خوا سەرى لەسەر كۆشم بوو، قورئانى دەخوێندو منيش لە حەيزدا بووم..

٥- ئامادەبوونى نوێژى جەژنەكان: پێغەمبەرى خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەموو ئافرەتانى هان دەدا ئامادەى نوێژى جەژنەكان بن و دەيفەرموو: با كچانى پێگەيشتوو

و ژنی به مێردو حەیزدارانیش ئامادە بن، با بەشداری خێرات و دوعای موسوڵمانان ببن، بەڵام با حەیزدارەكان لە نوێژگاكە كەنارگیر بن..

٦- چوونە مزگەوت: لە باسی غوسڵدا راجوێیی شەرعناسانمان لەسەر ئەم مەسەلەیە هێنایەوەو، ووتیشمان بەڵگەیەكی ئاشكراو راشكاوی وا نیە رێی چوونە مزگەوت و مانەوە لە لەشگران و حەیزدار بگرێت..

٧- تێكەڵاوی مێردو ژنی حەیزدار: خواردن و دانیشتن و تێكەڵاوی مێردو ژنی حەیزدار، ئەمانەو هاوشێوەیان هەمووی رەفتاری سروشتییەو حوكمیان شیاوێتی پێكەوەبوونە.. عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: لە حەیزدا بووم، ئاوم بە دەفرێك دەخواردەوەو دەمدایە دەست پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەویش دەمی دەنا بە شوێنی دەمی منەوەو ئاوەكەی دەخواردەوە.. لە حەیزدابووم كە قەپاڵم لە پارچە گۆشتێك دەگرت و دەمدایە دەست پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەویش گازی لەو شوێنە دەگرت كە من دەمم پێوە نابوو..

٨- خزمەتكردنی مێردی: ئەو فەرموودەیەمان هێنایەوە كە عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەیفەرموو: (كُنْتُ أُرَجِّلُ رَأْسَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَنَا حَائِضٌ) بوخاری/٢٩٥ واتە: لەو كاتانەی لە حەیزدابووم سەری پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شانە دەكرد..

٩- حەیزدارو مێردەكەی لەسەر پێخەفێك دەخەون و دەچنە ژێر پۆشاكێكەوە: ئوم سەلەمەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (بَيْنَا أَنَا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُضْطَجِعَةٌ فِي خَمِيصَةٍ إِذْ حِضْتُ فَانْسَلَلْتُ فَأَخَذْتُ ثِيَابَ حِيضَتِي قَالَ أَنُفِسْتِ قُلْتُ نَعَمْ فَدَعَانِي فَاضْطَجَعْتُ مَعَهُ فِي الْخَمِيلَةِ) بوخاری (٢٩٨)، موسلیم (٢٩٦) واتە: لەو كاتەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا لە ژێر خەمیسەیەكدا (جاجمێكی خوری رەشە) راكشابووم، كەوتمە حەیزەوە، بە هێواشی لەژێر خەمیسەكە هاتمە دەرێ و

جلوبەرگەكانی تایبەت بە كاتی حەیزی خۆم كۆكردەوە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: كەوتیتە حەیزەوە؟!ووتم: بەڵێ، بانگی كردمەوە، ئیتر چوومەوە ژێر لێفەكە..

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: بەڵگەی ئەوەیە كە راكشان و خەوتن لەگەڵ حەیزداردا لە ژێریەك لێفەدا جائیزە..شرح مسلم (١/٩٥٤).

* *

دووەم: خوێنی زەیستانی

زەیستان: ئەو ئافرەتەیە كە منداڵی بووە.

<u>خوێنی زەیستانی:</u> بە پێناسەی مەزهەبی حەنەفی و شافیعی: ئەو خوێنەیە كە لە دوای منداڵ بوون لە پێشی ئافرەت دێت.. بەڵام بە پێناسەی مەزهەبی حەنبەلی: ئەو خوێنەیە بە هۆی منداڵبوونەوە لە پێشی ئافرەت دێت.. بە پێی مەزهەبی مالیكی، ئەو خوێنەیە كە هاوكات یان دوای لە دایكبوونی منداڵەكە لە پێشی ئافرەت دێتە دەرەوە .

١- كاتی زەیستانی:

- زەیستانیش وەكو حەیزكاتی دیاری كراوی نیە:

رای شەرعناسان لەسەر ئەوە كۆیە كە هەر كاتێك زەیستان هەستی بە پاك بوونەوەی كرد، ئەگەر چی بە رۆژێك پێش چلەشی بێت، دەبێت غوسڵ دەركات و نوێژو رۆژوو سەرجێیی خۆی بكات..

كۆتا ماوەیەك كە زەیستان بۆ پاك بوونەوەی چاوەڕوانی دەكات، چل رۆژە، لەبەر ئەمەشە كوردەواری بەو ماوەیان ووتووە چلە.. كە چلەی چوو ئیتر غوسڵ دەردەكات و نوێژو رۆژوو سەرجێیی خۆی ئاسایی دەكاتەوە.. بەڵگەی ئەمە ئەو فەرموودەیەی لای ئوم سەلەمە خانە كە دەفەرموێ: (كَانَتْ النُّفَسَاءُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَقْعُدُ بَعْدَ نِفَاسِهَا أرْبَعينَ يَومَاً أو أرْبَعينَ لَيلَةً) (ئەبو داوود (٣٠٧)، ترمذي (١٣٩) واتە: زەیستانان لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ماوەی چل رۆژیان چل شەو چاوەڕێی پاك بوونەوەیان دەكرد..

٢- حوكمی زەیستانی وەكو حوكمی حەیزە:

رای شەرعناسان لەسەر ئەوەش كۆیە كە لە هەموو روویەكەوە حوكمی شەرعی زەیستانی وەكو حوكمی شەرعی حەیزە، لە هەرچی حەڵاڵە یان حەرام، جائیزە یان مەكرووهە..

* *

## سێهەم: خوێنی جاری داوێن (الإسْتِحَاضه)

١- خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە): بریتیە لە بەردەوام لێ ڕۆیشتنی خوێن لە عەورەتی ئافرەتەوە جگە لە خوێنی حەیزو زەیستانی.. پێی ووتراوە جاری یەعنی بەردەوام، چونکە هەروا بەردەوام دەبێت تا خاوەنەکەی چاك دەبێتەوە.. دەشێت ئەم جۆرە خوێنە لەگەڵ حەیزو زەیستانیەکەدا بێت یان لەوان جودا.. ئەمە خوێنێکی سروشتی یان عادەتی هەموو ئافرەتان نیە، بەڵکو بە هۆی حاڵەتێکی پشێوی هۆرمۆنەکانەوەیە..

ئەمە هەر ئەوەیە کە شەرعناسانی کۆن لە پێناسەیدا فەرموویانە: (إِنَّمَا هو عِرْقٌ) واتە: نەزیفەو بە هۆی دەمارێکەوەیە.

٢- حوکمی شەرعی خوێنی جاری داوێن: کۆڕای شەرعناسانی لەسەرە کە پاکەورێ لە نوێژوو ڕۆژوو سەرجێیی ناگرێت..

٣- کاتەکانی خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە):

- ئەگەر لە کاتێکی غەیری کاتی حەیزو زەیستانیدا هات: ئەوە ئاساییەو حوکمە شەرعیەکەی وەکو حوکمی شەرعی مەزییە کە لە زەکەری پیاو دێتە دەرەوە، پیسەو شتنی دەوێت، نەك غوسڵ دەرکردن.

- ئەگەر کاتی دەرکەوتنەکەی لەگەڵ کاتی حەیز یان زەیستانیدا تێکەڵ بوو: ئافرەت لەم دۆخەیدا لە چوار حاڵەت بەدەر نیە:

* سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی دەزانێت و دەزانێت چەند ڕۆژی پێ دەچێت: ئەمە بە قەدەر ئەو ڕۆژانە چاوەڕوان دەکات، کە تەواو بوو خۆی بە پاك حسێب دەکات، پاشان غوسڵ دەردەکات و دەکەوێتەوە نوێژو ڕۆژوو سەرجێیی خۆی، هەر خوێنێکی لەوە زیاتر بینی بە جاری داوێنی حسێب دەکات، نەك بە حەیز.. بەڵگەی ئەمە

فەرموودەی سەحیحی لای عائیشەخانە خوا لێی رازی بێت کە دەگێڕێتەوە: (إِنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ سَأَلَتْ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الدَّمِ فَقَالَتْ عَائِشَةُ فَرَأَيْتُ مِرْكَنَهَا مَلْآنَ دَمًا فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي) ئەبو داوود (٢٧٩)، نەسائی (١١٩/١) واتە: ئوم حەبیبە خوا لێی رازی بێت پرسیاری خوێنی لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد: پێخەفەکەیم بینی پڕ بووە لە خوێن! پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەقەدەر ئەو رۆژانەی حەیزی پێشووت چاوەڕوان کەوپاشان غوسڵت دەرکەو نوێژی خۆت بکە..

* یان سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی نازانێت، بەڵام خوێنی حەیز لە جۆری تر جیا دەکاتەوە ئەمە هەر کە دڵنیابوو خوێنی حەیزی وەستاوەتەوە، غوسڵی خۆی دەردەکات و نوێژی خۆی دەست پێ دەکاتەوەو ئەو خوێنە زیادەی تر کە دەیبینیت و دەیناسێتەوە کە خوێنی حەیز نیە، بە خوێنی جاری داوێن حسێب دەکات..

* یان یەکەمجارە سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی دەبینێت و خوێنی حەیز لە جۆری تر جیا ناکاتەوە: حوکمی ئەمە ئەوەیە کە بە ئافرەتانی تر قیاس بکرێت، بە تایبەتی خزمانی خۆی، ئەگەر ئەوان لە مانگێکدا بە شێوەیەکی گشتی شەش بۆ حەوت رۆژ دەکەونە حەیزەوە، ئەوا ئەمیش ئەوەندە حسێب دەکات و باقیەکەی تری خۆی بە پاك دادەنێت، غوسڵی خۆی دەردەکات و دەکەوێتەوە نوێژەکانی.. بەڵگەی ئەمیشیان ئەو فەرموودەیە کە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ریوایەت کراوە کە فاتیمەی کچی جەحش خوا لێی رازی بێت هاتە خزمەتی و سکاڵای زۆری خوێنی جاری داوێنی خۆی کرد پێی فەرموو: (..إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ، قَالَ: فَتَحِيضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةً فِي عِلْمِ اللَّهِ ثُمَّ اغْتَسِلِي حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكَ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَيْقَنْتِ فَصَلِّي أَرْبَعَةً وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي، فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِيكِ، وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَيَطْهُرْنَ لِمِيقَاتِ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ..) شێخی ئەلبانی لە ارواء الغليل (٢٠٥) دا بە حەسەنی ناساندووە واتە: ئەوە لە تین و فشاری

شەیتانە، هەر کە هات تۆ شەش رۆژ یان حەوت شەوی لێ حسێب کە، پاشان غوسڵت دەرکەو کە دڵنیابوویت، بیست و چوار شەو حسێب کە، کە نوێژو رۆژووی خۆتی تێدا دەکەیت، ئەوەندەشت بەسە، ئیتر هەموو مانگێك هەروا بکە هەروەکو کە ئافرەتان دەکەونە حەیزەوەو پاك دەبنەوە، بۆحەیزو پاکی خۆیان وا دەکەن.

* یان ئافرەتە رادەو بڕی سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی بیرچۆتەوە و خوێنی حەیز لە خوێنی جاری داوێن جیا ناکاتەوە: شەرعناسان لە حوکمی ئەمەدا را جوێن، پەسەندترینیان ئەوەیە کە دەفەرموون: حوکمی وەکو حوکمی ئەو ئافرەتەیە کە یەکەم جارێتی و تازە دەکەوێتە حەیزەوەو جۆری خوێنەکان لێك ناکاتەوە. قیاسی لەسەرئافرەتانی دەوروبەری بۆ دەکرێت..

٤- ئەحکامەکانی خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە):

أ- ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە، وەکو ئافرەتی تر پاکەو هیچ حوکمێکی حەیزدارو زەیستانی بەسەردا نادرێت، وەك لێ حەرام کردن ورێ نەدان..

ب- ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە، بە کۆڕای شەرعناسان وەکو ئافرەتی تر پاکەو نوێژو رۆژووی خۆی دەکات و قورئان دەخوێنێت و هەڵیدەگرێت و سوجدەی تیلاوەت و سوپاسکردن (شوکر) دەبات..

ج- ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە، مەرج نیە بۆ هەموو نوێژێك دەسنوێژی نوێ بگرێتەوە، مادام دەسنوێژی بە هۆکاری تر نەشکا بێت. چونکە وا پێناچێت ئەو حوکمانەی لەسەر دەسنوێژ گرتنی بۆ هەموو نوێژێك هاتووە بەهێز بن وحوکمی شەرعییان پێ دەرکرێت.. بەڵام بۆ ئەوەی لە راجوێیی و جیدالی دەرچێت، باشتروایە کە بۆ هەر نوێژێك دەسنوێژ بگرێتەوە..خۆئوم حەبیبەخان خوا لێی رازی بێت خوێنی جاری داوێنی هەبووەو لە ماڵی پێغەمبەری نازداردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووەو وەکو عائیشەخان دەگێڕێتەوە: حەوت ساڵ بۆ هەر نوێژێك غوسڵێکی دەرکردووە: (أَنَّ أُمَّ

حَبِيبَةَ اسْتُحِيضَتْ سَبْعَ سِنِينَ.. فَكَانَتْ تَغْتَسِلُ لِكُلِّ صَلَاةٍ) موسلیم (٢٦٢)! بەڵام ووتمان ئەمە فەرمانێك نیەو بەسەر ئەو ئافرەتانەدا درا بێت كە خوێنی جاری داوێنێیان هەیە..

د- زۆرینەی شەرعناسان فەرموویانە ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە، مێردەكەی دەتوانێت لە غەیری كاتی حەیزو نیفاسیدا سەرجێی لەگەڵدا بكات، با خوێنی داوێنیشی بەردەوام بێت..

هـ- ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە بۆ ئیعتیكاف بێت یان بۆ غەیری ئیعتیكاف دەتوانێت لە مزگەوتدا بمێنێتەوە.